# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٢)- (١٢)ی ئەیلوول ٢٠٢٢

# شۆڕشی ئەیلوول

## بڵێسەی گڕگرتووی ئیرادەی نەتەوەیەك بۆ گێڕانەوەی ئازادی

چەمکی "شۆڕش" لەناو هەر دوو ڕەهەندە فەلسەفی و ئایینییەکەی بە مانای "گێڕانەوەی ئازادی" دێت

دامرکاندنەوەی شۆڕش لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و هەق هێز دروست دەکات و، هێز و توندوتیژی هەق دروست ناکات

شۆڕش یەکجار بۆ گێڕانەوەی ئازادیی نەتەوە هەڵدەگیرسێت و درێژەی دەبێت






# کۆنگرەی دەیەم

## ٣٣

کۆنگرەی دەیەمی پارتیمان لە نێوان ڕۆژانی ٢ بۆ ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩دا لە گوندی هاشماوا بەسترا، لە کۆنگرەکەدا سێ سەد و سی و دوو نوێنەر بەشدار بوون.

لە کۆنگرەی دەیەمدا ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە ماددەی ٥ی پرۆگرامی پارتیدا کرا و وشەی مارکسی- لینینی لادرا و بەگشتی دەستکاری لەم ماددەیەدا کرا.

بابەتی گرینگ و جێی بایەخ لەوەدا بوو کە ئەم گۆڕانکارییە بەر لە هەرەسهێنان و ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و دەسەڵاتداریەتیی حزبی شیوعی لەو وڵاتە بوو، کە ئەمەش خوێندنەوە و پێشبینیی درووستی پارتیی نیشان دا بۆ گۆڕانکاری و پێشهاتە تازەکان. هەروەها دەستکاری و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سەرۆکی پارتیدا کرا، چونکە پێشتر دەسەڵاتی سەرۆک بەپێی پەیڕەو لەگەڵ سکرتێردا بەش کرابوو، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا پۆستی سکرتێر نەما و لە شوێنی سکرتێر، جێگری سەرۆک هەڵبژێردرا کە دەسەڵاتەکانی لەلایەن سەرۆکەوە دیاری دەکرێت. ئەو گۆڕانکارییانەی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو پێشنیاز کرابوون پێشکەشی کۆنگرە کران و کۆنگرەش پەسەندی کردن.

بەپێی بارودۆخی سەردەم و خەباتی سەردەمیانە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پەیڕەو و پرۆگرامدا کرا، بەشێوەیەک لەگەڵ قۆناغی نوێی خەباتی گەلی کورد و ناوچەکە و جیهاندا بگونجێت، چونکە کۆنگرە لە بارودۆخێکدا بەسترا کە ناوچەکە و کوردستان و گەلی کورد بە قۆناغێکی هەستیار و مەترسیداردا دەرباز دەبوو، کارەساتی ئەنفال بەسەر گەلی کورددا هاتبوو، ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتییانی کوردستان ئاوارەی ئێران و تورکیا و هەندەران ببوون، شەڕی عێراق و ئێران کۆتایی هاتبوو و... هتد.



حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

حكومة اقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين- اربيل
مكتب رئيس الجامعة

Kurdistan Regional Government - Iraq
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
**Salahaddin University- Erbil**
Office of President

No: / ژمارە: ٩٥٧٢ - ١ - ١
Date: / ڕێکەوت: ٢٠٢٢ - ٨ - ٢١

بۆ / گۆڤاری گوڵان
ب/ سوپاس و پێزانین

ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، بەرانبەر پێشکەشکردنی (٢٠) دانە لە کتێب بە زانکۆمان بە ناونیشانی (بەیەکەوە ژیان لە کوردستان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. هیوادارین ئەم پەرتووکە جێگەیەکی شایستە لە پەرتووکخانەی کوردی بگرێتەوە و بەرهەمی دەوڵەمەندتری بە دواوە بێت.

پ.ی.د.کامران یونس محمدامین
سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

وێنەیەک بۆ//
- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ لەگەڵ بەراییەکان
- دەرچوو

Web-Site: www.su.edu.krd
E-Mail: p.office@su.edu.krd

# سوپاسنامەی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گۆڤاری (گوڵان)




بەبۆنەی چاپکردنی کتێبی (بەیەکەوە ژیان لە کوردستان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە لایەن گۆڤاری گوڵانەوە ، سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین نووسراوێکی بۆ گۆڤاری(گوڵان) ناردووە، تێیدا سوپاسی دەکات کە(٢٠) دانەیان لەو کتێبە بە هەردوو زمان بەدەست گەیشتووە.




دکتۆر یوسف بەرزنجی :



## ٢٨ پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە لە هەولێر دامەزراون

عەبدولڕەحمان خانی :




## ئەمساڵ ٦ بەنداو تەواو دەکرێت و ٩ بەنداوی گەورە و مامناوەندیش لە پلاندایە

کریستۆفەر فێتەویس :



## ئامانجێکی مانادار لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا بەدی ناکرێت

زەیدوون ئەل کینانی :



## پێویستە پێداچوونەوە بە تێکڕای سیستمی سیاسیی عێراقدا بکرێت




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

لیوا هێرش ئەحمەد محەمەد :

مامەڵەی کارتی
نیشتمانی و نشینگە
بە ڕێگەی ئیمێڵ دەکرێت



سارا عوسمان :

لەدەستدانی بەشێک لە جەستە،
ژیان ڕاناگرێت و مرۆڤ دەبێت
هەمیشە بەهێز بێت
بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی
ناخۆشییەکان ببێتەوە



ڤاکسینی ئەنفلوەنزا ئەگەری
نۆرەی دڵ کەم دەکاتەوە



تاڤان نەسرەدین :

خەریکی خۆئامادەکردنم
بۆ پاڵەوانێتی عێراق



تەبلێتێکی پتەو و بەهێز
لە سامسۆنگەوە



هەشتەمین دیداری شانۆی
کوردیی یۆتۆبۆری لە وڵاتی
سوید بەڕێوەچوو






# سەرۆک بارزانی لە ڕیفراندۆمدا ڕۆڵی زۆر گەورە و پیرۆز بوو

## یەکڕیزی و تەبایی لە نێوان حزب و پێکهاتەکان دروست کرد



دکتۆر محەمەد خورشید

بەرپرسی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوک

بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕاپرسی، یان ڕیفراندۆم، بابەتێکی گرنگە لە یاسا و دەستووری زۆربەی وڵاتاندا جێگیر کراوە، ئەم پرسە لای زۆربەی گەلانی جیهان بەشێکی گرنگە لە بەشداریکردنیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەتایبەتی لەو بڕیارانەی کە لەسەریان دەچەسپێت چ لە ناوخۆی وڵات، یان دەرەوەی وڵات، مافی چارەی خۆنووسین(self-determination) بە یەکێك لە بیروباوەڕ و بنەما سەرەکییەکانی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت، لەوێشەوە ئەو مافەی بە گەلانی جیهان دراوە کە بڕیار لەو بڕیارانە بدەن کە بە سەریاندا دەچەسپێت، تاوەکو لە داهاتوودا لە چۆنێتیی خۆبەڕێوەبردنیاندا وەکو مافێکی سەرەکی لە مافەکانی مرۆڤ و نەتەوەکان بێبەش نەبن و بڕیار لە چارەنووسی سیاسی، یان ئابووری لە ناو سیستەمی سیاسیی ئەو دەوڵەتەدا بدەن، کە تێیدا دەژین، ئەم بابەتانەش هەموویان بەستراونەتەوە بە ڕیفراندۆمەوە.

ڕیفراندۆم تەنیا لەناو ناوچە، یان لە بارەی بابەتێکی گەورە و چارەنووسسازدا جێبەجێ ناکرێت، زۆرجار لەسەر بابەتی بچووك و هەستیاریش ڕاپرسی دەکرێت و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە، وەکو ئەوەی لە هەرێمەکانی سویسرا لەسەر زۆر مەسەلەی بچووکیش تا ئێستاش جێبەجێی دەکەن، بۆ گەلی کوردیش ڕیفراندۆم بابەتێکی چارەنووسسازە، بەتایبەتی کە ئەم هەموو کۆمەڵکوژی و وێرانی و کاولکارییەی بەسەردا هاتووە و گوندەکانی وێران کراون و کیمیاباران و ئەنفال و تەرحیل و تەعریبی بەسەردا جێبەجێ کراوە، وەك: ئەنفالی بارزانی و فەیلییەکان و قۆناغەکانی دیکەی ئەنفال، دوای ئەو بارودۆخەی کە بەسەر گەلی کورد هات لە خەبات و بەشداری لە شەڕ لە جیهاندا، بەتایبەتی لە مەسەلەی هێرشی داعش کە شەهید و قوربانییەکی زۆری داوە و ڕۆڵی کوردی لە خەبات دژی شەڕ لە جیهاندا بەرز کردەوە و پارێزگاریی لە ئاشتیی جیهانی کرد، کە هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی توانیی هێرشی تیرۆرستانی داعشی تێك بشکێنێت و ناو و ناوبانگی گەورەشی لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان پەیدا کرد، ئەمە بووە سیمبولی پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا. لەم ڕوانگەیەوە لەو قۆناغەدا کورد و کوردستانییان زۆر پێویستیان بەوە هەبوو چ لە ڕووی مێژوو و قوربانیدانەوە بێت، یان لە ڕووی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتن، چیتر مافەکانی گەلی کوردستان پێشێل نەکرێت و دەنگی بەجیهان بگات، چونکە لەسەر دەستی مسعود بارزانی-ی مەرجەعی کورد و، هێزی پێشمەرگە و قوربانیدانی گەلی کوردستان، ڕیفراندۆم بوو بە ئەو وەسیلەیەی کە دەنگی کورد بە هەموو جیهان بگەیەنێت. ڕیفراندۆم لەم قۆناغەدا تاکە وەسیلە بوو بۆ ئەوەی دەنگی کورد بە جیهانی پێشکەوتوو کۆمەڵگە ئازادەکان بگەیەنێت، تاوەکو چیتر لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی و ئازاردان لە سیستەمی نوێی جیهانیدا پارێزراو بێت، هەڵبژاردنی ئەو بەروارە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم زۆر گرنگ بوو، چونکە لە دوای ئەو کاتە ئەو خیانەت و ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر کورد هات، ڕەنگە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی قورس بکردایە، یان ناوچە داگیرکراوەکانی لێ بێبەش بکردایە.

ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە ڕیفراندۆمدا زۆر گەورە و پیرۆز بوو، هەر لە یەکڕیزی و تەبایی نێوان حزبە کوردستانییەکانەوە، تاوەکو یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەکخستنی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان، بەتایبەتی لە شاری کەرکووك، لەمەش گرنگتر سەرۆك بارزانی ڕۆڵی گەورە و دیاری هەبوو لە پاراستن و نەشکاندنی ئیرادەی گەلی کورد، سەرۆك لە

**هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی توانیی هێرشی تیرۆرستانی داعشی تێک بشکێنێت و ناو و ناوبانگی گەورەشی لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان پەیدا کرد، ئەمە بووە سیمبولی پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا**

**لەسەر دەستی مسعود بارزانی-ی مەرجەعی کورد و، هێزی پێشمەرگە و قوربانیدانی گەلی کوردستان، ڕیفراندۆم بوو بە ئەو وەسیلەیەی کە دەنگی کورد بە هەموو جیهان بگەیەنێت**

**هەڵبژاردنی ئەو بەروارە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم زۆر گرنگ بوو، چونکە لە دوای ئەو کاتە ئەو خیانەت و ڕووداو و کارەساتانەی بەسەر کورد هات، ڕەنگە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی قورس بکردایە، یان ناوچە داگیرکراوەکانی لێ بێبەش بکردایە**

**سەرکەوتنی ریفراندۆم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بۆ تەوقیتی جێبەجێکردنی ریفراندۆمەکە دەگەڕێتەوە، کە سەرۆک بارزانی ئەم بەروارەی دانابوو**

**ئاراستەکردنی نەتەوەی کورد و کوردستانییان و لایەنە سیاسییەکان لە لایەن خودی سەرۆک بارزانی-یەوە بوو، کە وای کرد کورد بە دامەزراوەیی کار بۆ بابەتە هزری و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بکات**

**هەندێک خەڵک و گرووپی دیاریکراو پێش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دەستیان بە پڕوپاگەندە و قسەی دژ بە ریفراندۆم کرد، بەوەی دەیانویست خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بەوەی گوایە فشار و هەڕەشە و نامە هاتووە کە ریفراندۆم دوا بخرێت، یان نەکرێت**

پێناو گەلەکەیدا نەکەوتە ژێر ویست و فشار و هەڕەشەی دەرەکی، سیمبولی نیشاندانی ئیرادەی گەلی کورد و یەکهەڵوێستی بوو بۆ سەرکەوتنی ڕیفراندۆم. سەرکەوتنی ڕیفراندۆم بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بۆ تەوقیتی جێبەجێکردنی ڕیفراندۆمەکە دەگەڕێتەوە، کە سەرۆك بارزانی ئەم بەروارەی دانابوو.

یەکخستنی نێوماڵی کورد لە لایەن سەرۆك بارزانی-یەوە خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ ئەم دەستکەوتە گەورەیەی ڕیفراندۆم، سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی لێژنەی باڵا و لێژنە پسپۆڕییەکانی پەیوەندیدار بە ڕیفراندۆمی دەکرد، ئاراستەکردنی نەتەوەی کورد و کوردستانییان و لایەنە سیاسییەکان لە لایەن خودی سەرۆك بارزانی-یەوە بوو، کە وای کرد کورد بە دامەزراوەیی کار بۆ بابەتە هزری و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بکات، ئەگەر چاوخشاندنەوەیەك بکەین بە مێژووی پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بەتایبەتی دەنگدانەکان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و کۆدەنگی و یەکهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکان و، کۆدەنگیی ئیرادەی گەل بۆ سەربەخۆیی و دەنگدانەکانی دیکە لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و خانەقین و ئەنجومەنی قەزای دووز و تەواوی ئەنجومەنەکانی دیکە لە نەینەوا و...هتد، ڕاستەوخۆ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە مەرجەعی نەتەوەیی و نیشتمانی چ ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەرکەوتنێکی یەکجار مەزنی کۆی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکەدا.

هەندێك خەڵك و گرووپی دیاریکراو پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە دەستیان بە پڕوپاگەندە و قسەی دژ بە ڕیفراندۆم کرد، بەوەی دەیانویست خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، بەوەی گوایە فشار و هەڕەشە و نامە هاتووە کە ڕیفراندۆم دوا بخرێت، یان نەکرێت، ئەوە بوو سەرۆك بارزانی وەڵامی هەموو ئەم پڕوپاگەندە خراپانەی دایەوە، بەوەی ئەو ئەو کەسایەتییە نییە بکەوێتە ژێر فشار و هەڕەشەوە و، ئەوەی هەیە بەڕاستی بە خەڵکی کوردستان و میللەتەکەی دەڵێت، بۆیە کەرکووکییەکان هیچ گومانێکیان نەما کە ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرێت، ئەمەش زیاتر هاندەری دەنگدەری کورد و کوردستانی بوو لە کەرکووك، کە بەو ڕێژە بەرزە بەشدار بن.

ئاستی بەشداریی هاونیشتمانیانی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، گفتوگۆیەك بوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا، سەرۆك بارزانی و هەمووان کۆك بوون بەوەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەشداریی ڕیفراندۆم بکەن، تەنانەت یەکێتیی نیشتمانی کوردستان یەکێك بوو لەو لایەنانەی کە نەك هەر پشتگیریی ئەمەی دەکرد، بەڵکو وەکو مەرج ئەمەیان دانابوو. لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلوول پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە و ٦٨ ئەندام پەرلەمان بەشدار بوون بە ٦٥ دەنگ بڕیاری ڕیفراندۆم پەسەند کرا، لەسەر داوای سەرۆك بارزانی ڕۆژی ١٢ی مانگی ئەیلوولی ٢٠١٧ دەستنیشان کرا کە سەردانی کەرکووك بکات و لەگەڵ هەمووان کۆببنەوە و، داوای کرد لە نەتەوەکانی دیکە هەوڵ بدرێت ئەو کەسانە کۆبکرێنەوە کە لە ڕیفراندۆم تێنەگەیشتوون، یان دژی ڕیفراندۆمن، یەکێك لەو کۆبوونەوە سەرکەوتووانەی لە پارێزگای کەرکووك کرا، بوونی کەسایەتیی دیاری عەرەب و تورکمانەکان بوو، سەرۆك بارزانی ئازادانە و ڕاشکاوانە وەڵامی دانەوە. هەوڵەکانی دانانی کۆت و بەربەست لە بەردەم ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەمووی شکست پێ هێنران، لەبیرمە لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی نێوان یەکێتی و پارتی کە کاك محەمەدی حاجی مەحموود ئامادەی بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا هەندێك کەسی ناو یەکێتی ویستیان گرفت دروست بکەن بە بیانووی ئەوەی خەڵکی کەرکووك بەشداریی ڕیفراندۆم ناکەن، بەڵام ئەمە وا دەرنەچوو، حزبە کوردستانییەکان و زۆر لایەنی سیاسی و خەڵکی کەرکووك لە مەسەلەی ڕیفراندۆمی چارەنووسسازدا بەشدار بوون، ئێمە وەکو کوردستانییانی کەرکووك ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری دەبینین کە لە کۆتا خاڵیدا دەڵێت: دەبێت بە ڕاپرسی مەسەلەی چارەنووسی کەرکووك یەکلا بکرێتەوە.

لە ٢٣ی مانگی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە داخەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتی لە کەرکووك و قیادەی یەکێتی لە کەرکووك ڕایگەیاند کە ئەوان بەشدار نابن لە ڕیفراندۆم، هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاك محەمەدی حاجی مەحموود لەسەر ئەم پێشهاتە نوێیە کۆبووینەوە و بڕیارمان دا حزبە کوردستانییەکان کۆببنەوە، ئەوە بوو لە لقی ٣ی

پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبووینەوە و بڕیار درا کە حزبە کوردستانییەکان یەکدەنگ بن بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و، ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە پاڵپشتی و کۆکردنەوەی دەنگی حزبە کوردستانییەکان گرنگ بوو، ڕێزدار مسرور بارزانی بەردەوام لەسەر هێڵ بوو، ئەوە بوو ئێوارەیەکی درەنگ لە لقی ٣ی پارتی بەیانێك خوێندرایەوە و برووسکەیەکمان بۆ هات کە سبەی ئامادە بین بچینە لای جەنابی سەرۆك بارزانی، کە پێکهاتبووین لە پارتی و یەکێتی و لیژنەی باڵای سەرپەرشتیی ڕیفراندۆم، ڕۆژی ٢٤ی مانگ چووینە خزمەتی سەرۆك بارزانی، لە پارتی خوالێخۆشبوو دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس و بەڕێزان کاك فازڵ میرانی و هوشیار زێباری و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەت لەو کاتە و سەڵاح دەلۆ و بەندە بەشدار بووین، کۆسرەت ڕەسووڵ وەکو جێگری سەرۆکی هەرێم و مەلا بەختیار و سەعدی ئەحمەد پیرە و دکتۆر نەجمەدین و ئاسۆ مامەند و ئەبوبەکر سدیق ناسراو بە کاکە ڕەش لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشدار بوون، لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش کاك مەولودی بەرپرسی مەڵبەندی یەکگرتوو لە کەرکووك و کاك ڕێبوار تاڵەبانی وەکو نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و کاك خەلیل لە لیژنەی باڵای ڕیفراندۆم و چەند کەسایەتییەکی دیکە ئامادە بوون، لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆی زۆر کرا، بەداخەوە چەند کەسێکی ناو یەکێتی دەیانگوت کورد لە کەرکووك دەنگ ناهێنێت بۆ ڕیفراندۆم، دووانیان لە سەرکردایەتی یەکێتی سوێندیان بە هەموو شەهیدانی کوردستان دەخوارد و دەیانگوت ئێمە ٥٠ هەزار دەنگ ناهێنین، بەڵام دکتۆر نەجمەدین بە توندی وەڵامی دانەوە و هەڵچوونیشی پێوە دیار بوو، بەوەی پاڵپشتی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی دەکرد و پێی وابوو کورد دەنگ بە بەڵێ بۆ ڕیفراندۆم دەدات، دواتر لەسەر پێشنیاری سەرۆك بارزانی و بە ڕەزامەندیی هەمووان وا ڕێککەوتین کە جەنابی کۆسرەت ڕەسووڵ سەرپەرشتیی ئەو کۆبوونەوەیە بکات کە بڕیار بوو لە مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووك بەڕێوە بچێت، ئەوە بوو بۆ ئێوارە ئەنجومەنی مەڵبەندی یەکێتی پاشگەز بوونەوە لە هەڵوێستەکەی ٢٣ی مانگ و، ڕاگەیاندنێکی دیکەیان بڵاو کردەوە کە بەشداریی ڕیفراندۆم دەکەن، بەڵام ئەم جارە یەکێتی لە کەرکووك ڕێگری کرد لە دابەشکردنی سندوقەکانی دەنگدان، هەرچۆنێك بێت ئەم ڕێگرییەشمان هەڵوەشاندەوە، لە لایەکی دیکەوە کەسێکی یەکێتی کە ببووە سەرۆکی کۆمیسیۆن لە ڕیفراندۆم، ئەمیش ئاستەنگی گەورەی دروست کرد و چەند ڕۆژێك پێشتر داوامان لە کۆمسیۆنی هەولێر کرد بوو دکتۆر جووتیار عادل یان نارد، کە ئەو کات لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بوو، ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە تا ٢٥ی مانگ درێژەی کێشا، ئەوە بوو ڕیفراندۆم کرا و جەنابی سەرۆك پەیوەندی کرد و داوای کرد هەوڵی جددی بدرێت کە پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت، بەڕاستی ژمارەی دەنگدەران لە کەرکووك و دەرئەنجامەکە زۆر دڵخۆشکەر بوون کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

کۆی گشتیی دەنگدەرانی کەرکووك ٩٢٢٧٣٦

کۆی گشتیی دەنگدەرانی ناوچەی ئارام ٧٢٤٢٣٨

کۆی گشتیی بەشدار بووان ٦٥٧٧٧٣

کۆی گشتیی دەنگی بەڵێ ٦١٢٧٦٩ واتە ٩٣،١٥٨٪

کۆی گشتیی دەنگی نەخێر ٤٣٧٠٣ واتە ٦،٦٤٤٪

پووچەڵ ١٣٠١ واتە ١٩٨،٠٪

بەشداربوو لە پرۆسەی ڕیفراندۆم ٦٥٧،٧٧٣ واتە ٧١،٢٨٥ ڕێژەی بەشدار بووی گشتی بوو.

کۆی دەنگدەرانی ناوچەی ئارام کە دەیانتوانی دەنگ بدەن ٧٢٤٢٣٨ ڕێژەی بەشداربووی ئارام ٩٠،٨٢٪، بە شێوەیەکی گشتی داتا و ژمارەکان ڕێژەیەکی زۆر بەرز و دڵخۆشکەر بوون، بە پێچەوانەی نەیارانی کوردستانەوە کە دەیانگوت ڕێژەی دەنگدان بە بەڵێ زۆر کەم دەبێت.

بەمەش ڕیفراندۆم بووە بەڵگە و دیکۆمێنتێکی دیار و بەرچاو و بووە تاپۆیەکی ڕەش، دوژمنانی کورد دەرکیان بەوە کرد کە لە هەر حاڵەتێکدا ڕیفراندۆم بکرێت کوردستانییانی کەرکووك دەنگ بە بەڵێ بۆ هەرێمی کوردستان دەدەن و، بۆ هەموو لایەك لە ناوخۆ و عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی و جیهان چەسپا کە کەرکووك بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە و، ئەم مەسەلەیە یەکلا دەبێتەوە، بۆیە بە ناچاری پەنایان بردەوە بەر داگیرکاری.

**ئێمە وەکو کوردستانییانی کەرکووك ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠ی دەستووری دەبینین کە لە کۆتا خاڵیدا دەڵێت: دەبێت بە ڕاپرسی مەسەلەی چارەنووسی کەرکووك یەکلا بکرێتەوە**

**ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە پاڵپشتی و کۆکردنەوەی دەنگی حزبە کوردستانییەکان گرنگ بوو، ڕێزدار مسرور بارزانی بەردەوام لەسەر هێڵ بوو**

**بەداخەوە چەند کەسێکی ناو یەکێتی دەیانگوت کورد لە کەرکووك دەنگ ناهێنێت بۆ ڕیفراندۆم، دووانیان لە سەرکردایەتیی یەکێتی سوێندیان بە هەموو شەهیدانی کوردستان دەخوارد و دەیانگوت ئێمە ٥٠ هەزار دەنگ ناهێنین، بەڵام دکتۆر نەجمەدین بە توندی وەڵامی دانەوە و هەڵچوونیشی پێوە دیار بوو**





# شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١

# بڵێسەی گڕگرتووی
# ئیرادەی نەتەوەیەک
# بۆ گێڕانەوەی ئازادی



«شەڕی ڕەوا – الحرب العادلة» شەڕێکی ناچارییە و چەکیش پیرۆزە، کاتێک هیچ هیوایەک بێجگە لە پەنابردن بۆ چەک بوونی نەبێت. مردن زۆر لە کۆیلایەتی باشترە».

تیتوس لیفیوس
گەورە مێژوونووسی یۆنانی (٥٩ پ.ز – ١٧ ز)

له ساڵی ١٩٦٥ مەرجەعییەتی نەجەف ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم فەتوا دەدات کە شەڕکردن دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان حەرامە

چەمکی «شۆڕش» لەناو هەر دوو ڕەهەندە فەلسەفی و ئایینییەکەی بە مانای «گێڕانەوەی ئازادی» دێت، نەک بە دەستهێنانی ئازادی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان ئاماژە بەوە کرا کە مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایکبوون و نابێت ئەو ئازادییەیان لێ زەوت بکرێت

## • ڕەهەندی ئایینی و فەلسەفەی چەمکی شۆڕش

کرۆکیی چەمکی «شۆڕش» لە فیکری مستەفا بارزانی لە ناو ئەو نامەیەیدا خۆی پێناسە دەکات کە لە دوای هەڵگیرسانی «شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣» بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشای* ناردووە و تێیدا هاتووە: «نەتەوەی کورد برای نەتەوەی عەرەبە و هیچ کێشەیەکی لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە و شەڕی ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە هەر دوو نەتەوەی «کورد و عەرەب» پێکەوە دەچەوسێننەوە».

لە ساڵی ١٩٦٥ مەرجەعییەتی نەجەف ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم فەتوا دەدات کە شەڕکردن دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان حەرامە و لە ٤ی نیسانی ١٩٦٥یشدا، ئایەتوڵڵا موحسین حەکیم لە وەڵامی نامەیەکدا کە پێشتر مستەفا بارزانی بۆی ناردووە، تیایدا هاتووە: «لەگەڵ حکومەتی عێراق قسەمان کردووە کە مافەکانتان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و دەمانەوێت ئێوەش ئەو ئامادەباشییە پیشان بدەن».

ئەگەر بەراوردێك لەسەر هەردوو نامەی جەنابی مستەفا بارزانی و ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم بکەین، دەبینین بەرواری نێوان نامەی یەکەم و نامەی دووەم ٢٢ ساڵە، بەڵام ناوەڕۆکی هەر دوو نامەکە یەك پەیامی هەڵگرتووە، ئەویش ئەوەیە «پەروەردگار حەرامی کردووە ڕژێمێکی دیکتاتۆری خۆی بکاتە نوێنەری نەتەوەیەك و بە زەبری هێز مافی نەتەوەیەك پێشێل بکات، یان هەوڵی سڕینەوە و کۆمەڵکوژییان بدات».

ئەم دوو نامەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە چەمکی «شۆڕش» چۆن ڕەهەندێکی قووڵی فەلسەفی هەیە، بە هەمان شێوە ڕەهەندێکی قووڵی ئایینیشی هەیە، بە تایبەتی لەناو هەموو ئایینە ئاسمانییەکاندا، هەر بۆیە کاتێك مێژوونووسی گەورەی یۆنانی تیتیوس لیفیوس دەڵێت: «مردن لە کۆیلایەتی باشترە»، ئەم دروشمە ناکاتە دروشمی شۆڕشێك بەڵکو بانگێشە بۆ دەیکاتە «شەڕێکی ڕەوا».

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە «ئایا لەناو جیهانی فەلسەفەدا ئاماژە بۆ ڕەهەندە ئایینیەکەی چەمکی «شۆڕش» کراوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەنا بۆ فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی خاتوو «هانا ئارنێت» دەبەین کە لە کتێبی «لە شۆڕشدا» جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە «چەمکی شۆڕش پێش ئەوەی چەمکێکی سیاسی بێت، چەمکێکی گەردوونییە و لە کتێبە بەناوبانگەکەی کۆپەرنیکۆس «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسماندا» هاتووە و پاشان لە ساڵی ١٦٨٨ بۆ یەکەمجار هاتووەتە ناو جیهانی سیاسەت، ئەویش دوای ئەوەی دووبارە بنەماڵەی پادشایەتیی بەریتانیا گەڕانەوە بۆ دەسەڵات و شکۆی پێشوویان بۆ گەڕایەوە و ئەمەشیان ناو لێ نا «شۆڕشی پیرۆز - Glorious Revolution».

چەمکی «شۆڕش» لەناو هەر دوو ڕەهەندە فەلسەفی و ئایینییەکەی بە مانای «گێڕانەوەی ئازادی» دێت، نەك بە دەستهێنانی ئازادی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان ئاماژە بەوە کرا کە مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایکبوون و نابێت ئەو ئازادییەیان لێ زەوت بکرێت، ئەمەش وەك خەلیفەی دووەمی موسڵمانان «عومەری کوڕی خەتاب» گوتوویەتی «چۆن مرۆڤ کۆیلە دەکرێت، لە کاتێکدا بە ئازادی لەدایك بوون - متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا؟ بێگومان ئەم قسەیەی خەلیفەی موسڵمانان کە لە هەمان کاتدا یەکێك بووە لە هاوەڵە نزیکەکانی پێغەمبەر (د.خ) و لە بەرامبەر ئەو کەسە کراوە کە گەنجێکی قیبتی بووە و کوڕەکەی لێی داوە، بۆیە قسەکەی تەفسیری دەقەکانی قورئانی پیرۆزە، بەمەش پێمان دەڵێت «ئازادی دیاریی خوایە بۆ مرۆڤ و هیچ کەسێك ناتوانێت دەستکاری بکات و هەر کەسێکیش دەستدرێژی بکاتە سەر، ئەوا قبووڵ ناکرێت و دەبێت ئازادییەکەی بۆ بگەڕێتەوە.

لە ناو ئایینی کریستیانیش دووبارە «گێڕانەوەی ئازادی «وەك پەیامێکی پەروەردگار ئاماژەی پێ کراوە و، ئەگەر سەیری مۆری مەزنی پادشای بەریتانیا لە ساڵی ١٦٥١ بکەین کە هاوپێچ دیکۆمێنتێکی مەزنیشی لەگەڵە، نووسراوە: «ئازادی بە پشتیوانیی خوا گەڕایەوە - Freedom by God›s blessing restored، ١٦٥١. «، لەمەش زیاتر هەروەك چۆن بیرمەندی جوو یۆڤال نوح هەراری لە کتێبی «ئاقڵ — Sapiens» بەراوردی نێوان یاساکانی حامورابی ١٧٧٦ پ.ز و لائیحەی مافەکانی ئەمریکای ١٧٧٦ ز دەکات و نووسیویەتی: «هەموو ئەو مافانەی لە یاساکانی حامورابی دا نووسراون، بە پشتبەستن بە خوداوەندەکانی ئەو سەردەمە داڕێژراون و هەمیش ئەو مانایانەی لەو لائیحەیدایە بە پشتبەستن بە ئایینی کریستیانی داڕێژراون»، لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك سەیری ئەو لائیحەیە دەکەین نووسراوە: «مرۆڤ یەکسان و ئازادن و هیچ کەسێك بۆی نییە ئازادیی لێ زەوت بکات».

لایەنێکی دیکە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و لە سەر ئاستی هەر دوو ڕەهەندی «ئایینی و فەلسەفی» جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوەیە کاتێك شۆڕش هەڵدەگیرسێت، ئیدی لە توانای مرۆڤ دەردەچێت کە بتوانێت بەرگری لە شۆڕشگێڕان بکات، بۆیە سەردەمێکی نوێ لە دایك دەبێت، ئەو سەردەمە نوێیەش گێڕانەوەی ئەو سەردەمەی پێشترە کە نەتەوە و مرۆڤەکان مافەکانیان پێشێل نەکراوە و ئازاد بوون.

ئەگەر لەم لایەنەشەوە هەڵسەنگاندن بۆ شۆڕشی ئەیلول بکەین و بپرسین: ئایا دوای چەند ساڵ ڕژێمەکانی عێراق گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دامرکاندنەوەی شۆڕش لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و هەق هێز دروست دەکات و، هێز و توندوتیژی هەق دروست ناکات؟ بێگومان عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٦٤ گەیشتە ئەو قەناعەتەی بە زەبری «تۆپ و تەیارە و تانك و زرێپۆش» شۆڕشی ئەیلولی پێ دانامرکێتەوە، بۆیە داوای دانوستاندن و وتووێژی لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول کرد، لە بەرامبەردا داواکاریی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە ڕژێمی عەبدولسەلام عارف چی بوو؟ بێگومان «گێڕانەوەی ئازادی بۆ گەلی کوردستان لە چوارچێوەی سیستمێکی لامەرکەزی بۆ کوردستان». دیارە ڕژێمی عەبدولسەلام ڕازی نەبوو ئازادی بۆ گەلی کوردستان بگێڕێتەوە و پەنای بۆ پیلانی دیکە برد و لە سەرووی هەمووشیانەوە پەنای بۆ ئەوە برد کە زانایانی ئایینی ئیسلامی بە «شیعە و سوننە»وە فەتوای شەڕ و کۆمەڵکوژی دژی هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان بدەن، ئەمەشی بۆ نەچووە سەر و پێش ئەوەی گەلی کوردستان کۆمەڵکوژ بکات، لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦ خۆی لە ناو فڕۆکەکەیدا لە ئاسمان سووتا، دوای ئەویش عەبدولڕحمان عارفی برای هات و دیسان دەستی کردەوە بە دانوستاندن لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول و لەگەڵ ئەوەی عەبدولڕەحمان عارف نییەتی لە عەبدولسەلامی برای باشتر بوو، بەڵام لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ حزبی بەعس بە سەرکردایەتیی «ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن» کودەتایان بەسەردا کرد و ئەویش لە دەسەڵات نەما.

**ئازادی دیاریی خوایە بۆ مرۆڤ و هیچ کەسێك ناتوانێت دەستکاری بکات و هەر کەسێکیش دەستدرێژی بکاتە سەر، ئەوا قبووڵ ناکرێت و دەبێت ئازادییەکەی بۆ بگەڕێتەوە**

**دامرکاندنەوەی شۆڕش لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە و هەق هێز دروست دەکات و، هێز و توندوتیژی هەق دروست ناکات**

**عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٦٤ گەیشتە ئەو قەناعەتەی بە زەبری «تۆپ و تەیارە و تانك و زرێپۆش» شۆڕشی ئەیلوولی پێ دانامرکێتەوە، بۆیە داوای دانوستاندن و وتووێژی لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول کرد**

دوای هاتنی دەسەڵاتی حزبی بەعسیش، ئەوانیش بەختی خۆیان لەگەڵ ئیرادەی هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان بۆ ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوێك تاقی کردەوە، بەڵام هیچیان پێ نەکرا، بۆیە لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ شەخسی سەدام حوسێن کە ئەوکات بە ناو جێگر بوو، بەڵام بە پراکتیکی هەر خۆی سەرۆك کۆماری عێراق بوو، بە ناچاری خۆی گەیاندە بارەگای بارزانی لە چۆمان و ئامادەباشی پیشان دا کە ئامادەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە مافەکانی گەلی کوردستان بسەلمێنێت، لە وەڵامدا وەك دەڵێن «کاتێك ماف هێز دروست دەکات» ئیدی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلولیش لەو هێزەوە داوای کرد کە دەبێت مافەکانی گەلی کوردستان و هەموو نەتەوە و پیکهاتەکانی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێك بسەلمێندرێت کە مافی خۆبەڕێوەبردن (ئۆتۆنومی) بۆ گەلی کوردستان دیاری بکرێت و گەلی کوردستان خۆی یاسا بۆ خۆی دەربکات و خۆیشی ناوچەی ئۆتۆنومی بەڕێوە بەرێت. سەدام و ڕژێمی بەعس بەمە ڕازی بوون و ڕێککەوتننامەی مێژوویی ئادار لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە فەرمی لەلایەن سەرۆك کۆماری عێراقەوە خوێندرایەوە و ماوەی چوار ساڵ دیاری کرا بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ دووبارە پەشیمان بوونەوە و شەڕ لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەعس دەستی پێ کردەوە و تەنیا لە ماوەی یەك ساڵدا جیا لەوەی ڕژێمی حزبی بەعس گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە لەگەڵ ئیرادەی هێزی پێشمەرگە هیچی پێ ناکرێت، لە هەمانکاتدا سەقفی داواکارییەکانی شۆڕش لە «ئۆتۆنۆمی»یەوە بەرز بووەوە بۆ فیدراڵی و ئەو فیدراڵییەی لە ٤ی ١٠ی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، بناخەکەی ئەو پرۆژەی فیدراڵییە بوو کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٤ -١٩٧٥ لە شۆڕشی ئەیلولدا گەڵاڵە کرابوو. لەناو ئەم واقیعەدا کە سەدام حوسێن بێجگە لە تەسلیمبوون ڕێگەیەکی دیکەی سەربازی لە بەردەستدا نەمابوو، بۆیە پەنای بۆ پیلانێکی نێودەوڵەتی برد و تەنازولێکی گەورەی بۆ ڕژێمی شاهەنشاهیی ئێران کرد و نسکۆی بە سەر شۆڕشی ئەیلولدا هێنا، بەڵام لەو ڕەهەندە «فەلسەفی و ئایین»ییەی شۆڕش بێ ئاگا بوو کە هیچ مرۆڤ و ڕژێمێك توانای دامرکاندنەوەی نییە و سەرەنجام هەر شۆڕش سەردەکەوێت، بۆیە وێڕای ئەوەی لە دوای ساڵی ١٩٧٥ـەوە تا بەهاری ١٩٩١، هەرچی لە توانایدا بوو بەرامبەر بە کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستان و کاولکردنی کوردستان و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران هەمووی دژی گەلی کوردستان تاقی کردەوە و بە خەیاڵ پڵاوی خۆی وای دەزانی دەتوانێت ئیرادەی گەلی کوردستان دەستەمۆ بکات، بەڵام وەك لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ بینیمان، تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەو هێزە گەورە و زەبەلاحەی ڕژێمی بەعس لە بەردەم ئیرادەی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان تێك و پێك شکێنرا و سەربازەکانی دوو فەیلەقی عێراقی کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەریو و جیا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، تاجی ڕاپەرین لە نەورۆزی هەمان ساڵدا خرایە سەر کەرکووکی دڵی کوردستان و ئەوێش ئازاد کرا و، لەگەڵ ئەوەی گێڕانەوەی ئازادیی ئەمجارەشیان کورتخایەن بوو، دیسان حکومەتی بەعس هێرشی کردەوە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان، بەڵام ئەمجارەشیان گەلی کوردستان بە کۆڕەوە چەند ملیۆنییەکەی هەمان قسە بەرزەکەی لیفیوسی گەورە مێژوونووسی یۆنانی دووبارە کردەوە و پێکەوە گوتیان «دەمرین، کۆیلە نابین» بەمەش ویژدانی مردووی جیهانی زیندوو کردەوە، ناچار بوو کە بڕیاری ٦٨٨ی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دەربکەن و، دوای ئەویش بە ماوەیەکی کورت ناوچەی ئارام لە کوردستان دامەزرا، کە بووە زەمینەیەك بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمەی وەك چەمکی شۆڕش لەناو هەردوو ڕەهەندی «فەلسەفی و ئایینی» ئاماژەمان پێ کرد، بۆ هەموو شۆڕشێك ڕاستە کە لە یەك کاتدا بە ئیرادەی یاساکانی زەوی و ئاسمان شۆڕ هەڵدەگیرسێت و ئەم شۆڕشە کۆتایی نایەت هەتا نەتەوەکان وەك ئەستێرەکانی گەردوون ئازاد نەبن و هیچ نەتەوەیەکی دیکە بۆی نەبێت دەستوەردان لە زەوتکردنی ئازادییەکەی بکات، ئەمە

**بە ئیرادەی یاساکانی زەوی و ئاسمان شۆڕ هەڵدەگیرسێت و ئەم شۆڕشە کۆتایی نایەت هەتا نەتەوەکان وەک ئەستێرەکانی گەردوون ئازاد نەبن و هیچ نەتەوەیەکی دیکە بۆی نەبێت دەستوەردان لە زەوتکردنی ئازادییەکەی بکات**

**لە مێژووی هاوچەرخی زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا، هەڵگیرسانی شۆڕش لە ناو قووڵایی ئیرادەی نەتەوەوە بۆ گێڕانەوەی ئازادی هەڵدەگیرسێت و، پاراستنی ئەم ئازادییەش پێویستی بە چوارچێوەیەکە کە ئەویش «دەوڵەتی نەتەوەیی»یە**

**لە شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ ئەمریکییەکان بۆ گێڕانەوەی ئازادی بۆ نەتەوەیەکان لە دەستی بەریتانیا هەمان دروشمی ناو یاساکانی پەرلەمانی بەریتانیایان بەرز کردەوە «بە بێ نوێنەرایەتی باجدان بوونی نییە»، ئەوانەی شۆڕشیان هەڵگیرسان و باجدانیان ڕەت کردەوە، بە ڕەچەڵەک هەر هاووڵاتی بەریتانیا بوون و لە ئەمریکا نیشتەجێ کرابوون**

ڕاشکاوانەتر لە شۆڕشەکانی «پیشەسازی» بەرجەستە بووە و تەنیا هۆکارەکەشی ئەوەیە هەر چوار شۆڕشە پیشەسازییەکەی جیهان بە یاساکانی ئاسمان و یاساکانی زەوی دروست بوون و ئێستا مرۆڤایەتی کەوتووەتە بەردەم ئەو ئەمری واقیعەی کە نە دەتوانێت ڕێگری لە شۆڕشە پیشەسازییەکان بکات و نە دەشتوانێت دەستێوەردان لە ڕاگرتنی ئەو شۆڕشانە بکات.

## ● شۆڕش یەکجار بۆ گێڕانەوەی ئازادیی نەتەوە هەڵدەگیرسێت و درێژەی دەبێت

لە مێژووی هاوچەرخی زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا، هەڵگیرسانی شۆڕش لە ناو قووڵایی ئیرادەی نەتەوەوە بۆ گێڕانەوەی ئازادی هەڵدەگیرسێت و، پاراستنی ئەم ئازادییەش پێویستی بە چوارچێوەیەکە کە ئەویش «دەوڵەتی نەتەوەیی»یە، لەسەر ئەم بنەمایەش نیکۆلای میکیاڤیلی بە وشەیەك ئاماژەی بە گێڕانەوەی ئازادی بۆ نەتەوە کردووە کە بە زمانی ئیتاڵی «Lo Stato» ئەم وشەیە کە وەك وشە بە مانای «باری نەتەوە» دێت، بەڵام بیرمەندانی دیکە بەوە تەفسیری دەکەن کە میکیاڤیلی مەبەستی ئەوەیە «ئەو بارەی نەتەوە ئەو حاڵەتەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا ئازادی بۆ دەگەڕێتەوە و لە کاتێکدا ئەم چەمکە تازەیەی نوسیوە کە ئیتاڵییەکان بە هاوشێوەی فەرەنسا و ئیسپانیا دەوڵەتێکی یەکگرتووی نەتەوەییان نەبووە و ئامانجی ئەوە بووە کە ئیتاڵییەکانیش دەوڵەتێکی بەهێزی نەتەوەییان هەبێت».

لە شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ ئەمریکییەکان بۆ گێڕانەوەی ئازادی بۆ نەتەوەیەکان لە دەستی بەریتانیا هەمان دروشمی ناو یاساکانی پەرلەمانی بەریتانیایان بەرز کردەوە «بە بێ نوێنەرایەتی باجدان بوونی نییە»، ئەوانەی شۆڕشیان هەڵگیرسان و باجدانیان ڕەت کردەوە، بە ڕەچەڵەك هەر هاووڵاتی بەریتانیا بوون و لە ئەمریکا نیشتەجێ کرابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ئازادییەی هاوزمانەکانیان لە چوارچێوەی شانشینی بەریتانیا هەیانبوو لە ئەمریکا لێیان زەوت کرابوو، شۆڕشیان بۆ گێڕانەوەی ئەو ئازادییە کرد و لە ٤ی تەموزی ١٧٧٦ کۆماری ئازادی ئەمریکایان ڕاگەیاند. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا کۆماری ئەمریکای ئازاد بووە چوارچێوەیەك بۆ گێڕانەوەی تەواوی گەلی ئەمریکا؟ بێگومان نەخێر، هەر بۆیە دوای زیاتر لە هەشتا ساڵ جارێکی دیکە درێژە بە شۆڕشی یەکەم درا و کۆیلایەتی لە ئەمریکا کۆتایی هات، دوای ئەویش چەندین جاری دیکە دەستووری ئەمریکا هەموار کراوە، بەڵام گەلی ئەمریکا تەنیا شانازی بە یەك شۆڕشەوە دەکات وەك شۆڕشی گەلی ئەمریکا بۆ گێڕانەوەی ئازادی، ئەویش تەنیا شۆڕشی ١٧٧٦ز.

ئەم حاڵەتە لە شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ز بە ئاشکرا دەبیندرێت، دەبینین کاتێك شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ هەڵگیرسا، هیگل ناوی لێ نا «کۆتایی مێژوو»، بێگومان مەبەستی هیگل لە کۆتایی مێژوو ئەوە بوو کە مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام تیکۆشان بووە بۆ گێڕانەوەی ئازادی و بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەرەنسا و ڕاگەیاندنی «مافەکانی هاووڵاتی و مرۆڤ» ئیدی ئەم وەرچەرخانە ناوی لێ نرا: «کۆتایی مێژوو»، بەو مانایەی مێژوویەکی نوێ دەست پێ دەکات، ئەویش پاراستنی ئەو ئازادییەیە.

ئەگەر سەرنج لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسا بدەین هەر لە ساڵی ١٧٨٩ هەتا ٢٠٢٢، دەبینین گەلی فەرەنسا لەگەڵ ئەوەی پێنج جار بە تەواوەتی دەستوورەکەی گۆڕیوە و پێنج کۆماریشی ڕاگەیاندووە و، لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیشدا فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە داگیر کرا، بەڵام هیچ ڕووداوێك جێگەی یەکەم شۆڕشی فەرەنسای نەگرتووەتەوە کە ئەویش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٧٨٩ ز بوو.

ئەم ئاراستەیە بۆ شۆڕشە پیشەسازییەکانیش بە هەمان شێوەیە، ڕاستە کە باس لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی دەکرێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەرەتای ساڵی ١٧٦٠ و بۆ یەکەمین ئامێر کە جێگەی کاری دەستی مرۆڤی لە پیشەسازی دەگرێتەوە و دووبارە دابەشکردنی کار شێوازێکی دیکە وەردەگرێت، بەڵام ئەو پێشکەوتنەی لە ساڵی ١٧٦٠ دەستی پێ کرد و هەتا ئێستاش ئەو پێشکەوتنە لە شۆڕشی پیشەسازی هەر بەردەوامە و هەر هەمان

**ئیرادەی شۆڕشگێرانەی نەتەوە بۆ «گێڕانەوەی ئازادی» لە هەموو ئیرادەیەک گەورەترە و کاتێک بڵێسەی گڕگرتووی ئەم ئیرادەیە لە شۆڕشدا دەردەکەوێت، ئیدی دامرکاندنەوەی لە توانای مرۆڤ و ئەو حکومەت و ڕژێمانەش گەورەتر دەبێت و هیچ هێزێک ناتوانێت دایبمرکێنێتەوە**

**شۆڕشی ئەیلوول بۆ هەموو جیهانی سەلماند گەلی کوردستان بە ناچاری و بۆ گێڕانەوەی ئازادی شۆڕش دەکات و، شۆڕشەکەش تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نییە، بەڵکو خەباتە بۆ بونیادنانی کیانێک بۆ ئەوەی بە یاسا لەو کیانەدا ئازادی بپارێزێت**

**لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا کە شۆڕشێک بتوانێت ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ حکومەتێکی داگیرکەر بە ناو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ئیمزا بکات**

**لە ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی رژێمی حزبی بەعس ئامادە نەبوو رێککەتننامەی ئاداری ١٩٧٠ وەک خۆی جێبەجێ بکات، شەر لە نێوان شۆڕش و رژێمی بەعس دەستی پێ کردەوە و لە گەرمەی ئەو شەڕەدا رابەری کاریزما مستەفا بارزانی لیژنەیەکی راسپارد، پرۆژەیەک بۆ فیدراڵیزم ئامادە بکەن و، بیکەن بە دروشمی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان**

**لە ئابی ١٩٩٢ سەرۆک مسعود بارزانی لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا توانی برگەیەک لە بریارەکانی کۆنگرەی ڤییەننای ئۆپۆزسیونی عیراقی بگۆڕێت و جێمز بێکەر وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا بە فیدراڵیزم رازی بکات و دواتریش توانی پشتگیریی فەرەنسای بۆ دەستەبەر بکات**

**سەرۆک مسعود بارزانی لە بەرگی پێنجەمی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان» ئاماژە بەوە دەکات لە «پێشتر لەگەڵ مام جەلال لەسەر ئەوە رێککەوتبووین لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باسی فیدراڵیزم بکەین، بۆیە کە من باسم کرد، یەکسەر مام جەلال گوتی پشتگیریی هەموو بۆچوون و قسەکانی بارزانی دەکەم»**

شۆڕشیشە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر یەکێك لەو شۆڕشە زانستییانە گۆڕانکاریی گەورەی لە ژیانی مرۆڤایەتی دروست کردووە، بۆیە پۆلێنکردنی ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکارییانەی ژیانی مرۆڤایەتی وای کردووە بە چوار شۆڕش ناوزەدی بکەن بەم شێوەیە:

١. لە ١٧٦٠ و لە شۆڕشی یەکەمی پیشەسازیدا ئامێر جێگەی کاری دەستی لە پیشەسازی دەگرێتەوە و ئەمە کۆتایی بە کاری دەستی هێنا لە بواری پیشەسازیدا.

٢. لە ساڵی ١٨٧٠ هەتا ١٩١٤ «بزوێنەری هەڵمی — Steam engine» جێگەی بزوێنەرەکانی دیکەی گرتەوە و پیشەسازیی خێرای وەك هێڵی ئاسن و تۆڕی تەلەگراف و.. هتد بە دوای خۆیدا هێنا.

٣. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٧٠ شۆڕشی سێیەمی پیشەسازی داهێنانی دیجیتاڵی داهێنا کە بە شۆڕشی دیجیتاڵی و ئەلکترۆنی ناسراوە و ئەم قۆناغە تەنیا ٤٦ ساڵی خایاندووە.

٤. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ لە کۆنفرانسی داڤوس لە سویسرا شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی ڕاگەیەندرا کە ئەمەش سەرەتای تێکەڵاوکردنی تەکنەلۆژیای زانیارییە لەگەڵ تەکنەلۆژیای بایۆلۆجی و گەیشتنی توانای مرۆڤە بە «زیرەکیی دەستکرد» کە مەزندەکان بەو جۆرەن تا ساڵی ٢٠٥٠ ئەم قۆناغەش کۆتایی بێت.

لێرەوە ئەگەر بەراوردی شۆڕشی نەتەوەکان و شۆڕشی پیشەسازی بکەین، دەبینین بە هەمان شێوەیە و خودی ئەو قۆناغبەندییەی بۆ شۆڕشی پیشەسازی کراوە، دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ساڵەی کە ئەو شۆڕشە تێیدا دەستی پێ کردووە و قۆناغبەندییەکانیش بە هەمان ئەو قۆناغبەندییانە کە لە هەر دوو شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا لە ماوەی نزیکەی دوو سەدە و نیو لەمەوبەر کراون هەتا ئێستا، بەڵام کە باسی شۆڕش دەکرێت لە مێژووی هەر دوو نەتەوەکەدا تەنیا شۆڕشی یەکەم بە شۆڕشی گێڕانەوەی ئازادی لە قەڵەم دەدرێت.

سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوولی گەلی کوردستانیش کە چەخماخەکەی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستی پێ کرد و هەتا ئەمڕۆش تەنیا ئەو چەخماخەیە بە شۆڕشی سەرتاسەریی گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچە دادەنرێت و هەموو ئەو قۆناغانەی دیکە کە ناویان نراوە شۆڕش وەك «شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی نوێ» هەموویان درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول بوون و لەسەر ئەو نەخشە رێگەیە رۆیشتوون کە شۆڕشی ئەیلوول بۆی کێشاون، هەتا ئەگەر لە ئەدەبیاتی حزبیدا هەندێك لایەن خۆیشی بە دژ و نەیاری شۆڕشی ئەیلوول دانابێت.

## ● شۆڕشی ئەیلوول نەخشە رێگەی ئامانجەکانمانی دارشتووە

ئەگەر نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئیتالییەکان بە هاوشێوەی فەرەنسی و ئیسپانییەکان وای لە میکیافیللی کردبێت کتێبی «میر» بنووسێت، بۆ ئەوەی ئەو «میرە» دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەلی ئیتالیا دابمەزرێنێت، ئەوا ئەمە بەو جۆرە تەفسیر دەکرێت کە ئازادی بۆ هیچ نەتەوەیەك ناگەڕێتەوە ئەگەر خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی نەبێت و، دەوڵەتی نەتەوەییش بە مانای « دەوڵەتی نیشتمانی — Nation State » واتە هەموو ئەو نەتەوە و ئایینە هاوبەشانەی لەو نیشتمانەدا دەژین، بتوانن ناسنامەی نیشتمانیی خۆیان لەسەر ئەو پێگە جوگرافییە پێناسە بکەنەوە کە ناویان لێ ناوە «دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ».

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و کۆتاییهاتنی رژێمی پادشایەتی لە عێراقدا، حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەستوورێکی کاتیی دارشت و لە بەندی سێهەمی ئەو دەستووردا هاتووە کە «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، هەر ئەم دەستوورەش سیمای کودەتا سەربازییەکەی گۆڕی بۆ شۆڕش و سەردەمێکی تازەی بە دوای خۆیدا هێنا و هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەب هەستیان دەکرد دەوڵەتی عێراق ئەو دەوڵەتەیە کە پێناسەی هاونیشتمانیبوونی کورد و عەرەب دەکاتەوە، هەر هەستی ئەم نیشتمانە هاوبەشەش بووە هۆکاری ئەوەی گەلی کوردستان خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ عەبدولکەریم قاسم هەبێت، ئەگەر وەك نموونەیەکی سادەش ئاماژە بەوە بکەین، ئەوا زۆر باش سەرنج لەسەر ئەوە دەدرێت کە ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی لەدایکبووی دوای



شۆڕشی چواردەی تەموز تا ساڵی ١٩٦١ن بە ناوی «کەریم» وەك خۆشەویستییەك بۆ ناوی عەبدولکەریم قاسم ناونراون.

لە ناو ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی کە شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ لە دەوڵەتی عێراقدا دروستی کرد، ڕابەر و کاریزمای سەدەی بیستەم مستەفا بارزانی بڕیاری دا لە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ بگەڕێتەوە عێراق و دیدار لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم گرێ بدات و لەمەش زیاتر بەڵێنی پێ بدات بەوەی ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەدا بەرگری لەم نیشتمانە بکات کە پێی دەگوترێت «کۆماری عێراق»، ئەم گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق هەموو ئامانجی گێڕانەوەی ئازادی بۆ گەلی کوردستان لە بیرکردنەوەی ئەودا ئەوەمان پێ دەڵێت: «گێڕانەوەی ئازادی بۆ نەتەوە تەنیا لە چوارچێوەی نیشتمانێکدا دەبێت کە نەتەوە بتوانێت لەو نیشتمانەدا ئازادانە پێناسەی ناسنامەی خۆی بکاتەوە».

بەداخەوە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ژێر کاریگەریی سەرکردە قەومیی و شۆڤێنییەکانی ناو حکومەتەکەی وردە وردە دەستی کرد بە پێشێلکردنی دەستورەکەی و لەو بەندە پەشیمان بووەوە کە «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»، ئەم حاڵەتە وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی «ناسنامە: شکۆ و سیاسەتی بێ ئومێدکردن» ئاماژەی بۆ کردووە، گەلی کوردستانی تووشی نائومێدییەکی گەورە کرد و شکۆ و هەستی نەتەوەی گەلی کوردستانی بریندار کرد و، بووە هۆکاری پەنگخواردنەوەی تووڕەیی گەلی کوردستان و لە ساتەوەختی ڕۆژی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تەقییەوە و، حکومەتی قاسم ئەم چەخماخەی شۆڕشەی ناو لێ نا: «هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون»، بەڵام بێ ئاگا بوو لەوەی شۆڕشی نەتەوە کە دەستی پێ کرد، مرۆڤ چەند تانك و زرێپۆش و چەکی گەورەی لەبەر دەستدا بێت، ناتوانێت

**سەرۆک مسعود بارزانی، ئەم کیانەی ناوی هەرێمێکی فیدراڵیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، بە چوارچێوەیەک بۆ گێڕانەوەی ئازادی بۆ هەموو گەلی کوردستان دەزانێت**



**ئەگەر لە مێژووی ٣٠ ساڵی «١٩٩٢-٢٠٢٢» ورد ببینەوە، دەبینین هەتا ئێستاش هەموو هەوڵ و خەباتەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەیە کە لە ساڵی ١٩٧٤ شۆڕشی ئەیلوول پلان و پرۆژەکەی بۆ داڕشتووە**

شۆڕش دابمرکێنێتەوە و لەم بارەیەوە هانا ئارنێت نووسیویەتی: «بەروار شەوی ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩یە لە پاریس، کاتێك لویسی شانزەیەم لە نێردراوەکەی (لیانکۆرت) گوێبیستی ئەوە بوو قەڵای «باستیل» گیرا و بەشێك لە بەندییەکان ئازاد بوون. لەسەر ئەم ڕووداوە لویس بانگی نێردراوەکەی دەکات و پێی دەڵێت: «ئەوە یاخیبوون و هەڵگەڕاونەتەوە»، لە بەرامبەریشدا نێردراوەکەی پێی دەڵێت: «نەخێر ئەی خاوەن شکۆ ئەوە هەڵگەڕانەوە نییە و شۆڕشە»، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم چەمکە وەك میتافۆر لە گەردوونەوە هاتووەتە خوارەوە و وەك ئەو خولانەوە بازنەییەی ئەستێرەکانە و لە توانای مرۆڤەکاندا نییە ڕایان بگرێت.

بە هاوشێوەی ئەو تەفسیرەی «ئارنێت» بۆ دەستپێکی شۆڕشی فەرەنسای دەکات، شۆڕشی ئەیلوولی گەلی کوردستانیش کە چەخماخەی دا، هەتا ئێستاش بڵێسەکەی هەر بەردەوامە و هەموو گەلی کوردستانیش چووە قۆناغێکی نوێی بیرکردنەوە بۆ خەبات و تێکۆشان بۆ گێڕانەوەی ئازادی و گەیشتن بەو قەناعەتەی هەتا ئەگەر لەگەڵ وڵاتانی داگیرکاریش بمێننەوە دەبێت ئەو ڕژێمانە ناچار بکەین کە لە سنووری ئەو بەشەی پێی دەگوترێت کوردستان بە شێوەیەك لە شێوەکان گەلی کوردستان خۆی یاسا بۆ خۆی دابڕێژێت و خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات. لەم چوارچێوەیەدا شۆڕشی ئەیلوول ئەم وەرچەرخانانەی بەسەر بیرکردنەوەی تاکی کوردستانی هێناوە:

١. ئیرادەی شۆڕشگیرانەی نەتەوە بۆ «گێڕانەوەی ئازادی» لە هەموو ئیرادەیەك گەورەترە و کاتێك بڵێسەی گڕگرتووی ئەم ئیرادەیە لە شۆڕشدا دەردەکەوێت، ئیدی دامرکاندنەوەی لە توانای مرۆڤ و ئەو حکومەت و ڕژێمانەش گەورەتر دەبێت و هیچ هێزێك ناتوانێت دایبمرکێنێتەوە، ئەم قەناعەتە پێش چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوول وەك پێویست بوونی نەبووە.

٢. شۆڕشی ئەیلوول بۆ هەموو جیهانی سەلماند گەلی کوردستان بە ناچاری و بۆ گێڕانەوەی ئازادی شۆڕش دەکات و، شۆڕشەکەش تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نییە، بەڵکو خەباتە

بۆ بونیادنانی کیانێك بۆ ئەوەی بە یاسا لەو کیانەدا ئازادی بپارێزێت.

٣. یەکەمین داوای لەرژێمەکانی عێراق بۆ دانوستاندن لەگەڵ شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٤، شۆڕشی ئەیلوول داواکاری «سیستمی لامەرکەزی» کردووە، واتە بەڕێوەبردنی کوردستان لە سیستمی ناوەندی عێراقەوە نەکرێت و کورد مافی ئەوەی هەبێت خۆی خۆی بەڕێوە بەرێت. پێش شۆڕشی ئەیلوول ئەم داواکارییە لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بوونی نەبووە، ڕاستە تاك لایەنە شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی مەملەکەتی ڕاگەیاند و دواتریش پێشەوا قازی محەمەد لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، بەڵام یەکەمجار بوو حکومەتێکی داگیرکاری کوردستان ئامادەباشی پیشان بدات لەسەر شێوازێکی تازەی بەرێوەبردن لەگەڵ شۆڕشی کوردستان دانوستاندن بکات.

٤. لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا کە شۆڕشێك بتوانێت ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ حکومەتێکی داگیرکەر بە ناو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ئیمزا بکات.

٥. لە ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی ڕژیمی حزبی بەعس ئامادە نەبوو ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ وەك خۆی جێبەجێ بکات، شەر لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی بەعس دەستی پێ کردەوە و لە گەرمەی ئەو شەڕەدا ڕابەری کاریزما مستەفا بارزانی لیژنەیەکی ڕاسپارد، پڕۆژەیەك بۆ فیدڕاڵیزم ئامادە بکەن و، بیکەن بە دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان.

٦. لە ئابی ١٩٩٢ سەرۆك مسعود بارزانی لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا توانی بڕگەیەك لە بریارەکانی کۆنگرەی ڤیەننای ئۆپۆزسیونی عێراقی بگۆڕێت و جێمز بێکەر وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا بە فیدڕاڵیزم ڕازی بکات و دواتریش توانی پشتگیریی فەرەنسای بۆ دەستەبەر بکات، دوای گەرانەوەشی لە ئەیلوولی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی خۆیان بۆ بڕیاری فیدڕاڵی ئامادە بکەن و لە ٤ی ١٠ی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو پڕۆژەیەی کە ساڵی ١٩٧٤ بۆ فیدڕاڵی ئامادە کرابوو، بڕیارە مێژوویەکەی فیدڕاڵی پەسەند کرد، لەمەش گرنگتر هەر لە ٣٠ی ١٠ی ١٩٩٢ وەك مەرجی پێشوەختەی سەرۆك مسعود بارزانی، فیدڕاڵیزم لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی «INC» لە هاوینەهەواری پیرمام چەسپێندرا.

سەرۆك مسعود بارزانی لە بەرگی پێنجەمی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان» ئاماژە بەوە دەکات لە «پێشتر لەگەڵ مام جەلال لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باسی فیدڕاڵیزم بکەین، بۆیە کە من باسم کرد، یەکسەر مام جەلال گوتی پشتگیریی هەموو بۆچوون و قسەکانی بارزانی دەکەم».

ئەمەیە سیحری چەخماخەی شۆڕشی نەتەوەیی کە لە مێژووی هەموو نەتەوەکاندا یەکجار دادەگیرسێت و هەموو ئەو قۆناغانەی دیکە کە بەدوایدا دێن، دەبنە تەواوکار و درێژەپێدەری ئەو شۆڕشە.

لێرەوە ئەگەر لە مێژووی ٣٠ی ساڵی «١٩٩٢-٢٠٢٢» ورد ببینەوە، دەبینین هەتا ئێستاش هەموو هەوڵ و خەباتەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەیە کە لە ساڵی ١٩٧٤ شۆڕشی ئەیلوول پلان و پڕۆژەکەی بۆ دارشتووە و ڕاستە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٥، عێراق لەناو دەستوورەکە وەك دەوڵەتێکی فیدڕاڵی و فرەیی و پەرلەمانی دامەزرایەوە و لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە و دووبارە گێرانەوەی سەقامگیری و شکۆ بۆ دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراق هاوکارییەکی زۆری حکومەتی فیدڕاڵی عێراق کرا، بەڵام ئەوەی کە سەرۆك بارزانی پێداگری لەسەر کرد و کردیە گەرەنتی و زامن بۆ مانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت هەرێمی کوردستانی پێ بپارێزێت، بووە هۆکاری ئەوەی ئەم هەرێمە وەك قەوارەیەکی سەربەخۆی دیفاکتۆ بپارێزێت.

سەرۆك مسعود بارزانی، ئەم کیانەی ناوی هەرێمێکی فیدڕاڵیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراقدا، بە چوارچێوەیەك بۆ گێرانەوەی ئازادی بۆ هەموو گەلی کوردستان دەزانێت، هەر بۆیە ئێستا پاراستنی ئەم قەوارەیەی کردووەتە ستراتیژیەتی بزووتنەوەی

**نهێنیی سەرهەڵدانی شۆڕشی نەتەوەیی ئەوەیە کە یەکجار هەڵدەگیرسێت و گەورەیی نەتەوەی زیندووش ئەوەیە ڕۆحی ئەو شۆڕشە هەر بە زیندوویی بهێڵێتەوە**

**پەیوەندیی شۆڕشی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی لەگەڵ بنەماڵەی ئال حەکیم و ماڵی شیعە مێژوویەکی دێرین و بەهێزی هەیە، پەیوەندییەکە لەسەر بڕوابوون بە داخوازییە ڕەواکانی نێوان هەر دوو لا بنیات نراوە**

**ئەو نامانەی کە بەردەوام مستەفا بارزانی بۆ ئەلحەکیمی ناردووە، باسی بارودۆخی گەلی کوردستان و شۆڕشی ڕەوای کوردستانیانی تێدا کردووە، بۆیە ئیمام سەید موحسین ئەلحەکیم لە ساڵی ١٩٦٥ فتوایەکی دەرکرد کە شەڕ و کوشتار دژی پێشمەرگە و کورد لە سەروەختی شۆڕشی ئەیلوول حەرام بکرێت**

ڕزگاریخوازیی کوردستان و لە پێناوی پاراستنی ئـەم قەوارەیـە ڕیفراندۆمـی لـە ٢٥ی ئەیلوولـی ٢٠١٧ ئەنجـام دا و هـەر لـە پێنـاوی پاراسـتنی ئـەم قەوارەیـە بڕیـاری دا شـەڕی مـان و نەمـان بـکات و سـەرەنجام پـەروەردگار هاریـکاری هێـزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد و قـەوارەی هەرێمی کوردسـتان بـە پارێـزراوی ماوەتـەوە.

نهێنیی سـەرهەڵدانی شۆڕشی نەتەوەیی ئەوەیە کـە یەکجـار هەڵدەگیرسـێت و گەورەیـی نەتـەوەی زینـدووش ئەوەیە ڕۆحـی ئـەو شۆڕشـە هـەر بـە زیندوویـی بهێڵێتـەوە.

*** کەسـایەتی و سیاسـەتمەداری عەرەبـی، دواتـر بۆتـە ئەمینـداری گشـتی کۆمـکاری وڵاتانـی عەرەبـی**

**ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم لە وەڵامی نامەیەکی بۆ مەلامستەفا بارزانی:**

# داوامان لە حکومەتی عێراق کردووە و داوا لە ئێوەش دەکەین بە شێوازی ئاشتییانە داوای مافەکانتان بکەن.


پەیوەندیی شۆڕشی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی مسـتەفا بارزانـی لەگـەڵ بنەماڵـەی ئـال حەکیـم و ماڵـی شـیعە مێژوویەکـی دێریـن و بەهێـزی هەیـە، پەیوەندییەکـە لەسـەر بڕوابـوون بـە داخوازییـە ڕەواکانـی نێـوان هـەر دوو لا بنیـات نـراوە، هـەر بۆیـە پەیوەندییەکـی پتـەو و نامـە گۆڕینـەوە لـە نێـوان مسـتەفا بارزانـی و موحسـین حەکیـم هەبـووە و لـە ئەنجامـی ئـەو نامانـەی کـە بـەردەوام مسـتەفا بارزانـی بـۆ ئەلحەکیمـی ناردووە، باسـی بارودۆخـی گەلـی کوردسـتان و شۆڕشـی ڕەوای کوردسـتانیانی تێـدا کـردووە، بۆیـە ئیمـام سـەید موحسـین ئەلحەکیـم لـە ساڵی ١٩٦٥ فەتوایەکـی دەرکـرد کـە شـەڕ و کوشـتار دژی پێشـمەرگە و کـورد لە سەروەختی شۆڕشـی ئەیلول حەرام بکرێت، هەروەهـا ئایەتوڵـڵا محەمـەد باقر ئەلسـەدر لـە سـاڵی ١٩٧٤ هەمـان فتـوای دووبـارە کـردەوە کە شـەڕ دژی کورد حـەرام بکرێت، بـە هەمـان ڕێـگاش، لـە میانـی نووسـینەوەی دەسـتوور، ئایەتوڵڵا عەلی ئەلسیستانی بە هیچ شێوەیەك لـە شـێوەکان دژی فیدراڵـی نەوەسـتاوە، بەڵکـو پشـتگیری و پاڵپشـتیی لـەو داڕشـتنە کـرد کـە لـە دەسـتووری عێراقـدا تایبـەت بـە مافەکانـی گەلـی کوردسـتان نووسـرا.

ئەمـەش یەکێکـە لـەو نامانـەی کـە ئایەتوڵـڵا موحسـین ئەلحەکیـم وەڵامـی مسـتەفا بارزانـی داوەتـەوە:

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان و سوپاس بۆ خوا..**
**جەنابی ڕێزدار مەلا مستەفا بارزانی خوای گەورە سەرکەوتووی بکات سڵاو و ڕەحمەتی خوای گەورەتان لێ بێت**

نووسـراوەکەتان گەیشـتە دەسـتمان، دەزانـن کـە ئێمـە سـەردانی حکومەتـی ئێسـتامان کـرد دەربـارەی ناوەڕۆکـی نووسـراوەکەتان، داوای وەزیـر عەبدولحەسـەن زەلزەلەمـان کـرد (خـوا سـەرکەوتووی بـکات)، کـە وەزیـری ناوخـۆش لـەوێ ئامـادە بـوو، ڕێنمایـی حکومەتمـان کرد کـە بـە هەمـوو شـێوەیەك پارێـزگاری لـە خوێنـی بێتاوانـان بکرێـت و ڕێگـە نەدرێـت بـە دەسـتدرێژی بـۆ سـەر نامـووس و سـامانی حەرامیـش تـاڵان نەکرێـت، لەسـەر ئـەم خاڵانـە حکومـەت وەڵامـی ئێمـەی دایـەوە و بەڵێنـی دا بـە پێـی توانـا پارێـزگاری لـە هەمـوو ئەوانـە بـکات، هـەر بۆیـە لـەم چوارچێـوەدا قسـەی ئێمـەش بـۆ ئێـوە ئەوەیـە پێویسـتە ئێـوەش پارێـزگاری لـەو هەمـوو شـتانە بکـەن، ئەگـەر بتانەوێت داوای مافـەکان بکـەن، پێویسـتە بـە پێـی توانـا بـە ڕێگایەکـی هێمـن و بـە شـێوەی ئاشـتییانە بێـت، کـە ئـەو موسـڵمانانە لـە هـەر مەترسـییەك، یـان نیگەرانییـەك بپارێزێـت کـە لـە ئێسـتادا لـە ناوچەکانتانـدا دەژیـن..

**موحسین تەباتەبایی ئەلحەکیم**
**٤ی زیلحجەی ١٣٨٤ك – ٦ی نیسانی ١٩٦٥ز**



بسم الله الرحمن الرحيم

جناب المكرم الملا مصطفى البارزاني وفقه الله تعالى

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

وبعد فقد وصلنا كتابكم ولدى تلاوته فقد عرفتم انا راجعنا الحكومة الحاضرة حول ما تضمنه [illegible] كتابكم فطلبنا الوزير السيد عبد المحسن زاد الله وفقه الله تعالى و[illegible]

ونصحنا الحكومة بكل ما من شأنه المحافظة على الدماء البريئة من ان تراق وعلى الاموال المحترمة من ان تهلك او تنهب فاجابت الى ذلك كله وتعهدت لنا بالمحافظة على جميع ذلك حسب الامكان ونحن الآن ننصح لكم كما نصحناهم فاللازم عليكم المحافظة على هذه الامور كلها واذا اردتم المطالبة بشيء من الحقوق فاللازم حسب الامكان ان تكون على نهج هادئ وبشكل سلمي تحفظ هؤلاء المسلمين الذين هم الآن في مناطقكم من كل خطر او قلق والله سبحانه ولي التوفيق وهو حسبنا ونعم الوكيل والسلام عليكم وعلى المسلمين قبلكم ورحمة الله وبركاته

١٣٨٤
٤ ع

الحكيم

گرنگیی وەڵامی ئەم نامەیەی جەنابی مستەفا بارزانی لەوەدایە کە هەمان ساڵ حکومەتی عەبدولسەلام عارف لە ساڵی ١٩٦٥ داوا لە ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم دەکات فەتوای شەڕی دژی پێشمەرگە بدات و ئەویش ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا مستەفا بارزانی داوای ئەوەی لێ دەکات مافەکانی گەلی کوردستان بە ئاشتی و دیالۆگ بەدی بهێنرێت و، بەڕێز ئەلحەکیم لەسەر ڕاسپاردەی مستەفا بارزانی پەیوەندی بە لایەنی حکومەت دەکات و ئەم وەڵامە بەرزەی مستەفا بارزانی دەداتەوە، ئەم نامە مێژووییە دەیسەلمێنێت کە شکۆی مستەفا بارزانی لای مەرجەعییەتی شیعە زۆر لە شکۆی سەرۆک کۆمارەکانی عێراق گەورەتر بووە.

# ڕۆشنبیر و بەرپرسیارێتیی سیاسی

لە سایەی ئەو شکست و نائومێدییەی کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی عێراقی دوچاری بووە، بە هۆی ئەوەی کە چینی سیاسی لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و، لەم بوارەشدا لە ململانێی سەختدان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، لە هەمان کاتیشدا ئەو چینە سیاسییە دەستەوەستانن و توانای ئەوەیان نییە بنەمایەکی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ململانێیە سیاسییە، جگە لەوەی کە مەبەستیانە ئیرادەی سیاسی بە زەبری چەك بسەپێنن، بۆیە دەبینین کە ململانێی فیکری و سیاسی ڕەهەندگەلێکی تازەی لای ڕۆشنبیری هۆشیار هێناوەتە ئاراوە، کاتێ بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێت تاکو ئەو قەیران و نەهامەتی و بێ ئومێدی و گومان و لەدەستدانی متمانەیە بە بنەما ئایدیۆلۆجییەکان تێپەڕێنێت، کە ساڵانێکی زۆرە سەرچاوەی ئیلهامی ئەو ڕۆشنبیرەیە.

ڕۆشنبیری عێراقی بە دەست هەوڵی چینی حوکمڕان، یان دەسەڵاتداری خاوەن سامان و هەژموونەوە دەناڵێنێت، کە ئازادیی لای ڕۆشنبیر کۆتوبەند کردووە و، بێبەشی کردووە لە بیرکرنەوە و گوزارشتکردن لە بیروڕاکەی، بەو زمانەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، چونکە تا ئێستا دەسەڵاتدارانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هەوڵ دەدەن بە ڕێی توندوتیژییەوە خەڵکەکە بۆ خۆیان ڕابکێشن و، چەمك و تیۆریزە بەسەریاندا بسەپێنن، کە لەگەڵ دید و بۆچوونی ڕۆشنبیری هۆشمەندا ناگونجێت، ئەو ڕۆشنبیرەی دەیەوێت شان بداتە بەر بەرپرسیارتێی کێشە و دۆزی میللەتەکەی خۆی، خەبات بکات لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دوور لە ململانێی بەرژەوەندییەکانی ئەو حزبانەی تەحەککوم بە شەقامی عێراقییەوە دەکەن.

دەسەڵاتدارانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق هەوڵ دەدەن بە ڕێی توندوتیژییەوە خەڵکەکە بۆ خۆیان ڕابکێشن و، چەمک و تیۆریزە بەسەریاندا بسەپێنن

ئەو ڕۆشنبیرە هۆشمەندەی کە میللەتەکەی خۆی خۆشدەوێت، هەمیشە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ناچار بکرێت ئینتیمای بۆ چوارچێوەگەلێکی فیکریی دیاریکراو هەبێت، چونکە دژی توندوتیژی و ناعەقڵانییەتە لە ڕەفتاری سیاسی، هاوکات دەمارگیریی نەتەوەیی و ئایینی ڕەت دەکاتەوە.

ئەو ڕۆشنبیرە هۆشمەندەی کە میللەتەکەی خۆی خۆشدەوێت، هەمیشە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ناچار بکرێت ئینتیمای بۆ چوارچێوەگەلێکی فیکریی دیاریکراو هەبێت

ئەو ڕۆشنبیرەی کە پابەندە بە دۆزی میللەتەکەیەوە، لە نێو هەموو کۆمەڵگەکاندا ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینێت لە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئامانجدار، کاریش دەکات بۆ ئەوەی ئەمە بۆ بزاڤ و توانایەکی کارا بگۆڕێت، تاکو کۆمەڵگە پێش بخات و دیموکراسی وەدی بهێنێت.

بێگومان مەسەلەی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە توندوتیژی و ستەمی ئایدیۆلۆجی، پرۆسەکی ئاڵۆزە و لەلایەن هەموو ڕەوتە فیکرییەکان و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە پێویستی بە کۆششێکی هاوبەش و هۆشمەند و سیستماتیك هەیە، کە دژی ئەوەن دەسەڵات بگۆڕدرێت بۆ ئامانج بە پێی تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆجیی دیاریکراو، هەروەها ڕژێمێکی ستەمکار دابمەزرێت بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان.

ئەو ڕۆشنبیرەی بڕوای بە دۆزی میللەتەکەی هەیە، پرۆسەی گۆڕانکاری بەپێی تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆجی ڕەت دەکاتەوە، پەیامی ڕۆشنبیری هۆشمەند ئەوەیە کە بە تەواوی مامەڵە لەگەڵ چێکنی سیاسیدا نەکات، کە کار بۆ قۆرخکردنی گۆڕەپانی سیاسی و ڕەتکرنەوەی کەسانی دیکە دەکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئینتیماکەی بۆ گەل و نیشتمان و ململانێیە لە پێناو دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری و مافی مرۆڤدا، هەروەها



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

بەشداریکردنی فیکری و داهێنانی پابەند نییە بە کات و شوێنەوە، یان بە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو.

سیاسەتی ئیحتیوای ڕۆشنبیر و شێواندنی ڕۆڵی و بەکارهێنانی بۆ داکۆکیکردن لە ئایدیۆلۆجییەتی دەسەڵاتخواز و قۆرخکاریی کاری سیاسی، دیارترین خەسڵەت و سیمای ڕژێمە نازی و فاشیزمەکان بووە، کە تا ئێستاش لای ڕژێمە تۆتالیتارییەکان پەیڕەو دەکرێت. جێی داخە کە زۆر لە حزب و ڕەوتە سیاسییەکانی عێراق کە خەباتیان کردووە و بەهەزاران شەهیدیان داوە بۆ لەناوبردنی ڕژێمی پێشووی عێراق، هەوڵ دەدەن ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەر پەراوێز بخەن، یان بیانکەنە ئامرازێك بۆ داکۆکیکردن لە بیروبۆچوون و تیۆرە سیاسی و فیکرییەکانیان، هەروەها بۆ ئەوەی دەسەڵات پیرۆز بکەن، چ لە ڕێی سەرکوتکردن، یان بەشێنەوەی مادده بێت.

سەرەڕای ئەوەی کە چینی سیاسیی باڵادەست لە عێراق سەرکەوتوو بووە لە ئیحتیواکردنی هەندێك لەو ڕۆشنبیرانەی کە تەنیا ئینتیمایان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان هەیە و، توانیویانە بیانگۆڕن بۆ مۆڤگەلێکی سەر لێ شێواو، بەڵام زۆر ڕۆشنبیری دیکە هەن تا ئێستا پابەندن بە مەسەلەی ئازادی و دیموکراسییەوە، هەموو ئەو چەمك و تیۆرانە ڕەت دەکەنەوە کە ڕۆڵیان لە نێو کۆمەڵگەدا بەرتەسك دەکەنەوە، ئەوان لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی وفیکرییەکانی سەردەمدا دەژین، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژانە ڕوو دەدات لە بواری زێدەبوونی هۆشیاریی مرۆڤ بە ماف و ئازادییەکانی.

پەیامی ڕۆشنبیر بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ڕەهای مامەڵەکردن، یان ئینتیما بۆ چینێکی سیاسی کە لە سایەی چەندین پاساوی بێ بنەمای مێژوویی، بیروبۆچوون و تیۆری داهێنراو دەخاتە ڕوو، بە مەبەستی ڕۆئیایەکی نەزۆکانەی سیاسی و ناکۆك لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی و پشتبەستوو بە فرەیی سیاسی و فیکری، هەروەها پەیامی ڕۆشنبیر و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئیحتیواکەی لە چوارچێوەی ڕێساگەلێکی دیاریکراوی سستی مەزهەبی، هەروەها ڕێگرتن لەوەی کە گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی خۆی بکات، سەبارەت بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقییەکان.

ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە ڕێی داهێنانە فیکری و عەقڵانی و بەشدارییەکانی لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا بەرجەستە دەبێت، بۆ چەسپاندنی هۆشیاریی عەقڵانی بە مافەکانی تاك و ئازادییە بنەڕەتییەکانییان، بێ ئەوەی پابەندی ئامرازە دیاریکراوەکانی ئایدیۆلۆجی و سیاسیی دیاریکراو ببێت.

ڕۆشنبیری پابەند بە دۆزی گەل و نیشتمانەکەی، بەرپرسیارێتیی ڕۆشنبیریی خۆی بە بەرپرسیارێتیی سیاسی دەبەستێتەوە، هاوکات کاردەکات لە پێناو چەسپاندنی مرۆڤایەتی و ئامانجی سیاسی و دادپەروەریی کۆمەڵگە، بە گوڕ و تینەوە بەشداری دەکات لە پێناو داماڵین و ڕیشەکێشکردنی شکست و بێ سەروبەری و نائومێدی، لەو کۆمەڵگەیەی کە خۆی تێیدا دەژی، دیسان کولتووری ڕەخنەی کەسیی هۆشمەند بڵاودەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا چارەسەری واقیعبینانە دەخاتە ڕوو، کار و پرۆژەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن هەڵدەسەنگێنێت و، کەموکوڕییەکان دەستنیشان دەکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکووڕییانەش پێشنیاری گونجاو دەخاتەڕوو.

**پەیامی ڕۆشنبیری هۆشمەند ئەوەیە کە بە تەواوی مامەڵە لەگەڵ چێکنی سیاسیدا نەکات، کە کار بۆ قۆرخکردنی گۆڕەپانی سیاسی و ڕەتکرنەوەی کەسانی دیکە دەکات**

**زۆر لە حزب و ڕەوتە سیاسییەکانی عێراق کە خەباتیان کردووە و بەهەزاران شەهیدیان داوە بۆ لەناوبردنی ڕژێمی پێشووی عێراق، هەوڵ دەدەن ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی نیشتمانپەروەر پەراوێز بخەن**






# حکومەتی کارا و بەهێز

## مەرجی پێشوەختە بۆ حوکمڕانیی باش

**ئەگەر پەرەپێدانی سیاسی نەگاتە ئەو ئاستەی سیستمێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت دابین بکات، ئەوا گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی بەردەوام ناچنە سەر سکەی خۆیان و ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە**

**ناکرێت پێش بوونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز سندوقی دەنگدان دابنێت و پرۆسەی بەدیموکراتی کردنی کیانە سیاسییەکەش پێش پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە بەهێزەکە بخرێتەوە**

**حکومەتی بەهێز و کارا بریتییە لە حکومەتێکی بەهێز و سەروەرییەکی بەهێز و میکانیزمێکی بەهێزی لێپرسینەوەی پەرلەمانی، ئەم سێ فاکتەرە بە ئاسانی لە هەموو حکومەتێکدا کۆ نابنەوە**

پەرەپێدانی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز، پرۆسەیەکی سەربەخۆیە و جیاوازە لە پرۆسەی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەگەر پەرەپێدانی سیاسی نەگاتە ئەو ئاستەی سیستمێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت دابین بکات، ئەوا گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی بەردەوام ناچنە سەر سکەی خۆیان و ئاکامێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە، ئەزموونی دەوڵەتە سەرکەوتووەکانیش لە پرۆسەی پیادەکردنی حوکمڕانیی باشدا، سەرەتا بایەخیان بە بونیادنانی سیستمێکی سیاسیی گونجاو بە وڵاتی خۆیان داوە، ئەوجا بیریان لەوە کردووەتەوە کە دەوڵەت، یان کیانە سیاسییەکە بەرەو دیموکراتییەت هەنگاو هەڵبگرێت.

پسپۆرانی بواری سیاسەتی گشتی «Pub-lic policy» و سیاسەتی حوکمڕانی لە توێژینەوەکانیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە: «مەرج نییە هەموو سیستمێکی دیموکراتی بتوانێت حوکمڕانیی باش پیادە بکات، بەڵام هەموو دەوڵەتێکی بەهێزی سنووردارکراو بە چەند دیسپلینێك دەتوانێت حوکمڕانیی باش پیادە بکات»، بۆیە ڕێنمایی ئەوە دەکەن ناکرێت پێش بوونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز سندوقی دەنگدان دابنێت و پرۆسەی بەدیموکراتی کردنی کیانە سیاسییەکەش پێش پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە بەهێزەکە بخرێتەوە.

ئیتاڵیا و یۆنان کە هەردووکیان ئەندامی یەکێتیی ئەورووپان و تەواوی پێوەرەکانی کۆبنهاگنیان لەسەر پراکتیزە دەبێت و دوو دەوڵەتی دیموکراتین، بەڵام لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە سیستمێکی سیاسیی ئەوتۆ دابین بکەن کە حکومەتێکی کارا و بەهێز بەرهەم بهێنێت، ئەوا جیاوازیی (ئیتاڵیا و یۆنان) لەگەڵ (دانیمارك و ئەڵمانیا) وەك جیاوازیی ئاسمان و ڕێسمان وایە، هەر بۆ نموونە لە ئەڵمانیا و دانیمارك سەقامگیریی حکوومی و کەمترین ڕێژەی گەندەڵی هەیە و هاووڵاتیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی پارێزراوە، بەڵام لە ئیتاڵیا و یۆنان پاشاگەردانیی حکوومی و بوونی گەندەڵییەکی زۆر و فرەییەکی حزبیی ئەوتۆ هەیە، کە هاووڵاتیانی بێزار کردووە و لە بچووکترین تەنگژەی ئابووریی سیاسیدا، ئەو دەوڵەتە شپرزە دەبێت و دەوڵەتانی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا بەو ئاستە شپرزە نابن.

سەرۆك مسعود بارزانی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، دروشمی کوردستانێکی بەهێزی کردە دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان و، هەڵبژاردنەکانیشی زۆر بە گەورەیی بردەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دروشمەش بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دارێژرا و هەر لەسەر بنەمای پاراستنی (کوردستانێکی بەهێز) هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەکە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان دانرا، بەڵام کۆمەڵێك سنووریش بۆ پابەندبوون بەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییە دیاری کرا و، ئەمەش بەو مانای ئەگەر کاری هاوبەش و پێکەوەیی ئەم هاوپەیمانییە لە ناو حکومەتدا لەگەڵ ئاراستەی کوردستانێکی بەهێز یەك نەگرێتەوە، ئەوا ئەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییە کە بۆ پێکهێنانی ئەو کابینەیە گرێ دراوە، چاوی پێدا دەخشێندرێتەوە، یان ڕەت دەکرێتەوە.

**● کابینەی نۆیەم**

**حکومەتێکی کارا و بەهێز**

حکومەتی کارا و بەهێز تەنیا بریتی نییە لە بونیادنانی دامەزراوە، یان ئەوەی پێی دەگوترێت بەدامەزراوەییکردنی کاروبارەکان، بە پێچەوانەوە حکومەتی بەهێز و کارا بریتییە لە حکومەتێکی بەهێز و سەروەرییەکی بەهێز و میکانیزمێکی بەهێزی لێپرسینەوەی پەرلەمانی، ئەم سێ فاکتەرە بە ئاسانی لە هەموو حکومەتێکدا کۆ نابنەوە، هەر بۆیە پرۆسەی کۆپیکردنەوەی نموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانیی باش کارێکی ئاسان نییە، ئەو ڕاستییەش بە تەواوەتی پێچەوانە کراوەتەوە کە حوکمڕانیی باش پێویستی بە ژێرخانێکی پتەوی دیموکراتی هەبێت و، نموونەی زۆر سەرکەوتووی حوکمڕانیی باش لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی هەن، کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتیان تێپەڕاندووە، هەر بۆ نموونە: هیلمۆت کۆڵ ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا، کە توانی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەر دوو ئەڵمانیا یەك پێ بگرێتەوە، کاتێك

کتێبی «چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورا» دەخوێنێتەوە، سەرسامییەکەی بە (لی کوان یو) دەگاتە ئەو ساتەی کە نووسیویەتی: «لی کوان یو لە بونیادنانەوەی دەوڵەتی سەنگافوار هونەرێکی تازەی دەوڵەتمەداریی فێر کردین». هینری کیسنجەر شێخی دیپلۆماتییەتی ئەمریکا لە سەدەی بیست و بیست و یەك، دیسان نووسیویەتی: «لی کوان یو نموونەیەکی سەرکەوتووی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتووی لە دەرەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا پێشکەش کردین»، ئەم قسەیە بۆ ژنراڵ پارك چانگیش ڕاستە کە بە ڕێگەی کودەتای سەربازی گەیشتە دەسەلات و حکومەتە دیموکراتییەکەی (سینگمان ڕەی) ڕووخاند و لە ماوەی ١٠ ساڵدا کۆریای باشووری لە وڵاتێکی کاول و دواکەوتووی دوای شەڕەوە گەیاندە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا و، ڤیزەی ئۆلمپیادی سیئۆلی ١٩٨٨ی وەرگرت، ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی پارك چانگ لە پرۆسەی بونیادنانەوەی کۆریای باشوور کە بە زمانی کۆری پێی دەگوترێت «سیمائۆل» و، ئێستا بووەتە ناونیشانی ئامۆژگایەکی گەورە کە لەلایەن وەزارەتی بەرگریی کۆریای باشوورەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بووەتە ئامۆژگایەك بۆ فێربوونی بونیادنانەوەی دەوڵەت و بەردەوام خولی ڕاهێنان بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهانی تێدا دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە ئەزموونی پارك چانگەوە فێری بونیادنانەوەی دەوڵەت و پیادەکردنی حوکمڕانیی باش ببن.

نموونەیەکی زۆر نزیکتر لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی حکومەتی کارا و بەهێز، دەوڵەتی ڕواندای ئێستایە لە ئەفریقیا، ڕواندا لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ماوەی چەند مانگێکی شەڕی ناوخۆدا، زیاتر لە یەك ملیۆن کەسیان لە یەکتری کوشت و بە دەیان فیلمی خوێناوی لە وەحشیەتگەرایی ئەو دەوڵەتە بەرهەم هێنرا، بەڵام کاتێك پاول کاگامی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ بووە سەرۆکی ڕواندا، وەك توێژەر و شارەزایانی ڕواندا ئاماژەیان پێ کردووە: «تەنیا یەك فرەنك لە خەزینەی دەوڵەتی ڕواندا نەبووە و، بە دەوڵەتی قەبرستان ناویان بردووە»، بەڵام بە بونیادنانی حکومەتێکی کارا و بەهێز و پیادەکردنی سیاسەتی یەك پەنجەرە بۆ هاندانی وەبەرهێنان و بونیادنانەوەی وڵات، لە ئێستادا بە ڕواندا دەگوترێت (سانگافورای ئەفریقیا) کە بووەتە جوانترین دەوڵەت لە ئەفریقیا بۆ گەشتیاری.

لە ئەمریکای لاتین شوێنی جوگرافیی ئەرجەنتین زۆر لە جوگرافیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا بۆ گەشەی ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی لەبارترە، بە هەمان شێوە جوگرافیای کووباش لە جوگرافیای ئەرجەنتین باشترە، بەڵام لە هیچ کام لەو دوو وڵاتە نەتوانراوە حکومەتێکی کارا و بەهێز بونیاد بنێن و زەمینە بۆ گەشەی ئابووری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بڕەخسێنن، بەڵام بە پێچەوانەوە هەر لە ئەمریکای لاتین کە (چیلی) یە و لە باکوورەوە هاوسێی وڵاتی ئەرجەنتینە، دەبینین ئەندامبوونی لە گرووپی (G20) دروستی و باشیی حوکمڕانییەکەی دەسەلمێنێت و، هیچ کام لەو دەوڵەتانەشی ئاماژەمان پێ کردن، بەو مانایەی ڕۆژئاوا پێناسەی سیستمی دیموکراتی پێ دەکات، دیموکراتی نین، بەڵام هەموو ئەم نموونانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە بونیادنانی دەوڵەتی بەهێز، پێویستی بە بڕیاردانە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کارا و بەهێز.

لەوانەیە پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوە بێت، چۆن حکومەتی کارا و بەهێز پێك دەهێنرێت؟ ئەو سەرکردە کاریزمایانەی سەرکەوتوو بوون لە بونیادنانی حکومەتی کارا و بەهێز، پێمان دەڵێن: «حکومەتی کارا و بەهێز بە کتێب و هێنانی ڕاوێژکاری بیانی بونیاد نانرێت، بەڵکو بە بیرکردنەوە لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە و یەکخستنی توانای نەتەوە و ڕێگرتن لە گەندەڵی و پاشاگەردانی بونیاد دەنرێت و، هەر دەوڵەت و نەتەوەیەکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە ناکرێت ئەزموونی سەرکەوتووی هیچ وڵات و نەتەوەیەك لە وڵات و نەتەوەیەکی دیکەدا کۆپی بکرێتەوە».

لەسەر ئاستی کوردستان و بۆ هەنگاوهەڵگرتن بۆ کوردستانێکی بەهێز، سەرۆك مسعود بارزانی لە دەستپێکردنی بۆ گەڵاڵەکردنی بەرنامەی چاکسازی و یەکخستنی تواناکانی گەلی کوردستان بۆ بونیادنانی حکومەتیکی

**سەرۆک مسعود بارزانی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، دروشمی کوردستانێکی بەهێزی کردە دروشمی پارتی دیموکراتی کوردستان و، هەڵبژاردنەکانیشی زۆر بە گەورەیی بردەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دروشمەش بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان داڕێژرا**

**پرۆسەی کۆپیکردنەوەی نموونە سەرکەوتووەکانی حوکمڕانیی باش کارێکی ئاسان نییە، ئەو ڕاستییەش بە تەواوەتی پێچەوانە کراوەتەوە کە حوکمڕانیی باش پێویستی بە ژێرخانێکی پتەوی دیموکراتی هەبێت**

**حکومەتی کارا و بەهێز بە کتێب و هێنانی ڕاوێژکاری بیانی بونیاد نانرێت، بەڵکو بە بیرکردنەوە لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە و یەکخستنی توانای نەتەوە و ڕێگرتن لە گەندەڵی و پاشاگەردانی بونیاد دەنرێت**



**سەرۆک بارزانی لە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە (گەندەڵیی سیاسی و پاشاگەردانیی سیاسی) کۆتایی پێ هێنا و، نەخشە ڕێگەی بۆ حکومەتێکی کارا و بەهێزی لە ناو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دارشت**

کارا و بەهێز و، بۆ دەستپێکردنی ئەم بەرنامەیەش نەهێشتنی «گەندەڵی سیاسی و پاشاگەردانیی سیاسی» وەك هەنگاوی یەکەمی بەرنامەکەی دەست پێ کرد و لە ٢٠ی ١١ی ٢٠١٦ لە وتارەکەیدا لە باشیك بە بۆنەی کۆتاییهاتنی شەڕی داعش لە کوردستان ئاماژەی پێ کرد: «سەرکەوتنمان بەسەر تیرۆریستانی داعش لە بەرەی کوردستانەوە ڕادەگەیەنین، ئینجا نۆرەی شەڕی ئیرهابی فیکری و سیاسییە»، بۆ ئەمەش وێڕای ئەوەی کوردستان تووشی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بوو، بەڵام سەرۆك بارزانی لە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە (گەندەڵیی سیاسی و پاشاگەردانیی سیاسی) کۆتایی پێ هێنا و، نەخشە ڕێگەی بۆ حکومەتێکی کارا و بەهێزی لە ناو کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دارشت، لەبەر ئەوەشی کە گەندەڵیی سیاسی و پاشاگەردانیی سیاسی تا ڕادەیەکی باش کۆتایی پێ هاتبوو، یان لانیکەم نەیاندەتوانی لە ناو پەرلەماندا کاریگەرییان هەبێت، لە ماوەیەکی کورتدا یاسای چاکسازی نێردرایە پەرلەمان و پەسەند کرا و حکومەتیش لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا زەمینەی جێبەجێکردنی بۆ ڕەخساند.

لەگەڵ ئەوەی زەمینەی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر قورس و نالەبار بوو، بە تایبەتی کە ڕووبەڕووی ئەم ئاستەنگە گەورانە بووەوە.

١. خاڵی گرنگ و سەرەکیی کابینەی نۆیەم کە تەمموزی ساڵی ٢٠١٩ دەستبەکار بوو، ئەوە بوو کە میکانیزمێك بۆ کۆی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند بدۆزێتەوە، بەڵام هێشتا ١٠٠ ڕۆژی کارکردنی تەواو نەکردبوو، کە خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩ دەستی پێ کرد و، ئێستاشی لە گەڵدا بێت، باردۆخەکە هێور نەبووەتەوە و شتێك نییە لە ڕووی کردارییەوە پێی بگوترێت حکومەت لە عێراقدا.

٢. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ پەتای کۆرۆنا لە پەتایەکی لۆکاڵییەوە بوو بە پەتایەکی جیهانی و ئابووریی هەموو دەوڵەتانی جیهان



ڕووی لە هەڵاوسانێکی گەورە کرد و، بەهای نەوت بە ڕێژەیەکی زۆر هاتە ژێر سفر و، لە هەمانکاتدا حکومەتی بەغدا ئەو برە پارەیەی کە ڕێککەوتبوون بینێرن بۆ کوردستان، ئەویشیان بڕی و تەنانەت لە ناو پەرلەمانی عێراق لە پرۆژەی ئەو قەرزەی تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق مووچەی پێ دابین بکات، بە فەرمی و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی عەرەبی پەرلەمانی عێراق، بەشی کوردستان لە ناو پرۆژەکە دەرهێنرا.

٣. لە کوردستان تێکرای لایەنە سیاسییەکان بە سەرکەوتنە گەورەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ قەڵس و نیگەران بوون، بۆیە لە کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، هەوڵیان دا دیسانەوە پاشاگەردانیی سیاسی لە کوردستان دروست بکەن و حکومەتی کابینەی نۆیەم برووخێنن.

بەڵام وێڕای ئەم هەموو ئاستەنگانە و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان ڕایگەیاند: «بڕیارمان داوە لە ئێستاوە پشت بە خۆمان ببەستین و، ڕاستگۆیانە بە گەلی خۆمان دەڵێین لە ئێستادا تەنیا توانای ٨٠٪ی مووچەمان هەیە و، دەست بە کاراکردنەوەی پرۆژە کۆنەکان دەکەینەوە و، هەنگاو بۆ پرۆژەی تازە و ستراتیژی هەڵدەگرین»، لەمەشدا سەرکەوتوو بوو و لە ساڵی ٢٠٢٢ لەگەڵ ئەوەی ئێستاش بەغدا وەك پێویست ئەو برە پارەیە نانێرێت، بەڵام مانگانە مووچە دەدرێت و بە هەزاران پرۆژەی گەورە و ستراتیژی و مامناوەند لە هەموو بوارەکاندا کاری تێدا دەکرێت.

فرانیس فۆکۆیاما سەبارەت بە کاریگەریی حکومەتی کارا و بەهێز دەڵێت: «هەموو لایەك دەیانەوێت حکومەتێکی کارا و بەهێزی وەك دانیمارك پێك بهێنن، بەڵام بێئاگان لەوەی دانیمارك چۆن بووەتە دانیمارك»، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازی و دەستخۆشییە کابینەی نۆیەم دەزانێت چۆن کوردستان دەکاتە کوردستانێکی بەهێز.

**لە کوردستان تێکرای لایەنە سیاسییەکان بە سەرکەوتنە گەورەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ قەڵس و نیگەران بوون، بۆیە لە کاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، هەوڵیان دا دیسانەوە پاشاگەردانیی سیاسی لە کوردستان دروست بکەن و حکومەتی کابینەی نۆیەم برووخێنن**



**لیوا هێرش ئەحمەد محەمەد**

**بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و نشینگەی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# مامەڵەی کارتی نیشتمانی و نشینگە بە ڕێگەی ئیمێڵ دەکرێت

**ئاشکرایە کە پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و نشینگە گرنگی و بایەخێکی تایبەت و بەرچاویان پێ دراوە و لەم ڕووەوە ئاسانکاریی زۆر بۆ هاووڵاتییان کراوە، بۆ تیشکخستنە سەر ئەم پرسانە و چەند بوارێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ لیوا هێرش ئەحمەد محەمەد بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و نشینگەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ئەرك و کارەکانی ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و نشینگە زۆرن، ئێوە وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و نشینگە تا چەند کارئاسانیتان پێشکەش بە هاووڵاتیان کردووە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕۆتین نەبنەوە؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامەی هەرێم لە کوردستان لە چوار بەڕێوەبەرایەتی پێکهاتووە، یەکەم: بەڕێوەبەرایەتیی ڕگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی و کارتی نیشتمانی. دووەم: بەڕێوەبەرایەتیی پاسەپۆرت. سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیی نیشینگە (ئیقامە). چوارەم: بەڕێوەبەرایەتیی کارتی زانیاری. ئەو چوار بەڕێوەبەرایەتییە لە هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەیە، هاوکات لە ئیدارە سەربەخۆکان نووسینگەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە هەیە بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زۆر ماندوو نەبن و تووشی هاتوچۆ و زەحمەتی و پارە خەرجکردن نەبن. دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ خوارەوە شۆڕ کراونەتەوە، ئەمەش بەوەی کە لە هەر پارێزگایەك بۆ هەر بەڕێوەبەرایەتییەك چەند نووسینگە و فەرمانگەیەك دامەزراوە، تاوەکو بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین ماوە و بە بێ ڕۆتین کار و مامەڵەکانی هاووڵاتیان ڕایی بکرێن. بۆ نمونە لە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەبەرایەتیی پاسپۆرت پێنج نووسینگەی هەیە کە ئەمانەن: نووسینگەی پاسپۆرتی (سلێمانی و گەرمیان و چەمچەماڵ و هەڵەبجە و پێنجوێن) و لە پارێزگای هەولێر چوار نووسینگەی پاسپۆرت هەیە، کە نووسینگەی پاسپۆرتی (هەولێر یەك و هەولێر دوو و کۆیە و سۆران)ن. لە پارێزگای دهۆك سێ نووسینگەی پاسپۆرت هەیە (دهۆك یەك و زاخۆ و ئاکرێ) و بڕیارە لەو نزیکانە نووسینگەی پاسپۆرت لە ئامێدیش بکرێتەوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەش جگە لە نشینگە ئەوە کارتی زانیاری و کارتی نیشتمانی هەر یەکەیان چەندین نووسینەگەیان هەیە کە بە شێوەیەکە هەر قەزا و ناحیەیەك نووسینگەیان بۆ هاووڵاتیانی سنووری خۆیان تێدا دامەزراوە.

*** لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو گوێبیستی ئەوە بووین کە ئەو پاسەپۆرتەی کە ئێستا هەیە دەگۆڕدرێت بە پاسەپۆرتێکی دیکە، ئەمە بۆچی و کەی پاسەپۆرتی تازە دەدرێت بە خەڵك و جیاوازی چییە لەگەڵ ئەو پاسەپۆرتانەی کە ئێستا خەڵك هەیەتی؟**

- هەرێمی کوردستان لە ڕووی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و گەشتوگوزار و جموجووڵی بازرگانییش بە شێوەیەکی بەرچاو هەنگاوی باشی لەو ڕووەوە ناوە کە ڕۆژانە لە ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و سلێمانی و خاڵە سنوورییەکان و ڕێگای وشکانی هاتوچۆیەکی زۆر لە نێوان هەرێمی کوردستان و چەندین وڵاتانی دونیا هەیە، بەتایبەتی لە ڕووی بازرگانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاتوچۆی دیپلۆماسی و گەشتیاری، لەلایەکی دیکەوە ئەو بەرنامە و پلانەی کە ئێستا لە کابینەی نۆیەم بۆ ئاوەدانی و گەشەکردنی کوردستان دانراوە بە تایبەتی لە بواری وەبەرهێناندا وای کردووە هاووڵاتیانی کوردستان وەك پێداویستییەکی سەرەکی داخوازییان لەسەر دەرهێنانی پاسەپۆرت زۆر زیادی کردووە و بە هۆی ئەو هەوڵانەی حکومەتی کوردستانەوە هەر کەسێك داوای کردبێت پاسەپۆرت دەربهێنیت، ئەوە پاش مامەڵە و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان بەپێی یاسا بۆوونەتە خاوەنی پاسەپۆرتی خۆیان، بەڵام ئەو پاسەپۆرتانەی لە ماوەی ڕابردوو دەرچوون بە حرف(A) دەتوانرێت تەزویری تێدا بکرێت و ئەو حاڵەتەش ڕوویداوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو پاسەپۆرتانەی ئێستا چاپەکانیان ستاندارد و بە کواڵیتیی جیهانی نییە و لە ڕووی ئەوەشەوە وەك لە دستوور دانراوە، دەبێت زمانی کوردی لەسەر بێت،

**لە هەر پارێزگایەک بۆ هەر بەڕێوەبەرایەتییەک چەند نووسینگە و فەرمانگەیەک دامەزراوە، تاوەکو بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین ماوە و بە بێ ڕۆتین کار و مامەڵەکانی هاووڵاتیان ڕایی بکرێن**

**ئەو پاسەپۆرتانەی لە ماوەی ڕابردوو دەرچوون بە حرف (A) دەتوانرێت تەزویری تێدا بکرێت و ئەو حاڵەتەش ڕوویداوە**

**پاسەپۆرتی نوێ زۆر هەستیارە و بە ئەلکترۆنییە و بەستراوەتە بە کارتی نیشتمانی و بە هیچ جۆرێک ناتوانرێت تەزویر بکرێت، هاوکات پاسەپۆرتەکە بە نێودەوڵەتی دەکرێت و شان بە شانی پاسەپۆرتی وڵاتانی دونیا بە تایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

**کارتی نیشتمانی بەڵگەنامەیەکی گرنگە کە ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی و هەموو پێناسەیەکی تایبەت بە هاووڵاتیانی تێدا کۆدەکرێتەوە و پێویستی بە تازەکردنەوەش نییە**

**لە هەولێر ٣١ نووسینگەی کارتی نیشتمانی و لە دهۆک ١٧نووسینگە و لە سلێمانی ٣٣ نووسینگە هەیە**

**هەندێکجار تەواوبوون و گەڕانەوەی کارتەکان درەنگ دەکەوێت، کە ئەمە هۆکارەکەی لەلای ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ئەو ئیجرائات و ڕۆتینانە دەگەڕێتەوە کە لەلای حکومەتی عێراقەوەیە**

هاوتەریب لەگەڵ زمانی عەرەبی، بەڵام هەبوونی زمانی کوردی وەك مافی نەتەوەیی و هەرێمێکی فیدراڵ بەپێی پێویست نییە و هەڵەی ڕێنووس و زمانەوانییش لە نووسینەکانی زمانی کوردی تێدایە، لەبەر ئەم هۆکارانە و بەئەلکترۆنیکردنی پاسەپۆرتەکە لایەنی پەیوەندیداری عێراقی بە هەماهەنگی و گفتوگۆ و ئاگاداریی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی ئەوەدان کە پاسەپۆرت بگۆڕن، بە جۆرێکی زۆر پێشکەوتوو و کواڵیتیی بەرز و بەئەلکترۆنێکردنی بە شێوەیەکی ئاوا کە هەموو وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا و پێشکەوتوو ئیعترافی پێ بکەن و بتوانن بە ئاسانی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لە عێراقەوە بە هەماهەنگیی ئێمە لیژنەیەك دانراوە کە لیژنەکەش لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیا گفتوگۆ و گرێبەستیان بۆ چاپکردنی پاسەپۆرتەکە ئەنجام داوە، کە جۆری پاسەپۆرتی نوێ زۆر هەستیارە و بە ئەلکترۆنییە و بەستراوەتە بە کارتی نیشتمانی و بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت تەزویر بکرێت، هاوکات پاسەپۆرتەکە بە نێودەوڵەتی دەکرێت و شان بە شانی پاسەپۆرتی وڵاتانی دونیا بە تایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

*** پرۆسەی دەرهێنانی کارتی نیشتمانی بە چی گەیشتووە و چۆن هەوڵ دراوە ئاسانکاریی بۆ هاووڵاتیان لە مامەڵەکردنیدا بکرێت؟ ئایا ئەو بەڵگەنامەیە هێشتا زۆر خەڵك ماون وەری بگرن؟**

- کارتی نیشتمانی بەڵگەنامەیەکی گرنگە کە ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی و هەموو پێناسەیەکی تایبەت بە هاووڵاتیانی تێدا کۆدەکرێتەوە و پێویستی بە تازەکردنەوەش نییە. لە سەرەتادا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کە دەستبەکار بووین بۆ پێدانی کارتی نیشتمانی فەرمانگە و نووسینگە کەم بوو، لە پاشان بۆ ئەوەی خەڵك زۆر ماندوو نەبن و بە ئاسانی و بە بێ قەرەباڵغی مامەڵەکانیان بکەن، لە هەر شار و پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان چەندین نووسینگەی کارتی نیشتمانی کرانەوە کە ئێستا بەو شێوەیەن: لە هەولێر ٣١ نووسینگەی کارتی نیشتمانی و لە دهۆك ١٧نووسینگە و لە سلێمانی ٣٣ نووسینگە هەیە. لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خێراترکردنی مامەڵەی کارتی نیشتمانی، دەسەڵات بۆ نووسینگەکان و قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان شۆڕ کرایەوە، تاوەکو هاووڵاتیان لە هەرێم بتوانن لە نزیك سنوورەکانی خۆیان مامەڵەکانیان جێبەجێ بکەن. هەندێکجار تەواوبوون و گەڕانەوەی کارتەکان درەنگ دەکەوێت، کە ئەمە هۆکارەکەی لەلای ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ئەو ئیجرائات و ڕۆتینانە دەگەڕێتەوە کە لەلای حکومەتی عێراقەوەیە، لەم دواییانەش هەندێك کێشەی دیکە هەبوو کە بووە هۆی دواکەوتنی گەڕانەوەی کارتی نیشتمانیی هاووڵاتیانی هەرێم، ئەویش کەمیی کارتەکان بوو. ئەو کارتە هەر کەسێك داوای بکات و مامەڵەکەی جێبەجێ بکات، پاش ماوەی دیاریکراو بۆی دەگەڕێتەوە و لە پارێزگای هەولێر تا ئێستا نزیکەی یەك ملیۆن کەس کارتی نیشتمانی دەرهێناوە و لە سلێمانی و دهۆکیش کەمتر لە ملیۆنێك هاووڵاتی بوونەتە خاوەن کارتی نیشتمانی و ئەو ژمارە کارتی نیشتیمانییە تمووحی ئێمە نییە، بەڵکو ئێمە هەوڵ دەدەین و کار بۆ ئەوە کراوە کە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان ببنە خاوەن کارتی نیشتمانی و ئێستا ئەو کەسانەی کارتی نیشتمانییان نییە، بە ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی کار دەکەن، بەڵام لە کاتێکدا ئەو ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی لەلای هاووڵاتیانە بەرواری دەرچوونی ١٠ساڵی بەسەردا تێپەڕێت، ئەوە ناتوانرێت هیچ مامەڵەیەکی پێ بکرێت، لەو کاتەدا هاووڵاتیان ناچار دەبن مامەڵەی کارتی نیشتمانی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان بکەن. گرنگیی کارتی نیشتمانی لەوەدایە کە ژمارەو کۆدێکی تایبەت بە خۆتی لەسەرە، ئەو ژمارە و کۆدە لەو ڕۆژەی هاووڵاتیانمان لە دایك دەبن، تا ڕۆژی مردن لەگەڵیانە و بەم کۆدە و ژمارەیە لە سەرتاسەری عێراق دەناسرێنەوە. گرنگیەکی دیکەی کارتی نیشتمانی لەوەدایە زۆر بە ئاسانی ناتوانرێت تەزویر بکرێت و ناوی خێزان و هاوسەر و ئایین و.. تاد لەسەر نانووسرێت، بەڵکو بە ژمارە و کۆدەکانیانەوە دەزانرێت کە ئەو کەسانە هاوسەر و خێزانی یەکترن. هاوکات لەو کاتەی کارتی نیشتمانی هاتووە کەس ناتوانێت و لەدایکبووی تازەش ناتوانێت ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی دەربهێنێت، بەڵکو ئەو کەسەی لەدایك دەبێت، لەسەر بەیاننامەی لەدایکبوونەکەی مامەڵەی کارتی نیشتمانی بۆ دەکرێت.

*** وەك دەزانین هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و ژمارەیەکی زۆر قونسولی وڵاتان و ڕێکخراوی -ئێن جی ئۆ-ی لێیە، سەرەڕای چەندین پرۆژەی جیاجیا کە بەشێك لەو پرۆژانە لەلایەن وەبەرهێنەرانی وڵاتان جێبەجێ دەکرێن و، دەستی کاری بیانیش لەو شارە زۆرە، بۆیە کەسانێکی زۆری بیانی و وڵاتانی دراوسێ لێرە کار دەکەن کە ئەمانەش هەر هەموویان پێویستیان بە ئیقامە هەیە، ئایا ئەو کار و مامەڵانە چۆن بەڕێوەدەچێت و تا چەند توانراوە ئەم کارە بە باشی بەڕێوەبچێت؟**

- ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامە و پاسەپۆرت و ئیقامە لە هەموو کارەکانمان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کار دەکەین، بەڕێوەبەرایەتیی ئیقامە لە هەقیقەتدا فەرمانگەیەکی زۆر هەستیارە، بۆیە ناتوانرێت بەرفراوانی بکەین و زیاد لە پێویست دەسەڵاتەکان دابەزێت، ئەگەرچی وەك نموونە لە سنووری پارێزگای هەولێر لە سۆران و دەروازەی حاجی ئۆمەران نووسینگەی ئیقامەمان هەیە و هەموو ئەو کەسانەی لە هەر وڵاتێك دێنە شاری هەولێر بە مەبەستی گەشتیاری، یان کارکردن، ئەوە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی ئیقامەی هەولێر دەکەن و لە ڕێگای ئۆنلاین و پارێزەرەوە کارەکانیان بۆ جێبەجێ دەکرێت و بە هیچ جۆرێك ئەو میوان و دەستی کارانە مامەڵەکانیان دوا ناکەوێت و هەموو ڕسومات و ئەو خەرجییانەی لە مامەڵەی ئیقامە لەلایەن داواکارەوە خەرج دەکرێت، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆیە. هەروەها تەئکید دەکەمەوە لە هەندێ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان وەك ئیقامە بە نموونە دەبێت کار و مامەڵەکانی نیشتەجێ مەرکەزی بێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت چەندین لایەن و بوار هەیە ڕەچاو بکرێت، تاوەکو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرچاوڕوونییان هەبێت.

*** هەماهەنگی و پەیوەندیتان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەگەزنامەی عێراقی فیدراڵ چۆنە؟**

- ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕەگەزنامەی عێراقی فیدراڵ پەیوەندی و هەماهەنگیی بەردەوام و باشمان هەیە، چونکە کارەکانمان لەگەڵ یەکە و بەبێ یەکتر ناتوانین مامەڵەکان ئەنجام بدەین، ئەگەرچی هەندێکجار کێشە و گرفت لەنێوان کارەکانمان بۆ دروست دەبێت، کە ئەمەش بە گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ یەکتر چارەسەری دەکەین، چ ئێمە لیژنەمان سەردانی بەغدا بکات، چ ئەوان بێنە هەولێر. هاوکات لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کێشەیەکی زۆرمان لەگەڵ بەغدا هەبوو، بەڵام بە جوهد و توانا و هەوڵی بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان توانرا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت و چارەسەری کێشەکانیش لە بەرژەوەندیی خەڵك و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بووە. یەکێك لە کێشەکان ئەوە بوو کە خەڵکێکی زۆری هەرێمی کوردستان لە سجلەکانی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ تۆمار نەکرابوون، بەڵکو لە سەرژمێریی فەرعی دانرابوون، ئەمە چارەسەر کرا، کە ئەمەش بە دانیشتن و گفتوگۆی جەنابی وەزیری ناوخۆی هەرێم لەگەڵ بەغدا چارەسەر کرا. چەندین جار شاندی بەغدا سەردانی هەولێر دەکەن، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کارەکان ببینن و هەر کێشەیەکیش هەبێت چارەسەری بکەن، هەروەها سەردانی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەکەن بە یاوەریی ئێمەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە قەد لە کارەکانمان نەمانهێشتووە وەك پارێزگاکانی دیکەی عێراق مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، بەڵکو وەك هەرێمی کوردستان و هەرێمێکی فیدراڵ کار و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین. هاوکات لێرەدا تەئکید دەکەمەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو زۆر کێشە لە نێوان ئێمە و بەغدا هەبوو، بەڵام لە کابینەی نۆیەمدا بە ڕاشکاوانە دەڵێم بە داوەتکردنی وەزیری ناوخۆی عێراقی فیدراڵ بۆ هەولێر و دانیشتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێم توانرا بەشێکی هەرە زۆری ئەو کێشانەی لە نێوانمان هەبوو، لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت. هەر بۆ نموونە هەندێ مامەڵە و کاری هاووڵاتیانی هەرێم پێشتر پێویستی بەوە بوو بچنە بەغدا، بەڵام بە پێداگریی جەنابی وەزیری ناوخۆی هەرێم و دانوساندن و گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا توانرا ئەو ئاسانکارییانە بۆ هاووڵاتیانی خۆمان بەدەست بێنین و هاووڵاتیانمان کار و کێشەکانیان لە مامەڵەکانیان لە هەرێمی کوردستان چارەسەر و جێبەجێ بکەن و بۆ مامەڵەکانیان سەردانی بەغدا نەکەن.

**لە پارێزگای هەولێر تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن کەس کارتی نیشتمانی دەرهێناوە و لە سلێمانی و دهۆکیش کەمتر لە ملیۆنێک هاووڵاتی بوونەتە خاوەن کارتی نیشتمانی**

**دەبێت کار و مامەڵەکانی نیشتەجێ مەرکەزی بێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت چەندین لایەن و بوار هەیە ڕەچاو بکرێت، تاوەکو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرچاوڕوونییان هەبێت**

**لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان کێشەیەکی زۆرمان لەگەڵ بەغدا هەبوو، بەڵام بە جوهد و توانا و هەوڵی بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان توانرا ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت**



عەبدولڕەحمان خانی

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکان بۆ گوڵان:

# ئەمساڵ ٦ بەنداو تەواو دەکرێت و ٩ بەنداوی گەورە و مامناوەندیش لە پلاندایە

**هەوڵ و کۆششەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی کەم ئاوی و هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ دروستکردنی بەنداو و گلدانەوەی ئاو و چەندین بواری دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ عەبدولڕەحمان خانی بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان.**

*** خەمی گەورەی ئێستای جیهان بە گشتی وشکەساڵی و کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی و «بە بیابان بوون»ی ناوچە جیاجیاکانە، لە عێراقیشدا ئەم دیاردەیە سەری هەڵداوە و لە بەشێکی کوردستانیش جووتیاران لە ترسی وشکە ساڵی ناتوانن دڵنیا بن لە پێگەیشتنی بەرهەمەکانیان، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر باس لە وشکە ساڵی و «بە بیابان بوون» بکەین، ئێوە وەك دامەزراوەیەکی تایبەت بەم بوارە، چۆن سەیری ئەم دیاردەیە دەکەن و چۆن خۆتان بۆ ئەم پرسە گرنگە ئامادە کردووە؟**

- بێگومان وشکە ساڵی کاریگەریی خراپی لەسەر چەندین لایەنی ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها کەم ئاوی و تێکچوونی باری کەشوهەوا و بارانبارین و پلەکانی گەرما لە تەواوی دونیا گۆڕاوە، هاوکات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت وڵاتانی عێراق و ئێران و سووریا و ئوردن و تەنانەت تورکیاش گرفتیان لەم بوارانەدا هەیە، بە هەمان شێوە چەندین وڵاتی دیکەش بە هۆی وشکەساڵی و ئەو گۆڕانکارییانەی لە کەشوهەوا و پلەکانی گەرما هەیە، تووشی قەیرانی کەم بارانی و کەم ئاوی بوونەتەوە، بەڵام ئەو قەیرانانە کاریگەری لەسەر عێراق زیاترە، چونکە بە وڵاتی بێ ئاو دەژمێردرێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی ئاوی دیجلە و فوراتیش لە دەرەوەی سنووری خۆیەتی، بەڵام هەرێمی کوردستان خاوەنی پێنج ڕووبارە کە لقەکانی ڕووباری دیجلەن و سەرچاوەیەکی ناوخۆیین بۆ عێراق. ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان پلان و بەرنامەی کۆکردنەوەی ئاومان بە دروستکردنی بەنداو دارشتووە و بەپێی داهاتی هەرێمی کوردستان و بودجەوە قۆناغ بە قۆناغ ئەو پلان و بەرنامەیەمان جێبەجێ دەکەین، هاوکات لەو شوێنانەی بزانین پەلەمان کردووە لە دەستنیشانکردنیاندا، ڕادەوەستین و لە کوێیش بزانین هەنگاوەکان دروستە ئەوە بەردەوام دەبین، هەروەها لە کوێیش بزانین پێویستمان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەیە بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە و ستراتیژی کە کاریگەری لەسەر ئەوانیش هەیە، ئەوا هەنگاوی دەستووری بۆ دەنین.

*** گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دانانی بەرنامە بۆ دروستکردنی چەند بەنداوێکی گەورە لە کوردستاندا هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە و ڕەهەندی هەمە لایەنەی هەیە لەسەر ئاستی کشتوکاڵ و پیشەشازی و گەشتیاری و بەرهەمهێنانی کارەبا و بەرهەمهێنانی ماسی، ئایا ئەو بەنداوانە لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا بڕیاری لەسەر دراوە، چەندن و لە ڕووی ئەندازیارییەوە چۆن دروست دەکرێن؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە بە گرنگییەوە لە سێکتەرەکانی ئاو و بەنداوەکان دەڕوانێت، هەر بۆیە هەم پلان و هەم بودجەی بۆ تەواوکردن و دروستکردنی چەندین بەنداو دابین کردووە، لەو پلانەدا ئەمساڵ (٤-٦) بەنداو تەواو دەکرێن و بەنداوەکانی دیکەش قۆناغبەندییان بۆ کراوە و (٩) بەنداوی گەورە و مامناوەندیش هەن کە حکومەتی هەرێم هەوڵی داوە بۆ جێبەجێکردنیان سەرچاوەی داراییان بۆ دابین بکات، لەلایەکی دیکەوە وەك دەزانین بەنداو پڕۆژەی زستانەیە، بەڵام ناتوانرێت لە وەرزی زستان بنیاد بنرێت، چونکە هەم کات و هەم بودجەیان زۆر پێویستە و هەر پڕۆژەیەکی بەنداو دەستپێکردبێت نابێت بە هەر هۆکارێك بێت ڕابوەستێت، هەروەها ئەمساڵ ئامادەسازی کراوە کە دوو بەنداو (مەنداوە) لەسەر زێی گەورە و (دەلگە) لەسەر

**تێکچوونی باری کەشوهەوا و بارانبارین و پلەکانی گەرما لە تەواوی دونیا گۆڕاوە**

**ئەمساڵ ئامادەسازی کراوە کە دوو بەنداو (مەنداوە) لەسەر زێی گەورە و (دەلگە) لەسەر زێی بچووک کاریان لەسەر بکرێت**

**ئەگەر بەنداوی بێخمە بە دیزاینی بنەڕەتیی خۆی دروست بکرێت، ئەوە بە بەرزیی (٢٣٠) مەترە و توانای گلدانەوەی (١٧ملیار مەتر سێجا) ئاوی هەیە و (١٥٠٠) میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت**

زێی بچووك كاریان لەسەر بكرێت.

*** وەك دەوترێت لە بەنداوی «بێخمە» كارێكی باش دەكرێت، ئایا بەرنامەتان بۆ تەواوكردنی ئەم بەنداوە چۆنە؟ ئایا ئاستی بەرزی ئاوەكە چەند دەبێت و بێجگە لە گلدانەوەی ئاو كارەباش بەرهەم دەهێنرێت؟**

- لە راستیدا بەنداوی (بێخمە) لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لە مانگی ٢٠٠٤/١٠دا وەزارەتی سەرچاوەكانی ئاوی عێراقی فیدڕاڵ بە نیازی دەستپێكردنەوەی هەندێ ئامادەسازی كرد لە بابەتی خانووی نیشتەجێ و ئۆفیس و ڕێگاوبانەكانی، بەڵام دواتر لەساڵی ٢٠١٢ كارەكانی تێدا وەستێنرا و تا ئێستاكەش دەستی پێ نەكردووەتەوە، ئەگەرچی لام سەیرە زیاتر لە (١٠) ساڵە كاركردن لە بەنداوی بێخمە وەستاوە و هێشتا دەوترێت كاری تێدا دەكرێت. لەلایەكی دیكەوە ئەگەر بەنداوی بێخمە بە دیزاینی بنەڕەتیی خۆی دروست بكرێت، ئەوە بە بەرزیی (٢٣٠) مەترە و توانای گلدانەوەی (١٧ملیار مەتر سێجا) ئاوی هەیە و (١٥٠٠) میگاوات كارەبا بەرهەم دەهێنێت و لەسەر ئاستی عێراق گەورەترین پڕۆژە و بەنداوە.

*** بەنداوی «دووكان» تا ڕادەیەك باشە، بەڵام سەبارەت بە بەنداوی «دەربەندیخان» باس لەوە دەكەن بەنداوەكە درزی تێكەوتووە و لەوانەیە توانای گلدانەوەی ئاوی پێویستی نەبێت، ئایا بەرنامەتان بۆ نۆژەنكردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان هەیە؟**

- هەموو بەنداوێك ساڵانە پێویستی بە نۆژەنكردنەوە و كاری تەواوكاری هەیە، بەنداوەكانی ئێمەش چ دووكان و چ دەربەندیخان زیاتر لە ٦٠ ساڵە لە خزمەتدان، بەنداوی دووكان بەنداوێكی كۆنكریتی كەوانەییە، ڕاستە گرفتی كەمترە لە بەنداوی دەربەندیخان كە ئەویش پێویستی بە نۆژەنكردنەوەی بەردەوامە، بەڵام بەنداوی دەربەندیخان پێشتریش گرفتی تەكنیكی هەبوو، بەڵام لە دوای بوومەلەرزەكەی ساڵی (٢٠١٧) جگە لە هەندێ كاری چاكسازی لەلایەن وەزارەتی سەرچاوەكانی ئاوی عێراقەوە ئەوە بە دوو قۆناغ لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە كاری چاكسازی تێدا ئەنجام دراوە و ئێستاش بە زیاتر (٢)ملیار دینار بەردەوامین لە كاركردن و نۆژەنكردنەوەی قۆناغی دووەمداین. هاوكات لەلایەن ڕێكخراوی یونسێفیشەوە هەندێك كاری بۆ كراوە، بەنداوی دەربەندیخان گرفتە سەرەكییەكانی چارەسەر كراون و بەردەوامین لە كاركردن بۆ ئەوەی بە تەواوی هەموو كێشە و گرفتەكانی ئەو بەنداوە چارەسەر بكەین. ئەگەرچی گرفتی كۆكردنەوەی ئاوی نییە و بە تەواوی توانایەوە دەتوانێت ئاو گل بداتەوە و كارەباش بەرهەم بێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گرفتی كوالێتیی ئاوەكە و كەم ئاوی هەیە كە ئەویش بە هۆی وشكەساڵی و پڕۆژەكانی سنووری كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەیە.

*** ئایا ماستەرپلانتان بۆ ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆچوونی ئاوی باران هەیە، لەبەر ئەوەی لە زۆر وڵات بۆ نموونە «كۆریای باشوور» سوودێكی هێجگار زۆریان لە ئاوی باران وەرگرتووە و بە سەدان بەنداوی بچووك و مامناوەندیان بۆ گلدانەوەی ئاوی باران دروست كردووە، ئایا ئەو ئیمكانیەتە لەبەر دەستە كە بتوانرێت لە كوردستانیش سوود لە ئاوی باران وەربگیرێت و بەفیڕۆ نەچێت؟**

- ماستەرپلان لەسەر ئاستی هەموو عێراق بە هەرێمی كوردستانیشەوە (پلانی ستراتیژی بۆ ئاو و خاك) بۆ دروستكردنی بەنداو و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆنەچوونی ئاوی باران هەیە و تەواوی پێویستیی هەموو ناوچە و دەڤەرەكان ڕەچاو كراوە، بەڵام پێویستی بە پێداچوونەوە و دیاریكردنی ئەولەوییەت هەیە، بۆ ئەوەی بزانرێت كام شوێن گونجاوتر و ئابووریتر و سوودمەندترە و كامە بەنداو پڕۆژەكەی بە خۆمان دەكرێت و كامەیان پێویستی بە هەماهەنگییە لەگەڵ حكومەتی عێراقی فیدڕاڵ، هاوكات لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرچاوەكانی ئاوەوە لە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە جگە لە بەنداو جەختكردنەوەكە لەسەر دروستكردنی پۆنتی باراناو و بەنداوی بچووكیشە كە بودجە و كاتی كەمتری پێویستە و سوودی باشیشی هەیە و حكومەتی هەرێم وەكو چارەسەرێكی بەپەلە بۆ وشكە ساڵی بودجەی بۆ ئەو جۆرە پڕۆژانە تەرخان كردووە.

**بەنداوی دەربەندیخان گرفتە سەرەكییەكانی چارەسەر كراون و بەردەوامین لە كاركردن بۆ ئەوەی بە تەواوی هەموو كێشە و گرفتەكانی ئەو بەنداوە چارەسەر بكەین**

**جگە لە بەنداو جەختكردنەوەكە لەسەر دروستكردنی پۆنتی باراناو و بەنداوی بچووكیشە كە بودجە و كاتی كەمتری پێویستە و سوودی باشیشی هەیە**

**پاككردنەوە و دووبارە بەكارهێنانەوەی ئاوی قورس و ئاوەڕۆكان كە پەیوەستە بە وەزارەتی شارەوانییەوە، خراوەتە بەرنامەی حكومەتی هەرێمەوە**

**تەنیا دیجلە و فورات ڕۆژانە (٥) ملیۆن مەتر سێجا ئاوی پیس و ئاوەڕۆیان تێ دەڕژێت كە ئەمەش كارەساتێكی ژینگەیی دروست كردووە**



*** لایەنێك كە دەكرێت لە ڕێگەی دروستكردنی بەنداوەوە سوودی لێ وەربگیرێت، كۆكردنەوەی ئاوی «ئاوەڕۆی» ماڵانە و دووبارە بە فلتەركردنیەتی بۆ ئەوەی بۆ كشتوكاڵ و پاركەكان بە كاری بهێننەوە، ئایا بەرنامەیەكتان بۆ دووبارە پاككردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆكان هەیە؟**

- پاككردنەوە و دووبارە بەكارهێنانەوەی ئاوی قورس و ئاوەڕۆكان كە پەیوەستە بە وەزارەتی شارەوانییەوە، خراوەتە بەرنامەی حكومەتی هەرێمەوە، لە ڕاستیدا ئەم پرۆژەیە گرنگییەكی زۆری هەیە، چونكە بۆ نموونە لە عێراق تەنیا دیجلە و فورات ڕۆژانە (٥) ملیۆن مەتر سێجا ئاوی پیس و ئاوەڕۆیان تێ دەرژێت كە ئەمەش كارەساتێكی ژینگەیی دروست كردووە و لە هەندێ شوێن ئەو ڕووبارانە تەنانەت زیندەوەریشیان تێدا ناژی، نەك بۆ خواردنەوە بشێت، بەڵام لە هەرێمی كوردستان دۆخەكە باشترە و دەكرێت پرۆژەی پاككردنەوە و دووبارە بەكارهێنانەوەی ئاوی قورس و ئاوەڕۆكان لە هەموو شارەكان سوودێكی زۆری لێ ببیندرێت بۆ چارەسەری گرفتی كەم ئاوی و ڕووپۆشی سەوزایی كە ئەم جۆرە پرۆژانە بودجەیەكی زۆری پێویستە و دەكرێت لە سیتییەكانەوە دەستی پێ بكرێت.

*** ئێستا لە پارێزگای هەولێر چەندین پرۆژەی شاری نیشتەجێبوون لە دروستكردندان و هەندێكیان دەریاچەیەكیش لەناو ئەو شاری نیشتەجێبوونە دروست دەكەن، ئایا سەرچاوەی ئاوی ئەو دەریاچانە لە كوێوە دابین دەكرێن؟**

- وەكو وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو مەترسییەكانی كەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی خراوەتەڕوو، هەر بۆیە تەئكید لەوە دەكرێتەوە كە بۆ پرۆژەكانی ئاوی خواردنەوە زیاتر سوود لە ئاوی سەر زەوی وەربگیرێت، هەر لە ئەمڕۆوە پێویستە هەموو ئەو شار و گوندانەی بۆ نیشتەجێبوون دروست دەكرێن ناچار بكرێن بۆ پرۆژەكانی ئاوی خواردنەوە ئاوی سەرزەوی و ڕووبارەكان لە بری بیرەكان بەكار بێنن، دەشكرێت لەناو گوند و سیتییەكاندا هەندێك حەوزی باراناو دروست بكەن كە لە وەرزی زستان و بارانبارینیدا ئاوەكە كۆبكرێتەوەو سوودی لێ وەربگرن.

**پێویستە هەموو ئەو شار و گوندانەی بۆ نیشتەجێبوون دروست دەكرێن ناچار بكرێن بۆ پرۆژەكانی ئاوی خواردنەوە ئاوی سەرزەوی و ڕووبارەكان لە بری بیرەكان بەكار بێنن**

## دکتۆر یوسف بەرزنجی

پرۆفیسۆر لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین بۆ گوڵان:

# ٢٨ پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە لە هەولێر دامەزراون

بەرهەمی هێلکە لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی و تەواوی پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕ دەکاتەوە و هەناردەی دەرەوەش دەکرێت. پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە لە چوارچێوەی زنجیرەیەك پرۆژەی گرنگیی هەڵهێنەری پەلەوەر و بەرهەمهێنانی پەلەوەری گۆشت و هێلکەی خواردن و سەربڕخانەی پەلەوەر و کارگەکانی ئالیك دێت. بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەکانی پەلەوەر، بەتایبەتی زیادبوونی بەرهەمی هێلکەی خواردن، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر یوسف بەرزنجی پرۆفیسۆر لە بەشی سامانی ئاژەڵی لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین کرد.



**لە ڕۆژێکدا ١٣ هەزار کارتۆن هێلکە بە توانای ٢,٥ ملیار هێلکە لە ساڵێکدا بەرهەم دەهێنرێت**

*** پرۆژەکانی پەلەوەر، بەتایبەتی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن لە هەرێمی کوردستاندا ڕووی لە بووژانەوە کردووە، ئایا دەکرێت بگوترێت لە ئێستادا ئاستی بەرهەمهێنانی گۆشتی پەلەوەر و هێلکە گەیشتووەتە خۆبژێوی؟**

- سیاسەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گرنگیدان بە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و هەمەڕەنگکردنی ئابووری، بەتایبەتی ڕووکردنە کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و پەلەوەر، زۆر ئومێدبەخشە، هەرچەندە ئەم کەرتە ڕووبەڕووی تەحەددایەکی گەورە بووەتەوە، کە ئەویش وشکەساڵییە، بەڵام پاڵپشتی و هاوکارییەکانی حکومەت و هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێك وەبەرهێن بۆ دامەزراندنی کێڵگەی نموونەیی و دروستکردنی پرۆژەی گۆشتی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە، هەمووی کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر بووژانەوەی ئەم سێکتەرە گرنگە هەبووە، قەدەغەی هاوردەکردنی هێلکە لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا کاریگەریی باشی لە سەرکەوتنی ئەم بوارە هەبووە، بەتایبەتی کە پێشتر زیاتر لە ٢٠ پرۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی هێلکە بە تەواوی توانای خۆیانەوە کاریان نەکردووە، ئەمە جگە لە پاشەکشەی بەرهەمهێنانی هێلکەی کوردی، کە لەلایەن گوندنشینەکانەوە دەهێنرانە بازاڕەکانی نێوخۆی شارە گەورەکانی کوردستانەوە، ئامار و ژمارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەریانخستووە کە لە هەرێمی کوردستان ٢٨ پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە هەیە و، لە ڕۆژێکدا ١٣ هەزار کارتۆن هێلکە بەرهەم دەهێنرێت (توانای بەرهەمهێنانی ٢,٥ ملیار هێلکەیان هەیە لە ساڵێکدا ) لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان نیوەی ئەو بەرهەمەی پێویستە، هەواڵە دڵخۆشکەرەکەش لەوەدایە کە ژمارەیەکی زۆری دیکەی پرۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە مۆڵەتیان وەرگرتووە و لە قۆناغی تەواوبووندان، هەروەها ٥٣ هەڵهێنەری جووجکە هەیە، کە توانای بەرهەمهێنانی ٣٧٧ ملیۆن جووجکیان هەیە لە ساڵێکدا، وە ٣٧ کارگەی ئالیك بوونی هەیە، کە توانای بەرهەمهێنانی ٦٢٥ تەن ئالیکە لە سەعاتێکدا، بەمەش بۆ یەکەمینجار هەرێمی کوردستان نەك هەر توانای خۆبژێوی لە بەرهەمی هێلکەدا بەدەست هێناوە، بەڵکو ڕەوانەی بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکرێت.

*** پرۆژەکانی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە لە ڕووی ئابوورییەوە چەند سوودی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕەخساندنی هەلی کار هەیە؟**

- هەردوو سێکتەری پەلەوەر و هێلکە جگە لەوەی بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراکی گرنگە، چەندین سوودی دیکەی هەیە، لەوانە بەگەڕخستنی دەستی کار و کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکە لە ڕووی تەندروستییەوە، لەمەش گرنگتر بڕە پارەیەکی زۆری هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئەم بەرهەمە ناچێتە دەرەوەی هەرێم و، دەکرێت بە ناردنی بۆ ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق تەکامولی ئابووری لەم بوارەدا دروست ببێت و پەیوەندییەکی باش لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی دابینکردنی کەرەستەی خاو و ناردنی بەرهەمەکە و ساخکردنەوەی دروست ببێت. گرفتەکە لەوەدایە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە ڕوو لە پیشەسازیی خۆراك بکەین، لەمەشدا ئومێد زۆرە بە تەواوبوونی ناوچە پیشەسازییەکان لە شارە گەورەکان و لەگەڵ ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتی کشتوکاڵ، بەتایبەتی ئاژەڵی و پەلەوەر و هێلکە و ماسی، ئەم بوارەش ببووژێتەوە.

*** مەبەستت لە پیشەسازیی خۆراك بۆ هەردوو کەرتی پەلەوەر و هێلکە چییە؟ پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی لە کەرتی پیشەسازیی خۆراکدا لە ڕووی گۆشتی پەلەوەر و هێلکەوە تووشی زیان نەبین، بەتایبەتی کە بەرهەمی ناوخۆ زیاترە و لە کاتی دروستبوونی هەر ئەگەرێکدا، کە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دابخرێت، ئایا ئەم بەرهەمە تووشی زیان نایێت؟**

- ئەمە پرسیارە گرنگەکەیە، لە نووسراو و کتێبەکانی پێشووی سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا، کوردستان وەکو سەبەتەی خۆراکی کشتوکاڵی عێراقی باسی هاتووە، ئاو و هەوا و ژینگەی لەباری چوار وەرزە و بێگومان ئارامی

**قەدەغەی هاوردەکردنی هێلکە لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا کاریگەریی باشی لە سەرکەوتنی ئەم بوارە هەبووە**

**٥٣ هەڵهێنەری جووجکە هەیە، کە توانای بەرهەمهێنانی ٣٧٧ ملیۆن جووجکیان هەیە لە ساڵێکدا**

**بۆ یەکەمینجار هەرێمی کوردستان نەک هەر توانای خۆبژێوی لە بەرهەمی هێلکەدا بەدەست هێناوە، بەڵکو ڕەوانەی بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکرێت**

**لە نووسراو و کتێبەکانی پێشووی سەردەمی مەلیکی لە عێراقدا، کوردستان وەکو سەبەتەی خۆراکی کشتوکاڵی عێراقی باسی هاتووە**

و سەقامگیریی سیاسی وا دەکات وەبەرهێنەران ڕوو لە کەرتی بەرهەمهێنان بکەن، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵی و پەلەوەریدا، لە ڕووی کەڵکی ئابوورییەوە پڕۆژەکانی پەلەوەر و بەرهەمێنانی هێلکە لەبارن بۆ گەشەکردن، بەتایبەتی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا جۆرێك پاڵپشتیی پڕۆژەکان کراون، بە قەدەغەکردنی هێنانی بەرهەمی بیانی لە وڵاتانی دراوسێ، ئابووریی کشتوکاڵی تەنیا بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو ساخکردنەوە و دۆزینەوەی بازاڕیشە بۆ زیادەی بەرهەم، بەتایبەتی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا توانرا بەرهەمی گۆشتی پەلەوەر و هێلکەی خواردن زیاد بکرێت و، تەنانەت بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانرا لە بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ساخ بکرێتەوە، ئەم هەوڵانە کاتی زۆری دەوێت و هەنگاوەکانی بونیات لەسەر خۆیە، بەڵام دەرئەنجامی باشی دەبێت، دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان و خودی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاویش هەنگاوی باشیان ناوە چ لە ڕووی ئاسانکاریی بۆ دامەزراندنی پڕۆژەکانەوە بێت، یان بە پاڵپشتییان بێت لە ڕووی قەدەغەکردنی هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە ناوخۆدا گەیشتوونەتە ئاستی خۆبژێوی و زیاد بەرهەمین. من لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو یاسا و ڕێنماییانەم کە بەردەوام دەردەکرێت، بەتایبەتی ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی لە وەرزێکی دیاریکراوی ساڵدا کە بەرهەم زیاد بوو، دەردەکرێن بۆ قەدەغەکردنی هێنانی ئەو جۆرە بەرهەمانەی توانای کۆنترۆڵکردن و دابینکردنی خواستی بازاڕیان هەیە. ڕاستە لێرەولەوێ هێشتا ڕێگەی قاچاخی مەرزەکان ماوە، کە زۆربەی جار حکومەتی عێراق بەو بیانووەوە ناهێڵێت بەرهەمی خۆماڵیی کوردستان داخڵی ناوچەکانی عێراق بێت، بەڵام هەوڵەکان و ئەرك و ماندووبوونەکان جێگای دەستخۆشین، تەنانەت وەرگرتنی گەنم لە جووتیاران و کردنەوەی دەیان پڕۆژەی ئەمبار و سایلۆ و ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی و کارگەی پیشەسازیی خۆراك و بازاڕ و عەلوەی هاوچەرخ، هەمووی هاندانی بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵە بەگشتی و، لە ناویشیاندا سێکتەری پەلەوەر و هێلکەی خواردن، دەکرێت بیر لە پڕۆژەی گەورەتر و گرنگتریش بکرێتەوە، چونکە سەرکەوتن لە کارێکدا سەرکەوتنی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. با لە سەرەتای ژێرخانی ئەم دوو سێکتەرەوە دەست پێ بکەین، لە پەلەوەرسازیدا زۆر گرنگە لە ڕووی ژێرخانی دابینکردنی عەلەف و ڕواندنی گەنمەشامی و سۆیاوە، کە نرخەکەی زۆر بەرزە و دابینکردنی ئەو ئامێر و کارتۆن و کەرەستانەوە دەست پێ بکەین کە هەر هەمووی لە دەرەوە دەهێنرێت، دواتر بیر لە دامەزراندنی کارگەی گەورەی عەلەف و ئالیك بکرێتەوە، نەك تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ، بەڵکو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش، بەتایبەتی کە لە ئێستادا نرخی جیهانیی هێنانی عەلەف و ئالیك زۆر گران ڕادەوەستێت، سەرچاوەی ئالیك بە ڕێژەی ٧٠٪ی تێچوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆیە، بە هۆی هێنانی ئەو کەرەستەو ئالیك و عەلەفانەی کە بەنرخێکی زۆر لەدەرەوە دێت، کەواتە ئەگەر توانیمان نرخی عەلەف کەم بکەینەوە، لە ڕووی نرخەوە بەرهەمی خۆماڵی کێبڕکێیەکی بەهێزی بەرهەمی پەلەوەر و هێلکەی وڵاتانی دەوروبەر دەکات. خاڵێکی دیکەی گرنگ، بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر، بەردەوامیی وشکەساڵییە، کە گرفت بۆ دابینکردنی ئاو بۆ پڕۆژەکان دروست دەکات، بەتایبەتی کە لە پارێزگای هەولێر نیوەی زیاتری پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە لەخۆ دەگرێت و، لە هەندێك ناوچە ئاوی ژێر زەوی ئاستەکەی بۆ ٧٠٠ مەتر دابەزیوە، یان ڕیتمی بارانبارینەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، لە کاتێکدا لافاو دروست دەبێت و لە ماوەیەکی زۆریشدا باران نابارێت، کەشوهەوا لە بەردەم گۆڕانکارییەکی مەترسیداردایە، لەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەرقاڵی ١٢ بەنداوە کە هەندێکی لە قۆناغی دروستکردندایە، دەکرێت ئێمە لە گوندەکان هەنگاو بەرەو بەربەستی ئاوی بنێین، با بچووکیش بێت، خۆ ئاوەکەی دەچێتە ژێر زەوی و بەرهەمی ئاوی ژێرزەویی پێ زیاد دەبێت،

**هێشتا ڕێگەی قاچاخی مەرزەکان ماوە، کە زۆربەی جار حکومەتی عێراق بەو بیانووەوە ناهێڵێت بەرهەمی خۆماڵیی کوردستان داخڵی ناوچەکانی عێراق بێت**

**وەرگرتنی گەنم لە جووتیاران و کردنەوەی دەیان پڕۆژەی ئەمبار و سایلۆ و ناوچەی پیشەسازیی خۆراك و کارگەی پیشەسازیی خۆراك و بازاڕ و عەلوەی هاوچەرخ، هەمووی هاندانی بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵە**

**سەرچاوەی ئالیك بە ڕێژەی ٧٠٪ی تێچوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆیە، بە هۆی هێنانی ئەو کەرەستەو ئالیك و عەلەفانەی کە بەنرخێکی زۆر لەدەرەوە دێت**

**دەکرێت ئێمە لە گوندەکان هەنگاو بەرەو بەربەستی ئاوی بنێین، با بچووکیش بێت، خۆ ئاوەکەی دەچێتە ژێر زەوی و بەرهەمی ئاوی ژێرزەویی پێ زیاد دەبێت**

یان لە چەند وەرزێکدا دەتوانین ئاوەکەی بۆ کشتوکاڵ و ژیانەوەی دارستان و باخ و بەرهەمی میوەجات بەکار بهێنین.

بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەرهەم هەیە کە لە پیشەسازیی خۆراکی بەکار دەهێنرێت و دەکرێت گرنگی بەو بەرهەمان بدرێت و، وەکو مەرج بەسەریاندا بسەپێنرێت کە بەرهەمی خۆماڵیی هێلکەی پرۆژەکانی کوردستان بەکار بهێنن.

*** بەو پێیەی پرۆژەکانی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی خۆراك لە ناوچەکانی دەرەوەی شارە گەورەکان دامەزراوەن، ئەمە تا چەند ڕۆڵی لە دابینکردنی هەلی کار بووە؟**

- پرۆژەکانی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە هەر سێکتەرێکدا دەبێتە هۆی بووژانەوەیەکی دیکەی سێکتەرێکی دیکە، کوردستانیش دەبێتە ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بەپیت، بۆ دابینکردنی خۆراك لەم سەردەمەدا کە بەرزیی نرخی خۆراك بووەتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی جیهانیی خۆراك و هەموو بەرهەمە خۆراکییەکان لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانیەوە گران بوون و، تا دەگاتە دەستی ئێمە نرخی زۆر زیاتر دەبێت. من لە ڕێگەی گۆڤارەکەتانەوە داواکارییەکم هەیە، ئەویش بوونی توێژینەوەی زانستیی کشتوکاڵی و ئابوورییە پێکەوە، هەروەها بانکی کشتوکاڵی دابمەزرێتەوە و بە شێوازێکی مۆدێرن بتوانێت قەرز بە جووتیار بەتایبەتی خاوەن پرۆژە

**کۆی گشتیی هەموو ئەم پرۆژەیانە سەرەتای ڕێگەیە بەرەو بووژانەوەی ژێرخانی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی ئابووری و زیادبوونی سەرچاوەکانی دیکەی داهات**



لە دەرەوەی شارەکانن، واتا لە ناوچە دەشتایی و شاخاوییەکان دانراون، ڕاستە لەبەر گرفتی بۆن و تەندروستی زۆر نزیکی گوندەکان نییە، بەڵام خەڵکی گوندەکان دەتوانن لەو پرۆژانەدا کار بکەن، ئەمەش دوو سوودی هەیە، لە لایەك دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ گوندنشینەکان، لە لایەکی دیکەوە هاندەر دەبێت بۆ ڕاوەستانی کۆچی گوندنشینان بۆ شارە گەورەکان، کۆی گشتیی هەموو ئەم پرۆژەیانە سەرەتای ڕێگەیە بەرەو بووژانەوەی ژێرخانی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی ئابووری و زیادبوونی سەرچاوەکانی دیکەی داهات. کشتوکاڵ و پیشەسازی و وەبەرهێنان زنجیرەیەك کاری بە یەکترەوە بەستراون و بووژانەوە لە گەورەکان بدات، لە ناویشیاندا پرۆژەکانی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە، بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەم بوارەدا دابین بکەن، هەروەها هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی هەنگاو بەرەو چەند کارگە و پیشەسازییەکیش بنێت، بۆ نموونە: جووتیار دەکرێت گەنمەشامی و کەرەستە خاوەکانی عەلەف بەرهەم بهێنێت، هاوکات کارگەیەکی عەلەفیش هەبێت و چەندین هۆڵی بەخێوکردنی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکەش هەبن، لە ڕێگەی قەرزیشەوە بیر لە دابینکردنی تەواوی کەرەستەی خاوی پرۆژەکە بکرێتەوە، وەکو کارگەی دروستکردنی کارتۆن و کارگەکانی دیکەی پیشەسازیی خۆراکی تایبەت بەم سێکتەرەی سامانی ئاژەڵی.

**پێویستە بانکی کشتوکاڵی دابمەزرێتەوە و بە شێوازێکی مۆدێرن بتوانێت قەرز بە جووتیار بەتایبەتی خاوەن پرۆژە گەورەکان بدات، لە ناویشیاندا پرۆژەکانی پەلەوەر و بەرهەمهێنانی هێلکە، بۆ ئەوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەم بوارەدا دابین بکەن**

دیمانەی تایبەت



کریستۆفەر جەی فێتەوێس پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین، تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەت و ستراتیژیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەکی کۆمەڵکوژ، پێشتریش وانەبێژ بووە لە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگ و ئاستبەرزی وەك زانکۆی جۆرج واشنتۆن و زانکۆی ویلایەتی ئۆهایۆ، هەروەها خاوەنی چەندین توێژینەوە و کتێبە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە تیشکخستنەسەر پەرەسەندن و پێشهاتەکان و ئاقار و ئاراستەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و چەند پرس و بابەتی دیکەی پەیوەندیدار.

## کریستۆفەر فێتەوێس

پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی تۆلەین بۆ گوڵان:

# ئامانجێکی مانادار لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا بەدی ناکرێت

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە مشتومڕێکی زۆر لە بارەی هۆکاری هەڵگیرسان و پاڵنەرەکانی بەرپابوونی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان بڵێین بڕیاری ڕووسیا بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا کراوە، بەڵام لە ئێستادا واقیعەکە ئەوەیە کە ئەم شەڕە درێژەی کێشاوە و پێ ناچێت لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەرێك لە ئارادا بێت، یان ئاگربەستێك لە ئاسۆدا دەرکەوێت، ئایا ئێوە چۆن لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکەی دەڕوانن و پێتان وایە ڕەوت و ئاراستەی شەڕەکە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟**

- ئەوەی لەم بارەوە دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ڕووسیا بۆ من جێی سەرسوڕمانە، لە ڕاستیدا هەر خۆی لە خۆیدا کارێکی دژوار و پڕ لە زەحمەتییە بتوانین لە چۆنیەتیی کارکردن و هەڵسووڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێ بگەین، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە هێز و لایەنە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی دەرەوەی ڕۆژئاوا. کەواتە ئەگەر بمانەوێت لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، ئەوا دەکرێت باس لەوە بکەین کە ئاسان نییە بتوانین ئەوە یەکلا بکەینەوە کە سەرۆکی ڕووسیا چۆن بیر دەکاتەوە و لەسەر چ بنەما و بناغەیەك بڕیار دەدات و هەڵوێست وەردەگرێت. دواتر بە تێڕوانینی من ئەم شەڕەی ڕووسیا بەرپای کردووە بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا هیچ لۆژیکێك لە خۆناگرێت و هەڵگری هیچ مانایەك نییە، درێژەکێشانی شەڕەکەش بۆ ئەوە ماوەیە ئەو ڕاستییەی خستەڕوو کە ئامانجێکی مانادار لەم شەڕەدا نییە و ئەوەی هاتووەتە ئاراوە تەنیا کاولکاری و وێرانکاری و تێکچوونی بارودۆخەکەیە. لەوەش زیاتر، نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە سەپاندن، یان گرتنەبەری ئەو هەموو ڕێکار و ڕێوشوێنە سزاکارییانەی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەپاندوویانە بە سەر ڕووسیادا، پێمان دەڵێت ئەم شەڕە چ بێ مانابیەك لەخۆ دەگرێت. پێشتر زۆر باس لەوە دەکرا کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین کەسایەتییەکە کە لەسەر ئاستی ستراتیژی بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات و هەڵسوکەوت دەکات و هەموو تاکتیکەکانیشی خزمەت بە ئامانجە ستراتیژییەکانی دەکات، کەچی ئەم شەڕەی ڤلادمیر پوتین بەرپای کردووە، جگە لە گەمژەیی هیچ وەسف و پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێت.

*** باشە ئەگەر ئەم شەڕە ئەو هەموو بێ مانابیەی لەخۆ گرتبێت و تەنیا خراپبوونی زیاتری دۆخەکە و کوشتار و کاولکاری لێ کەوتبێتەوە، ئایا ڕەوا نییە پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی لە بنەڕەتدا بڕیارێکی لەم چەشنە درا و ئەم شەڕە بەرپا کرا؟ بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت چۆن لەم شەڕە تێبگەین و ڕەهەندە و ڕایەڵەکانی لێبك بدەینەوە، بە تایبەتی کە زۆرجار باس لەوە دەکرا کە چیتر پەنابردن بۆ شەڕ لەم سەردەم و ڕۆژگارەدا بژاردەیەکی خوازراو نییە؟**

- ڕەنگە بۆ تێگەیشتن لە هۆکار و پاڵنەرەی شەڕەکە ئەو لێکدانەوە و شرۆڤەیە ڕاست بێت کە دەڵێت سەرۆك پوتین تووشی هەڵەی حیسابات بووە و لە لێکدانەوەی بۆ دەرئەنجام و درێژەکێشانی شەڕەکە ئامانجەکەی نەپێکا، چونکە باس لەوە دەکرا کە پوتین باوەڕی وابوو بە چەشنێکی خێرا دەتوانێت شەڕەکە بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە، هێندە خێرا کە بوار و کاتی ئەوە نامێنێتەوە کە جیهانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانن کاردانەوەیەکی دژبەرانە بەرامبەر بە ڕووسیا بگرنەبەر. لە هەمان کاتدا ڕەنگە ڕووسیا پێی وابێت دەتوانێت گرەوی شەڕەکە لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی نەوت و غازەوە بباتەوە، مەبەستم ئەوەیە لەوانەیە ڕووسیا پێشبینی ئەوەی کردبێت کە ئەورووپا ناتوانێت دەستبەرداری نەوت و غازی ڕووسیا بێت و لە کۆتاییدا ئەورووپا پشت لە ئۆکرانیا دەکات و دەست لە بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵناگرێت بۆ خاتری ئەو وڵاتە. خاڵێکی دیکە ئەوە بوو کە ڕووسیا گرەوی لەسەر هێزە سەربازییەکەی دەکرد، بەڵام دواتر و لە ئێستاشدا ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە ئەو گەندەڵییەی ڕووسیای گرتووەتەوە کاریگەری نەرێنی و لاوازکاری لەسەر ئەدای سوپای ڕووسیا هەبووە.

*** ئێوە پێشتریش باستان لەو ڕێکارە ئابووری و داراییانە کرد کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرتوویانەتەبەر بۆ سزادانی ڕووسیا، لە هەمان کاتدا لە ڕووی دارایی و سەربازییەوە هاوکارییەکی گەورە و بەرچاوی ئۆکرانیا دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە تاوەکو ئێستا ئەم سزایانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ناچار بە پێداچوونەوە بە هەڵوێست و بڕیارەکانیدا بکات، بە چەشنێك کە سەربکێشێت بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە، یان گەیشتن بە چارەسەر و ڕێککەوتنێك، کەواتە ئێوە چۆن لە کاریگەری و کارایی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

**ئەم شەڕەی ڤلادمیر پوتین بەرپای کردووە، جگە لە گەمژەیی هیچ وەسف و پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێت**

**سەرۆک پوتین تووشی هەڵەی حیسابات بووە و لە لێکدانەوەی بۆ دەرئەنجام و درێژەکێشانی شەڕەکەدا ئامانجەکەی نەپێکا**

**ئەگەر چینیش شان بە شانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەشداری بکردایە لە گرتنەبەری ڕێکارە سزاییەکان دژ بە ڕووسیا، دەکرا ئەم سزایانە ئاکامی گەورەتر و بەرچاوتریان لێ بکەوتایەتەوە**

- گومانی تێدا نییە کە ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەم سزایانە دەرئەنجام و دەرهاویشتەیان هەبووە لەسەر ئابووریی ڕووسیا، ئەگەرچی ئابووریی ئەم وڵاتە بەرەو داڕووخانیش نەچووبێت، ئەوا تووشی داکشان دەبێتەوە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە کە بۆچی کاریگەری و دەرهاویشتەی خوازراویان لێ نەکەوتووەتەوە. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم سزایانە لەلایەن تێکرا، یان زۆربەی دەوڵەتانی جیهانەوە نەسەپێندراون، بەڵکو چەند وڵاتێکی دیاریکراون کە بەشدارییان کردووە لە سەپاندنی ئەم سزایانە بەسەر ڕووسیادا. هەر ئەمەش وای کردووە کە ڕووسیا بتوانێت بە ڕادەیەکی باش خۆی لە کاریگەریی ئەم سزایانە ڕزگار و دەرباز بکات. خاڵێکی دیکە، یان هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە کاریگەریی سزاکان ڕاستەوخۆ نین و دەستبەجێ دەرناکەون، واتە کورتخایەن نین، بەڵکو مەودایەکی دووریان دەوێت بۆ ئەوەی ئاکامی چاوەڕوانکراویان لێ بکەوێتەوە. هەرچۆنێك بێت، گرتنەبەری ئەم شێوازە- مەبەستم لە سەپاندنی سزایە بەسەر ڕووسیادا- باشترە لە بژارەی شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووی نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا، یان ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

*** وەك دەوترێت لە ئێستادا ڕکابەری سەرەکی و بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتییە لە چین کە هێزێکی هەڵکشاوی ئابووری و سەربازییە، ئایا پێت وانییە لە ئێستادا سەرقاڵبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شەڕەوە و ئەو کێشە و تەنگژانەی پرسی وزە ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەوروپا- کە هاوپەیمانی ئەمریکان- کردووەتەوە، نەبووەتە هۆی ئەوەی کە چین لەم هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە سوودمەندی سەرەکی بێت؟**

- لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە چین خۆی بە دوور نەگرتووە لە ڕووسیا و بگرە درێژەی بە پەیوەندییە ئابوورییەکانیشی داوە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا، سەرەڕای ئەوەش ڕەنگە نەتوانین بڵێین ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە و ئەم شەڕەی درێژەی کێشاوە بە چەشنێکی سەرەکی لە بەرژەوەندیی وڵاتی چینە. هەر چۆنێك بێت، من دەمەوێت وەڵامەکەم گرێ بدەمەوە بە پرسی پێشووی پەیوەست بە سزاکانەوە، لەم ڕەووەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر چینیش شان بە شانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەشداری بکردایە لە گرتنەبەری ڕێکارە سزاییەکان دژ بە ڕووسیا، ئەوا دەکرا ئەم سزایانە دەرئەنجام و ئاکامی گەورەتر و بەرچاوتریان لێ بکەوتایەتەوە، بە چەشنێك کە ڕەنگە بتوانرێت بوترێت کاریگەرییان لەسەر هەڵوێست و حیساباتی ڕووسیا دەبوو.

*** هەروەك ئاشکرایە کە شەڕە سەرئێشە و کێشەی گەورەشی بۆ وڵاتانی ئەوروپا دروست کردووە، کە شەپۆلێکی گەورەی پەنابەرانی ئۆکرانیا ڕوویان لەو وڵاتانەدا کردووە و لە هەمان کاتدا بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی غاز و نەوتیش سەرچاوەیەکی دیکەی کێشە و نیگەرانییە بۆ ئەم وڵاتانە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و ئایا ئەم دۆخە چ گۆڕانکارییەك لە حیساباتی ئەمنی و وزەی ئەوروپادا دروست دەکات؟**

- ئەوە ڕاستە کە وڵاتانی ئەوروپا دەیانەوێت هاوکاریی ئۆکرانیا بکەن بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات و بەرهەڵستیی داگیرکارییەکە بکات، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەم وڵاتانە بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان هەیە کە دەیانەوێت پارێزگارییان لێ بکەن. هەرچۆنێك بێت ڕەنگە بتوانین بڵێین کە وڵاتانی ئەوروپا و بە تایبەتی ئەڵمانیا کارێکی باشیان نەکرد لە ڕابردوودا کە بە ڕادەیەکی گەورە خۆیان وابەستە کرد بە پشتبەستن بە هاوردەکردنی نەوت و غازی ڕووسیاوە، دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە لەوانەیە ئەم وڵاتانە بە ئاسانی نەتوانن بە یەکجاری دەستبەرداری هاوردەکردنی وزە بن لە ڕووسیاوە.

*** پێت وایە تا چ ڕادەیەك ئەم شەڕە ڕووسیای خستووەتەبەر بارێکی گۆشەگیری و دابڕانی نێودەوڵەتییەوە، بە چەشنێك لە بری ئەوەی پێگەی ڕووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهێز بێت، ئەوا پێگەی ئەم وڵاتە بەرەو پاشەکشە چووە؟**

- ئەگەر ئێمە لەو ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە وڵاتان، بە تایبەتی وڵاتانی ئەوروپا هەوڵ و کۆششەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان بە دوور بگرن لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی نەوت و غازی ڕووسیا، ئەوا دەرئەنجامەکەی بریتی دەبێت لە لاوازبوونی ڕووسیا، لە هەمان کاتدا نابێت ئاماژە بەوەش نەکەین کە ئەدای لاوازی سوپای ڕووسیاش کاریگەریی نەرێنی خۆی هەبووە لەسەر پێگەی ئەو وڵاتە، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانە، ئەوا بەڵێ پێگەی ڕووسیا تووشی لاوازی بووەتەوە.

**ڕووسیا گرەوی لەسەر هێزە سەربازییەکەی دەکرد، بەڵام دواتر و لە ئێستاشدا ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە ئەو گەندەڵییەی ڕووسیای گرتووەتەوە کاریگەریی نەرێنی و لاوازکاری لەسەر ئەدای سوپای ڕووسیا هەبووە**

**کاریگەریی سزاکان ڕاستەوخۆ نین و دەستبەجێ دەرناکەون، واتە کورتخایەن نین، بەڵکو مەودایەکی دووریان دەوێت بۆ ئەوەی ئاکامی چاوەڕوانکراویان لێ بکەوێتەوە**

**چین خۆی بە دوور نەگرتووە لە ڕووسیا و بگرە درێژەی بە پەیوەندییە ئابوورییەکانیشی داوە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا**

دیمانەی تایبەت



زەیدوون ئەل کینانی
وانەبێژی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەبێردیین لە بەریتانیا بۆ گوڵان:

# پێویستە پێداچوونەوە بە تێکڕای سیستمی سیاسیی عێراقدا بکرێت

زەیدوون ئەل کینانی توێژەری سیاسی و شرۆڤەکاری تایبەتمەندی کاروباری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، توێژەرە لە بواری سیاسەتی دەرەکی لە سەنتەری دیراساتی ئێرانی لە ئەنقەرە، وانەبێژە لە بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەبێردیین لە بەریتانیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای عێراق و کێشە و تەنگژەکانی ئەم دەوڵەتە و، ناکۆکی و ڕکابەریی نێوان پێکهاتە و لایەنە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**حکومەتی عێراق بێتوانایە و شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتی و بنەڕەتییەکاندا، کە ئەم خزمەتگوزارییانەش پێویستن بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارە ئابوورییەکان و پاراستنی ژینگە و پاراستنی بارودۆخە ئەمنییەکە**

**لە ئێستادا خەڵک و گەلی عێراق متمانەیان بە چین و نوخبە سیاسییە حوکمڕانەکە نەماوە، چونکە ئەم نوخبەیە نەیتوانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە مۆدێل و شێوازێکی دیموکراتیی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی بنیات بنێت و پیادەی بکات**

**ناکۆکی و کێشە و تەنگژەکانی نێو لایەنە سیاسییە شیعەکان بە چەشنی ناکۆکی و ڕکابەریی نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکان گەیشتووەتە ترۆپک و لووتکەی خۆی و بەرەو ئاستێکی بەرز هەڵکشاون**

*** ئاشکرایە عێراق وەك دەوڵەت کێشەو تەنگژەی بونیادی قووڵی هەیە و دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە نەتوانراوە لەم وڵاتەدا سیستمێکی سیاسی بێتە دامەزراندن، کە بتوانێت ئەرکە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی خۆی جێبەجێ بکات و، لە ئاست چاوەڕوانی و ئومێدی گەلەکەیدا بێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئێوە چۆن وەسفی دەوڵەتی ئێستای عێراق دەکەن؟ ئایا پێتان وایە دەوڵەتێکی شکستخواردووە، یان ئەوەتا لە نێو قۆناغ و دۆخی شکستخواردووییدایە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، یان پێویستە ڕوون بکرێتەوە، بریتییە لە چەمك و چوارچێوەی دەستەواژەی دەوڵەتی شکستخواردوو، یان ئەو دەوڵەتەی لە قۆناغ و هەلومەرجێکدا کە بە ئاقاری و ئاراستەی شکستخواردندا دەڕوات، لەم ڕووەوە من پێم وایە ئەو دەوڵەتەی کە لە دۆخێکدا بەرەو شکستخواردن دەڕوات، ئەو دەوڵەتەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە هەلومەرج و بارێکی باش و لەباردا بووە، واتە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی بە ڕاددە و ئاست و ئەندازەیەکی باش و سەرکەوتوو ئەدا دەکرد و جێبەجێ دەکرد، بەڵام دواتر وردە وردە و بە ڕەوتێکی دیار ئاراستەی دۆخەکە بەرەو خراپبوون و ئاڵۆزی و پشێوی چووە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە دۆخی عێراق بڕوانین و هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکاری بۆ بکەین، ئەوا دەکرێت باس لەوە بکەین کە دەکرێت دۆخی سیاسی و حکوومی لە عێراقی ئێستادا بە ئەزموونی دەوڵەتی شکستخواردوو لە قەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەو حکومەتەی نییە کە دەبێت شەرعی و نوێنەرایەتی بێت، توانا و دەسەڵاتی ئەوەشی نییە دۆخە ئەمنییە ناوخۆییەکەی بپارێزێت و بەرگریی لێ بکات لە بەرامبەر پەلامار و پێشێلکاری باڵی چەکداری گرووپە سیاسییەکانی نێو وڵاتەکەدا، کە سەر بە لایەن و پێکهاتەی جیاوازن، هەر لە باشوورەوە تاوەکو باکوور، لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە حکومەتی عێراق بێتوانایە و شکستی هێناوە لە دەستەبەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتی و بنەڕەتییەکاندا، کە ئەم خزمەتگوزارییانەش پێویستن بۆ بەڕێوەچوونی کاروبارە ئابوورییەکان و پاراستنی ژینگە و پاراستنی بارودۆخە ئەمنییەکە، لەم ڕووەوە دەتوانین ئەو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییانەش کورت بکەینەوە لە دەستەبەرکردنی خوێندن و پەروەردە و چاودێریی تەندروستی، ئاو و کارەبا، و بوار و پرس و بابەتە دیاریکراوەکانی دیکە، وەك بونیادنانەوەی ژێرخان و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دیکە.

*** ئەوەی نکۆڵی لێ ناکرێت ئەوەیە کە لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا بێمتمانەییەکی قووڵ هەیە، ئەم پێکهاتانە بە گومان و ترسەوە لە یەکتری دەڕوانن و جیاوازن، یان با بڵێین ناکۆکییەکانی نێوانیان هێندە گەورە و قووڵن، کە ڕەنگە بوار بە گەیشتن بە تێگەیشتن و ڕێککەوتنی هاوبەش نەدەن، ئێوە چۆن لەم دۆخە دەڕوانن؟ ئایا هێشتا بواری ئەوە ماوە کە بتوانرێت هەنگاوی پەیوەست بە بنیاتنانی متمانەوە لە نێو ئەم پێکهاتانەدا هەڵبگیرێت و جۆرێك لە سازش و ڕێککەوتن بێتەئاراوە لە نێوانیاندا؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە دەکرێت جۆرێك لە ڕێککەوتن و سازش و تێگەیشتن لە نێوان ئەم لایەن و پێکهاتانەدا بێتە ئاراوە و بەدی بهێنرێت، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکە، ئەوا ڕەنگە ڕەوا بێت بگوترێت ئەم لایەنانەی ئێمە ئاماژەیان پێ دەکەین، بریتین لە چەند پارتێکی سیاسی کە سەرجەمیان سەر بە هەمان نوخبە، یان چینی سیاسین، کە هەر هەموویان شارەزایی و ئەزموون و مەعریفەی ئەوەیان هەیە کە چۆن هەڵسوکەوت و مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن و، بەو پێیەی چۆن گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ یەکدا ئەنجام بدەن، تەنانەت هەندێ لەم گرووپانە لە یەکتری جیا بوونەتەوە، پرسیاری جددی و سەرەکی لەم ڕووەوە بریتییە لەوەی ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین کە ڕێککەوتنێك لە نێوان ئەم لایەنانەدا بەدی هات، ئەوا ئایا ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێت لە ئاست چاوەڕوانی و ئومێد و خواست و ویستی خەڵکدا بێت و، بتوانرێت ئەولەوییەتە سەرەکی

و بەرژەوەندییە بنچینەییەکانیان بەدی بهێنێت و برەوی پێ بدات، هەروەها بتوانێت داواکاری و خواستەکانی بزوتنەوە نارەزایەتییەکان لەبەرچاو بگرێت؟ کە ئەم بزووتنەوانە زیاتر و زیاتر لە رووی سیاسییەوە هۆشیارن و زۆر باش پێداگری دەکەن لەسەر داواکارییەکانیان، کە لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی چاکسازیی ئابووری و سیستماتیکییەوە، ئەمە ئەگەر ئاماژە نەکەین بە پێداویستی و داواکاری و خواستەکانی پەیوەندیدار بە پێداچوونەوە بە تێکڕای سیستمە سیاسییەکە، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە کە لە ئێستادا خەڵك و گەلی عێراق متمانەیان بە چین و نوخبە سیاسییە حوکمڕانەکە نەماوە، چونکە ئەم نوخبەیە نەیتوانی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە مۆدێل و شێوازێکی دیموکراتیی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی بنیات بنێت و پیادەی بکات.

*** ئەگەر باس لە بارودۆخ و هەلومەرجی هەنووکەیی عێراق بکەین، ئەوا ماوەیەکی زۆرە کە عێراق ڕووبەڕووی تەنگژە، یان بە بنبەستگەیشتنێکی سیاسیی توند بووەتەوە و، هەموو هەوڵەکان بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەکان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام ئەوەی ئەم جارە جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ناکۆکییەکە زیاتر زەق نەبووەتەوە لە نێوان پێکهاتە ئیتنی و تایفەگەرییە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا، بەڵکو ناکۆکییە قووڵەکە کەوتووەتە نێو پێکهاتەیەکی دیاریکراو کە پێکهاتەی شیعەیە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنە دەڕوانن لە ڕووی هۆکار و دەرئەنجامەکانیەوە و ئایا پێتان وایە ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانە عێراق بەرەو کوێ دەبات؟**

- لە ڕاستیدا ناکۆکی و کێشە و تەنگژەکانی نێو لایەنە سیاسییە شیعەکان بە چەشنی ناکۆکی و ڕکابەریی نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکان گەیشتووەتە ترۆپك و لووتکەی خۆی و بەرەو ئاستێکی بەرز هەڵکشاون، ئەویش بە هۆی ئەو پێشهات و پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەوە کە لە هاوسەنگی و هاوکێشەی هێزدا ڕوویان دا، لە نێو لایەنە سیاسییە تەقلیدییە ڕکابەرەکاندا، ئەمە حاڵەتێکی جیاوازە وەك لەوەی لە نێو پێکهاتەی سیاسیی سوننەی عێراقدا دەگوزەرێت و ڕوو دەدات، چونکە هێشتا ئەو سەرکردە یان گرووپە سیاسییانە سەریان هەڵنەداوە و نەهاتوونەتە ئاراوە، کە کاریگەر و دەستڕۆیشتوو بن بە هەمان شێوەی سەرکردە شیعەکان، یان سوننەکان، لە کاتێکدا کە موقتەدا ئەلسەدر هەوڵ و کۆششەکانی بە ئاقار و ئاراستەی دامەزراندن و پێکهێنانی حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانیدا خستەگەڕ، لە دژ و لە بەرامبەر چوارچێوەی هەماهەنگی (ئیتاری تەنسیقی)، کە ئەم چوارچێوەیەش پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی دەبێت شێوازی کۆدەنگی و سازان



بگیرێتەبەر، واتە دووبارەکردنەوە و گرتنەبەری هەمان هاوکێشەی پێشوو، کە بریتی بوو لە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای دابەشبوونی ئیتنی و تایفەگەری، واتە بنیاتنان و پێکهێنانی حکومەتێك لەسەر بنەمای هاوسەنگیی نێوان هەر سێ پێکهاتەکە (شیعە و سوننە و کورد) دواتر نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە موقتەدا ئەلسەدر کەسایەتییەکە کە خاوەن جەماوەرە و هۆشیارە بە نارەزایەتی و ناخۆشحاڵی ڕای گشتی لە ئاست زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە سیاسەتی عێراقدا، ئەمەش بە دەرفەتێك دەزانێت لە پاڵ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنی لەگەڵ سەرۆك وەزیران (مستەفا ئەل کازمی) کە خاوەنی پەیوەندییەکی باش و بەرچاوە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ڕۆژئاوادا.

**موقتەدا ئەلسەدر کەسایەتییەکە کە خاوەن جەماوەرە و هۆشیارە بە نارەزایەتی و ناخۆشحاڵی ڕای گشتی لە ئاست زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ئێران لە سیاسەتی عێراقدا**

**دەکرێت دۆخی سیاسی و حکوومی لە عێراقی ئێستادا بە ئەزموونی دەوڵەتی شکستخواردوو لە قەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەو حکومەتەی نییە کە دەبێت شەرعی و نوێنەرایەتی بێت، توانا و دەسەڵاتی ئەوەشی نییە دۆخە ئەمنییە ناوخۆییەکەی بپارێزێت**



# بە چ میکانیزمێک دەکرێت ڕێگری لە کەمکردنەوەی تاوانەکانی کوشتن بکرێت؟

**سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت و ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان، هێشتا تاوانەکانی کوشتن (کوشتنی ئافرەت و پیاو و خۆکوشتن) نەك بنبڕ نەکراوە، بگرە هەندێك جار ڕێژەکەشی بەرز بووەتەوە. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە بە چ میکانیزمێك دەکرێت ڕێگری لە کەمکردنەوەی تاوانەکانی کوشتن بکرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

لیا سەیفەدین بەرپرسی لقی سلێمانیی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرەتا بەمجۆرە پێناسەی تاوانی کوشتن و بکوژ دەکات: «بارودۆخێکی لەدەستدەرچووی شێواوی دەروونییە، بە جۆرێك گەیشتنی مرۆڤە بە دواقۆناغی ئاکامەکانی ژیان کە خۆی تێیدایە و نەدۆزینەوەی دەرچەی چارەسەرکردنی کێشەکانە، جۆرەکانی کوشتنیش دوو جۆرن، کوشتنی پلە یەك و کوشتنی پلەدوو. واتە یاساکان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی دەگۆڕێن، بەپێی ئەوەی کە چ بارودۆخێك پاڵنەر بووە بۆ کوشتن و ئەنجامدانی تاوانەکە. لەناو ئەو کوشتنانەدا ئەو تاوانەی بەبێ پیلان، یان بە دەستی ئەنقەست و پیلان بۆ داڕێژراون و بە کینەوە ئەنجام دراون، یاسا پۆلێنبەندییان بۆ دەکات و هەندێکیان بە شایەنی سزای قورستر دادەنێت بە بەراورد بەهەندێکی دیکە.

تاوانی کوشتنی پلەیەك دەدرێتە پاڵ ئەو کەسانەی کە تاوانەکەیان بە زۆر مەترسیدار و بە پیلانی پێشوەختە و بە ئەنقەست ئەنجام داوە. ئەو کوشتنانەش کە ڕق و خراپیی تاوانەکەیان وەك کوشتنی پلە یەك مەترسیدار نییە، بە کوشتنی پلە دوو پۆلێن دەکرێن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن وا بکەین، تاوانی کوشتن و ڕێژەکەی کەم بکرێتەوە؟ گوتی: «حاڵەتەکانی کوشتن لە جیهاندا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان تەنانەت پێشکەوتووەکانیشدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێن، پاڵنەر و هۆکاری تایبەتیش بۆ حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتن هەیە. سەرەتا پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی زانستی و ئاگامەندی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەین. کە لە چەند خاڵدا ئاماژەی پێ دەکەین.

***بایەخدان و چاودێریکردن:**

پێویستە بایەخ بەو کەسانە بدرێت کە بیر و هەوڵی خۆکوژی یان تاوانی کوشتنیان لە لا گەڵاڵە بووە، بە هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان یان هۆکارە دەروونییەکان، بە شێوەیەك تۆوی هیوا و گەشبینی لە ناخیاندا بڕوێنن و سۆز و خۆشەویستییان پێشکەش بکرێت.

دوورکەوتنەوە لە نامۆیی و گۆشەگیری و گەڕانەوەی تاك بۆ ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنیان و بڵاوکردنەوەی باوەڕ بەخۆبوون لە لای تاکەکان، بەتایبەت ئەوانەی هەست بە بێتوانایی دەکەن.

***گرنگیدان بە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشیی درێژخایەن:**

دەبێت کار بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان و مامەڵەکردنی مرۆڤانە و دوور لە چاوی بەزەیی بکەین، چونکە مامەڵەی بەزەیی پێداهاتنەوە بە مرۆڤەکاندا زیاتر بیری خۆکوژی لەناخیاندا گەڵاڵە دەکات.

پێویستە میدیاکان لە ڕیکلام بە مانشێتی گەورە بۆ کەسی خۆکوژ، یان بکوژ، دووربکەونەوە، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆکارێك بۆ هاندان.

پێویستە یاساکان لە دادگاکاندا توندتر بن بۆ کەسانی بکوژ و داڵدە نەدانی بکوژ لە لایەن عەشرەت و کەسی باڵادەست.

**تاوانی کوشتنی پلەیەک دەدرێتە پاڵ ئەو کەسانەی کە تاوانەکەیان بە زۆر مەترسیدار و بە پیلانی پێشوەختە و بە ئەنقەست ئەنجام داوە**

**حاڵەتەکانی کوشتن لە جیهاندا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان تەنانەت پێشکەوتووەکانیشدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێن، پاڵنەر و هۆکاری تایبەتیش بۆ حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتن هەیە**

**پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی زانستی و ئاگامەندی مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەین**

**دووركەوتنەوە لە نامۆیی و گۆشەگیری و گەڕانەوەی تاك بۆ ناو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و بەهێزكردنیان و بڵاوكردنەوەی باوەڕ بەخۆبوون لە لای تاكەكان، بەتایبەت ئەوانەی هەست بە بێتوانایی دەكەن**

**پێویستە میدیاكان لە ڕیكلام بە مانشێتی گەورە بۆ كەسی خۆكوژ، یان بكوژ، دووربكەونەوە، چونكە ئەو كارە دەبێتە هۆكارێك بۆ هاندان**

**پێویستە یاساكان لە دادگاكاندا توندتر بن بۆ كەسانی بكوژ و دالدە نەدانی بكوژ لەلایەن عەشرەت و كەسی باڵادەست**

قەدەغەكردنی چەك و هەڵنەگرتنی بە بێ هۆكاری چەك و بەتایبەتی بە شێوەیەكی نایاسایی لە ناو ئۆتۆمبێل وماڵدا.

پەروەردەی دروست و دووركەوتنەوە لە دیمەنی توندڕەوی و ئەو فیلم و یارییە ئەلكترۆنییانەی شەڕانگێز و تێكدەرن.

هەوڵی ڕێكخراوەكان لە هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە و چڕكردنەوەی كارەكانیان بۆ پەرەپێدان بە ڕووناكبیریی تاك و ئیدانەكردنی تاوانەكانی كوشتن و خستنەڕووی ڕێكارەكانی ڕێگریكردن لە هەر جۆرە تاوانێك».

د. بەهزاد تاهیر مامۆستای زانكۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پێش ئەوەی باسی میكانیزمەكانی كەمكردنەوەی تاوانەكانی كوشتن بكەین، پێویستە باسی هۆكارەكانی كوشتن و تاوان بكەین و بزانین كە هۆكار چییە كە ڕۆژ بە ڕۆژ تاوانەكان بەرەو هەڵكشانن. بە دڵنیاییەوە هۆكارەكانی تاوان و كوشتن لە كوردستانیش بەدەر نییە لەو هۆكارانەی كە لە هەموو جیهاندا هەن. و ئێستا جیهان لە سەردەمی جیهانگەرایی تەواودایە و وڵاتان تەواو گرێدراوی یەكەن». گوتیشی: «هۆكارەكانی تاوان و كوشتن زۆرن، بەڵام گرنگترینیان بریتین لە: هەژاری، كاریگەریی هاوڕێی خراپ، مادەی هۆشبەر، هۆكارە سیاسی و دینییەكان، بارودۆخی خێزانەكان، كۆمەڵگە، بێكاری و نایەكسانی، سیستەمی دادوەریی خراپ و نادادوەر. هەموو ئەو هۆكارانە و كۆمەڵێكی دیكە هۆكاری سەرەكین بۆ تاوان و كوشتن. كەواتە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە دەڵێت چی بكرێت بۆ كەمكردنەوەی تاوانەكانی كوشتن، دەبێ بڵێین: دەبێت بە جددی و بە ئیمانەوە كار بكرێت بۆ چاككردنی ئەو هۆكارانەی كە لە سەرەوە باسم كردن. هەندێ هۆكار هەن كە لە دەسەلاتی ئێمەدا نییە و ناتوانین بنبڕی بكەین، وەك هەژاری، بەلام زۆربەی هۆكارەكانی دی دەكرێت كاری لەسەر بكرێت و كەم، یان بنبڕ بكرێن. بۆ نموونە: بێكاری، یان هۆكاری سیاسی و دینی، سیستەمی دادوەریی خراپ و مادەی هۆشبەر و كۆمەڵێكی دی لەو هۆكارانە دەكرێت لە ناو وڵاتدا بە بەرنامە و پلانێكی ستراتیژی چارەسەر بكرێن لە لایەن دەوڵەتەوە و ئەویش بە دانانی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی تایبەت بۆ كۆمەڵگە و دەزگاكانی بەرپرس لە وڵاتدا. بۆ نموونە: دەكرێت دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئەركی سەرەكییان پێ بسپێردرێت لە هوشیاركردنەوەی كۆمەڵگە و بەرزكردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی هاووڵاتییان لە دیاردە خراپ و بێزاوەكان و هەروەها ئاراستەكردنیان بۆ نەریتە باشەكانی وەك خوێندن و خوێندنەوە. گرنگیدان بە هونەر و مۆسیقا كە زۆر گرنگن و هەر كەسێك بەهرەی هەبێت لە هونەر و مۆسیقا، ئەو كەسە زۆر بە كەمی كەسێكی تاوانكاری لێ دەردەچێت. هەروەها دەكرێت لە دەزگاكانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا لە پاڵ پێدانی زانست، گرنگیی تەواو بە تاوانەكانی كوشتن و ڕاهێنانی كۆمەڵگە بۆ دوورخستنەوەیان لە هەر جۆرە تاوانێك بدەن. دەكرێت دەزگاكانی دادوەری و سزادان بە تەواوی كارا بكرێن و بە ئەركی خۆیان هەستن و دوور بكەوینەوە لە سوڵحی عەشایری و خزم خزمێنە.

بەڕاستی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەركێكی گەورەی لە ئەستۆدایە لەو بوارەدا، بەڵام بەداخەوە ئەو وەزارەتە تەنیا بارگرانی بووە لە كوردستان و هیچ بەرهەمی نەبووە. بە گشتی ئەگەر حكومەت مەبەستی بێت و ترسی لە جێبەجێكردنی یاسا و بڕیارەكان نەبێت و، وەزارەتەكان بە ئەركی ڕاستەقینەیان هەستن، دەكرێت ڕێژەی تاوان بۆ ئاستێكی یەكجار باش كەم بكرێتەوە».

دهۆك بەڕۆژی بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەكان لە ئەنجومەنی سۆران (ی.ئا.ك)، سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە «كوشتن بە خراپترین بەشی تاوان دادەنرێت، تاوانێك كە ڕۆح لە جەستە دەستێنێت، تاوانێك كە كاریگەرییەكانی باڵ بەسەر خێزان، كۆمەڵگە و



ولاَتدا دەکێشێت، ترس، تۆقاندن، بێمتمانەیی دەخاتە نیشتمانەوە، لەم ساڵانەی دواییدا، تاوانەکانی کوشتن لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان زیادیان کردووە، بە شێوەیەك هەفتە نییە، گوێمان بە هەواڵی، کوشتن، خۆکوشتن، تاوانە جۆراوجۆرەکان نەزرینگێتەوە، لە هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی دونیاش، ئەوانەی سەرداری یاسا و ڕێساکانن، سزای قورس و داپڵۆسێنەریان لەسەر تاوانباران داناوە، چونکە بە هۆیەکی هەڵتەکاندنی کۆمەڵگە و لە بنەوە بڕینی جوانییەکانی وڵاتی دەزانن.» هاوکات دەڵێت: «حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا تاوانبارانی سزا داوە، بەڵام میکانیزمێك بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکانی کوشتن لەم قۆناغە و بەشێك لە چارەسەرییەکان ڕەنگە ئەمانە بن:

١. توندکردنی سزای کوشتن و تاوانکاری، سزادانی تاوانباران بە هەتاهەتایی، بەڵام بە شێوەیەك جێبەجێبکرێن کە تاوانەکان نەك کەم بکرێنەوە، بەڵکوو بنبڕ بکرێن.

٢. هەڵمەتی چڕتر و باشتری هەڵگرتنی چەك لە هەرێمی کوردستان، هەتا ئێستاش هەڵگرتنی چەك وەك شانازی و کەشخەچێتی تەماشا دەکرێت، سنووردارکردن و کەمکردنەوەی هەتا بۆ ئەوانەی مۆڵەتیان هەیە.

٣. ڕۆڵی خێزان؛ دایك و باوك ڕۆڵیان دەبێت لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بە شێوەیەك هەر لە پێراگەیشتنی منداڵەوە ئاگاداری ڕەوشت و ئاکارەکانیان بن، بۆ ئەوەی نزیکی چەك، یان تاوان نەکەنەوە.

٤. پەروەردە و خوێندن، ناوەندەکانی فێرکردن؛ لە سەرەتاییەوە تا ناوەندی، وانەی تایبەتیان بە هۆشیارکردنی قوتابیان و منداڵان لەسەر تاوان و سزاکانی هەبێت، ئاشناکردنیان بە مەترسییەکانی تاوان لەسەر خودی خۆیان و کۆمەڵگە و داهاتوویان.

٥. کۆنترۆڵکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان؛ بە شێوەیەك ئەو ئامرازانەی کە تاوانەکانی کوشتن، یان ڕفاندن و تۆقاندنی مرۆڤ دەخەنە بەرچاو، سنووردار بکرێن، بەتایبەت پارێزی میدیاکان لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڤیدیۆ و وێنانەی کە بە کوشتنەوە بەستراونەتەوە.

٦. دەسەڵاتی یەکەم بدرێتە دادگان؛ ڕێگری لە هەموو جۆرە سوڵحێکی عەشائیری بکرێت کە ببێتە هۆی ئازادبوونی بکوژ و دووبارەکردنەوەی تاوان.

**هەر کەسێک بەهرەی هەبێت لە هونەر و مۆسیقا، ئەو کەسە زۆر بە کەمی کەسێکی تاوانکاری لێ دەردەچێت**



سارا عوسمان:

# لەدەستدانی بەشێک لە جەستە، ژیان ڕاناگرێت و مرۆڤ دەبێت هەمیشە بەهێز بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ناخۆشییەکان ببێتەوە



ئاریشەکانی ژیانی ڕۆژانەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کەم نین و، ئیرادەی بەهێزی دەوێت هەتا بە سەر کێشە و گرفتەکانی ژیان و بژێویدا زاڵ بن، بەڵام ژمارەشیان کەم نییە ئەوانەی خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵایین و لە بری گۆشەگیری و نائومێدی تێکەڵ بە کۆمەڵگە دەبن و، هەموو توانا و هەوڵی خۆیان بەگەڕ دەخەن، بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی خۆیان لە ژیاندا تۆمار بکەن. سارا عوسمان یەکێکە لەو مرۆڤە پڕئومێدانە و باسی ژیانی تایبەتیی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سارا عوسمان لەدایکبووی شاری سلێمانییە و دانیشتووی هەمان شارە و وەك خۆی باسی دەکات، تا پۆلی سێی سەرەتایی خوێندووە و دواتر بە هۆی کەمئەندامیی قاچەکانی وازی لە خوێندن هێناوە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە هۆی کەمئەندامبوونی قاچەکانم لە ساڵی ١٩٩٩ وازم خوێندن هێنا، چونکە تا ئەم ساڵانەش هەمیشە بە دوای چارەسەردا گەڕاوم، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئاستی خوێندن و نووسینم زۆر باشە و لە ساڵی٢٠١٣ زۆر بە ئاسایی دەستم کرد بە نووسینی شیعر و تا ئیستاش بەردەوامم و کۆمەڵێك نووسینی جوانم هەیە، کە باس لە دڵی زۆربەی گەنجەکانی ئێستا دەکات لە بواری ئەوین و خۆشەویستی.»

ئەو خاتوونە سەبارەت بە چۆنیەتی لەدەستدانی قاچەکانی گوتی: «کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی بوو، لە پڕ هەموو شت گۆڕا و لە کەمترین کاتدا بۆ هەمیشە من و قاچەکانم لێك دابڕاین، دابڕانێك هیچ کات هەنگاوەکانم لەگەڵم ئاشت نەبوونەوە.. من لە تەمەنی منداڵیدا لە بەیانییەکی زوودا و بێ بوونی هیچ نەخۆشییەك لەناکاو قاچەکانم لە جووڵە و ڕۆیشتن کەوتن، زۆرترین دکتۆری شارانم بینی، بەڵام بێ هیوایان کردم لە گەڕانەوەی هێزی قاچەکانم بۆ ڕۆیشتن، ناچار دەبوو لەگەڵی خۆم ڕابهێنم، هەر کە توانیم بژیم، بۆم دەرکەوت نەبوونی بەشێك لە جەستە ژیان ڕاناگرێت و مرۆڤ دەبێت هەمێشە بەهێز بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕووبەڕووی ناخۆشییەکانی ژیان ببێتەوە، شوکر بۆ خوای گەورە توانیم بژیم زۆر بە جوانی و بە هێزێکی بڕوابەخۆبوونەوە، ڕاستە کۆمەڵێك خەونم مراند، بەڵام هیچ کات نەمهێشت بکەوم و نەمهێشت کەس ئازار و نارەحەتییەکانم ببینێت، بڕوایەکی تەواوم بە خۆم هەیە و سپاس بۆ خوای گەورە لەناو خێزانێکدام کە زۆر بە باشی مامەڵەیان لەگەڵم کردووە. من هەمیشە وام لە کەسانی چوار دەور و خزم و بێگانەش کردووە، ڕێزم بگرن، نەك بەزەییان پێمدا بێتەوە، چونکە نە من و نە هیچ کەسی هاوشێوەی من پێویستی بە بەزەیی نییە. ڕاستە قاچەکانم لەدەست داوە بەڵام خودا باشترین هاوڕێ و هاوسەفەری بۆ ناردووم، ئەویش عارەبانەکەمە کە بێ ماندووبوون بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵم دێت، لە ناوماڵیش هاوکاری زۆرمە بۆ ئیشەکانی ڕۆژانەم، سوپاس بۆ خوا ئێستا من کچە بچووکەکەی جاران نیم و بوومەتە خانمێکی گەورە و بە کاری ماڵ و ژیانی خۆم خەریکم».

سارا لە درێژەی وتەکانیدا پەیامێك ئاراستەی هەموو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکات و دەڵێت: «لێرەوە ئەو پەیامەم بۆ هاوشێوەکانی خۆم هەیە و پێیان دەڵێم، هەموومان بە باشی دەتوانین بژین، ئەگەر خۆمان بمانەوێت و پەنا بۆ ئیرادەی خۆمان ببەین. من تەنیا بە دەستێك تەواوی کاروباری ژیانم بەڕێ دەکەم، کەواتە تۆش بەهێز بە نائومێد گۆشەگیر مەبە. من خەونم زۆر بوو، بەڵام هەمووی ڕۆیشت، بێ ئەوەی بێتەدی، بەڵام هەرگیز لە ژیان نائومێد نیم، خەونی گەورەم بۆ ژیان ئەوەیە کە دەمەوێت تەندروست بم، بۆ ئەوەی بتوانم بێ کێشە کارەکانی خۆم بکەم».

سارا عوسمان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا کێ هاوکار و هاندەرتە لە بەڕێکردنی ڕۆژانی تەمەنت؟ گوتی: «سوپاس بۆ خێزانەکەم زۆر باشن، دایك و خوشکەکانم و براکەم ئەوان وایان کرد من ببم بەو سارای ئێستا و لە گۆشەگیری و دووربوون لە خەڵك واز بێنم و پشت بە خۆم ببەستم، وایان کرد بە تەنیا بڕۆمە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و وایان کرد کە ئیدی لە خەڵك و شەقامە قەرەباڵغەکان نەترسم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی هەوڵت نەداوە دووبارە بخوێنی؟ گوتی: «هەمیشە سەرقاڵی چارەسەر بووم، هەمیشە هەوڵم داوە تا بکەومەوە سەر قاچەکانم، بەڵام هەمیشە دڵم شکا، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا زۆر دڵخۆشم چونکە نەبونی قاچەکانم نەبوونە ڕێگری لە ژیان و ئاسوودەبوونم، هەمیشە سوپاسگوزاری خوام، چونکە ژیانم جوانتر بوو. لێرەوە دەڵێم ئێمە کەم نین، ئێمەش ژیانمان خۆش دەوێت و ژیانیشمان جوانە، بە چاوی بەزەیی سەیرمان مەکەن، ئیمە ڕێزمان دەوێت، نەك بەزەیی، ئەوەتا ئەمڕۆ ٢٣ساڵە قاچەکانم نییە و هەنگاوەکانم لێم تۆراون، بەڵام ژیانم هەر کردو توانیشم جوانتر بژیم . توانیم لە دڵی زۆر کەس خۆشەویست بم و شیرین بم و ڕێزم بگرن، بۆیە لە چاوی کەسەکانی دی دڵخۆشم تا ئەو پەڕی دڵخۆشی».



**بە هۆی کەمئەندامبوونی قاچەکانم لە ساڵی ١٩٩٩ وازم خوێندن هێنا، چونکە تا ئەم ساڵانەش هەمیشە بە دوای چارەسەردا گەڕاوم**

**ساڵی٢٠١٣ زۆر بە ئاسایی دەستم کرد بە نووسینی شیعر و تا ئیستاش بەردەوامم و کۆمەڵێك نووسینی جوانم هەیە**

**کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی بوو، لە پڕ هەموو شت گۆڕا و لە کەمترین کاتدا بۆ هەمیشە من و قاچەکانم لێک دابڕاین**

# کەرکووکییەکان لە نوێبوونەوە و گۆڕانکارییەکانی پارتیدا خوازیاری ئاوڕلێدانەوەی زیاترن

**پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی لە دامەزراندنییەوە تا هەنووکە هەردەم هەڵگری بەیداخی شۆڕش و خەبات بووە و لە قوربانیدان سڵی نەکردووەتەوە و، ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر سەرمەشقیەتی، بە بێ جیاوازی بۆ هەموو دەڤەر و ناوچەکانی کوردستان پلانی نەتەوەیی هەبووە، بەڵام کەرکووك و غەدرێك کە لە کوردستانیبوونی ئەو شارە کراوە، هەردەم وای کردووە، پارتی حیسابی تایبەتی بۆ ئەو هاوکێشەیە بکات، لە ئێستاشدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو کۆنگرەی ١٤ی دەڕوات، ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە ئایا کەرکووکییەکان لە کۆنگرەی ئەمجارەی پارتیدا داوکارییەکانیان چییە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڕزگار سەعدوڵا کارگێڕی ناوچەی زانکۆ لە کەرکووك، سەرەتا باسی ئەوە دەکات «پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگری ئاڵای شۆڕش و سەربەخۆیی و نیشتمانپەروەری لەم قۆناغە سەختەدا بەرەو کۆنگرەی ١٤ هەنگاوی ناوە، لەم هەلومەرجە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەدا تەنیا ڕێبازی بارزانیی نەمر دەتوانێت بڕیاری نوێبوونەوە و قۆناغێکی نوێی کۆڵنەدات بدات، چونکە پارتیمان هەمیشە لە هەموو قۆناغەکانی نوێبوونەوە و کۆڵنەدانی دا، خاك و نەتەوەی بە ئەولەوییەتی پڕۆگرام و بەرنامەی کاری داناوە». هاوکات دەڵێت: «وەکو دیار و ئاشکرایە لە هەر ١٣ کۆنگرەکانی پارتیمان لای بارزانیی نەمر و جەنابی سەرۆك بارزانی گرنگییەکی تایبەت بە کەرکووك دراوە، لە کۆنگرەی ١٤ش ئەندامان و جەماوەری سەربەرزی پارتیمان لە شاری کەرکووکی



دڵی کوردستان دڵنیاین لەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتیمان لەم نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوونەدا بە بەرزی و گرنگییەوە لە کەرکووك دەڕوانن، هەروەها ئەوەی دەبینرێت ئەو ڕاستییەیە کە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی جیاواز لە کۆنگرەکانی ڕابردوو و بەپێی خوێندنەوە بۆ ئایندە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی و هەستیاریی ئایندەی دۆزی ڕەوای کورد وکوردستانە. پارتیمان لە سەدەیەك خەبات نزیك دەبێتەوە و لەم ساڵانەی خەباتیدا هەزاران قوربانی بۆ کەرکووك داوە، بۆیە دڵنیاین لەم کۆنگرەیەشدا پارتی لە ئاست خواستەکانی کەرکووکدا دەبێت».


ئەحمەد سەمەد بەرپرسی لقی قوتابیانی زانکۆی کەرکووك، ڕایوایە پارتی و ڕێبازی بارزانی هەڵقوڵاوی خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانن و هاوکات دەڵێت: «هیوادارم لە کۆنگرەی چواردەمدا پارتی بەردەوام بێت لەسەر ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کە وەك هەمیشە خاوەنی قەزیەی کوردی بووە و گەڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بخرێتە بەر باس بەپێی ئەو میکانیزمانەی لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی فیدڕاڵدا هەن، بەوەش سنووری هەرێم بچەسپێندرێت، چونکە بارزانیی نەمر شۆڕشێکی مەزنی کردە قوربانیی کەرکووك و هەوڵی پاراستن و پەرەپێدانی هەموو ئەو دەستکەوت و ئیستیحقاقە نەتەوەیی و سیاسی و ئابوورییانەی بە خەباتێکی مێژوویی هاتوونەتەدی و لە بنەڕەتدا بەرهەمی خوێنی شەهیدانمان و قوربانیدانی گەلەکەمانن، هیوادارم کۆنگرەی داهاتوودا دەروازەیەکی نوێ بکاتەوە لە بەردەم دەنگ و بیر و هزری نوێ، چونکە بیرکردنەوەی تاك گۆڕانی بەسەردا هاتووە.پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی سیاسییانەی دۆزی ڕەوای کورد لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا، هەروەها ئومێدمان هەیە ئەم کۆنگرەیە ببێتە دەستپێکی وەرچەرخانێکی مێژوویی و نەتەوەیی و نیشتیمانی کە هەڵگری خواستە ڕەواکانی ئەمڕۆی هەڤاڵانی پارتیمان و جەماوەری کوردستان بێت. داواکارم لە هەموو هەڤاڵان لە ئاستی شکۆ و گەورەیی ئەم ڕێبازە پیرۆزەدا هەنگاو بهاوێژن و پابەندی پڕەنسیپە پڕبەهاکان و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان بن».

مەریوان حەکیم جەباری کارگێڕی ناوچەی شۆڕش لە کەرکووك، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پارتی بە درێژای تەمەنی لە هەلومەرجی گونجاودا هەوڵی بەستنی کۆنگرە و نوێبونەوەی داوە و، هەرجارێك کە کۆنگرەی گرێداوە، بە بیرێکی نوێ و خوێنی تازە و بیری تازە و ستراتیژیەتی تازە خۆی نوێ کردووەتەوە، ئێستاش کە کۆنگرەی چواردە بەڕێوەیە، کارەکانی دەستی پێ کردووە بە شێوەیکی جوان لە چوارچێوەی پلان بۆداڕێژراو و ئێمەی کەرکووکی چاومان لەوەیە خوێنی تازە و بیری تازە و پەیڕەو و پڕۆگرامێکی نوێ و گونجاو کە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا بگونجێت و کاری لەسەر بکرێت، بێتەدی، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کەرکووك وەك هەمیشە لە دروشمی پارتی و پەیڕەوەکەیدا جێگای بکرێتەوە و ڕێژەیەکی باشی کەرکووکی لە کۆنگرە ئامادە بن و ببنە ئەندام و دڵنیاین لەوەی ستراتیژیەتی پارتی وەك هەمیشە لەسەر هێڵی بەرگری لە مافەکانی کورد و کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان دەمێنێتەوە و چاوەڕوانیی ئێمەی کەرکووکی لە کۆنگرەی چواردە ئەوەیە هەمیشە پارتی بە گەنجی و جوانی و هێزی نوێ و بیری نوێ بمێنێتەوە و ڕۆڵی زیاتر بە گەنجان و لاوان و ئافرەتان بدرێت».

**لەم هەلومەرجە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەدا تەنیا ڕێبازی بارزانیی نەمر دەتوانێت بڕیاری نوێبوونەوە و قۆناغێکی نوێی کۆڵنەدات بدات**

**لە هەر ١٣ کۆنگرەکانی پارتیمان لای بارزانیی نەمر و جەنابی سەرۆک بارزانی گرنگییەکی تایبەت بە کەرکووک دراوە**

**دڵنیاین لەوەی جەنابی سەرۆک بارزانی و پارتیمان لەم نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوونەدا بە بەرزی و گرنگییەوە لە کەرکووک دەڕوانن**



# هەشتەمین دیداری شانۆی کوردیی یۆتۆبۆری لە وڵاتی سوید بەڕێوەچوو

هەشتەمین دیداری شانۆی کوردیی یۆتۆبۆری بە هەوڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی نێودەوڵەتی یۆتۆبۆری Internationella Sköna Konster، بە دروشمی بەسە ژن کوشتن لە کوردستان و، بە نمایشی شانۆگەریی (مەرگی ئاو) کاتژمێر شەشی ئیوارەی ڕۆژانی ١٩ و ٢٠ی ئاب لە شانۆی دراماتیکی گۆتێبۆرگ Dramatiska teateri Göteborg لە شاری یۆتۆبۆری لە وڵاتی سوید بەڕێوە چوو.

مەنسوور جیهانی



ئەم شانۆگەرییە بەرهەمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی یۆتۆبۆری، لە نووسینی یەڵدا حوسێن و لە دەرهێنانی بەکر ڕەشیدە کە تیایدا کامەران کەمال و ئەرینا محەمەدی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، هەروەها کاری دیزاینی دیکۆری لە لایەن هونەرمەندی شێوەکار ئەحمەد نامۆ بۆ ئەنجام دراوە و، ئاسۆ دیلان هونەرمەندی موزیکزانی کوردی دانیشتووی وڵاتی سوید، بە ژەنینی ئامێری عوود تیایدا بەشداریی کردووە.

شانۆگەریی مەرگی ئاو لە لایەن هۆگرانی هونەری شانۆ و هەروەها ئامادەبووانەوە پێشوازییەکی باشی لێ کرا، بە شێوەیەك کە بەرپرسانی هەشتەمین دیداری شانۆی کوردیی یۆتۆبۆری ئیزنیان دا کە لە هەر ڕۆژە و دوو جار ئەم شانۆگەرییە نمایش بکرێت، واتە لە دوو ڕۆژی دیداردا چوار جار نمایش کرا.

ئەم شانۆگەرییە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، کە

لەم ساڵدا لە شاری هەولێر روویدا کە (ماریا سامی) بەداخەوە بە دەستی کەسوکارەکەی کوژرا.

دیداری ئەمساڵی شانۆی کوردیی یۆتۆبۆری بە سەرۆکایەتی بەشی هونەریی عیزەت ڕەئووف و هەروەها بە سەرپەرشتی سەرۆکی کۆمەڵە شەماڵ ئیبراهیم و بەرپرسی ئیداری دیدار محەمەد تۆفیق و بەشی تەکنیکی رووناکی و دەنگ لە لایەن نەوزاد باهیر بەڕێوە چوو.

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە خۆئامادەکردندایە بۆ سازدانی نۆیەمین دیداری فیلمی کوردیی یۆتۆبۆری کە لە رۆژانی ٢٦ و ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ لە هۆڵی سینەمایی فۆڵکت هیووس (Fulket Hus) لە ناوچەی هەمەرکۆڵەن (Hammarkullen) لە شاری یۆتۆبۆری بەڕێوە دەچێت، هەر لێرە لە هەموو فیلمسازانی کورد داوا دەکات کە پێیان خۆشە نوێترین بەرهەمەکانی خۆیان، بۆ ئەم رووداوە سینەماییە بنێرن.

بۆ زانیاریی زیاتر:
https://www.facebook.com/kurdiskafilmtraffen




راگەیاندنی گشتیی هەشتەمین دیداری شانۆی کوردی یۆتۆبۆری.



# هونەری مافوور

(١-٢)

مافوور هونەرێکی بەرزی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤە. هەرچەندە بە گوێرەی ڕشتەی ڕۆژاواییان، مافوور ناچێتە نێو ڕێزی حەوتەوانەی هونەری جوانەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هونەرێکی بەرز و تەژی لە جوانییە، جێی خۆیەتی لە نێو ڕشتەی هونەردا جێی خۆی بکاتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە، لە میسردا ئاوێتە بە شارستانیەتی دێرینی ئەو وڵاتە بووە. شوێنەواری زۆری ئەو وڵاتە، نموونە لە پیشەی جۆلایی و دروست کردنی مافوور لە کەرەستەی هەمەجۆر پیشان دەدات. لە سیبیریای ڕووسیاشدا مافوورێک دۆزراوەتەوە، توێژەران بۆ ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستای سەرزەمینی ئێرانی دەگێڕنەوە.

ئا/ تاریق کارێزی


کرۆکی هونەر لە پیشاندانی جوانی و کارامەییدایە، ئەندێشەی بەرز و داهێنانیش پاساوی دەداتەوە. هونەرکار یان هونەرمەند، کەسێکە دید و هزر و لێکدانەوەی خۆی لە بەرهەمدا گەڵاڵە دەکات، ئەو بەرهەمەش بە لای ئێمەوە جوان و سەرنج ڕاکێشە. لە پاڵ ئەوەشدا هونەرمەند ئەو کەسەیە، تێگەیشتن و ڕوانینی خۆی بۆ جیهان و گەردوون بە شێوەیەکی کارامە بەرجەستە دەکات. لە بنەڕەتدا هونەر بەهرەیە، بە کار و کۆشش، شارەزایی و ئەزموونی دێتە پاڵ. من و تۆی هونەرخوازیش، چێژ و سوود لە هونەر وەردەگرین. بە گوێرەی هەموو ئەوانەی گوتم، مافووری دەسکرد هونەرە. هۆشمەندیی ڕەخنەگرانە ئەوە دەخوازێت، ئێمە ئەو ڕشتەی هونەرەی ڕیشەکەی بۆ گریك دەگەڕێتەوە، هەڵوەشێنینەوە و ڕشتەیەکی دیکەی لە جێدا دابنێین.



من لە ڕێی دۆسێی هونەر لە گۆڤاری (گوڵان) دا، هەوڵ دەدەم سەرەتایەك بۆ دانانی ڕشتەیەکی وردتر دەست پێ بکەم، زاتی ئەوەش بە خۆم دەدەم بە سەلیقەیەکی جوانخواز و جوان دۆستانەوە، ڕشتەیەکی نوێ و ڕیالیستانەتر پێشنیار بکەم. لەم هەوڵەشدا خوێندنەوەیەکی ئازاد و بابەتیانە بۆ تێکڕای هونەر دەکەم. بە خوێندنەوە و شرۆڤە، پێداچوونەوەیەك بە حەوتەوانەی هونەردا دەکەم، بیردۆزێك لە بارەی هونەر و ڕشتەکەی دەخەمە ڕوو، تەلاری چەق بەستووی ڕشتە باوەکە هەڵدەتەکێنم، بینای ڕشتەیەکی نوێ دەخەمە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش لە چەند وتارێکی پێشووی (گوڵان)دا بەرکوڵێکم خستە ڕوو، بە هونەری مافوور ڕاستەوخۆ دێمە دەست، هونەری دیکەی دەرەوەی حەوتەوانەی هونەریشی دێتە پاڵ، ئنجا بینای ڕشتەیەکی نوێ و گونجاوتر بۆ هونەری جوان (Fine arts: Hunerên Bedew) پێشنیار دەکەم، لەم پێشنیارەشدا متمانەیەکی زۆرم بە تێزەکەم هەیە.

پەیوەست بە بازنەی هونەر، مافوور هەم تەژییە لە جوانی، هەم هەڵگری واتا و ئایدیا و سیمبوڵ و ئایکۆنی هەمەجۆرە. ئەم فیگەرانەش بە تێکڕا، بە هەردوو چەمکی (جوانی + واتا)وە، بارستەیەکی سەنگینن بۆ ئەوەی قبووڵمان بێت کە مافوور هونەرە. هونەرێکی چەشنی مووزیك، پتر لە هونەرەکانی دی، لە هەست و ویژدان و خواستی مرۆڤەوە نزیکە. هونەری مافووریش بەدەم حەزی ستاتیکاییانە و جوانخوازانەی مرۆڤەوە دێت، دەروون






بە جوانی پاراو دەکات، هاوکات بەشێکی گرنگە لە پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. هونەرێکە لەگەڵ تەلارسازی، بە تەواوەتی ئاوێتە بە ژیانی مرۆڤ بووە.

مافوور ئەوە نییە تەنیا ڕایەخ بێت، لە پاڵ ئەوەشدا ڕەهەندی جوانی و واتاش دەگرێتە خۆ، ئەمەش پاساوێکی گەورەیە بۆ ئەوەی دەروازەی هونەر بە ڕوویدا والآ بێت، لە نێو گەردانەی ڕشتەی هونەردا جێی خۆی بگرێت. گریك هەقی خۆیان بوو، چۆنی لە هونەر حاڵی بوون، بەو چەشنە ڕشتەکەیان دانا. بارتەقای ئەوە، ئێمەش هەقی خۆمانە ڕشتەی هونەر دابڕێژین، لەو داڕشتن و دیاری کردنەی توخمەکانی ئەو ڕشتەیەدا، کارێکی دروستە کە پێداویستی ژیان و ژینگەی خۆمان، میراتی شارستانی و کولتووری ڕۆحیی خۆمانی تێدا ڕەچاو بکەین.

ئەم هونەرە زادەی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتە، بۆیە تێکڕای گەلانی ڕۆژهەڵات لەم هونەرەدا خاوەن مۆرکی تایبەت بە خۆیانن. تەنانەت لە نێو هەر یەك لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا، هەمەڕەنگییەکی زۆر لە ڕووی چەشنەکانی مافوورەوە بەدی دەکەین. لە ئاستی جیهاندا دۆخی جیۆسیاسی لە ناساندنی هونەری مافوور و جۆرەکانی، نەخشی کارای هەیە.

ئەورووپا لە ڕێی ئەویشەوە جیهانی ئەمڕۆ، پتر مافووری ئێران (فارس) و مافووری تورکیا (تورك) دەناسن. بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوە، مافووری ئێران هی چەندین نەتەوەیە نەك تەنیا نەتەوەی فارس، بە هەمان شێوە، مافووری تورکیا هی چەندین نەتەوەیە نەك تەنیا تورك، بەڵام جیهان مۆرك و مارکەی ئەو دوو وڵات و ئەو نەتەوەیەی بە فراوانی دەرهەق بە هونەری مافووری بەخشیوە و ناسیوە.



لێرەدا ئێمە هەمبەر بە دوو ئەرکی گەورە دەوەستین. یەکیان ئەوەیە، ئێمە مافوور وەك هونەر پێناسە بکەین، پێگەی شایستە بە خۆی لە نێو جیهانی ستاتیکای هونەری جواندا پێ ڕەوا ببینین، ئەمەش بە شرۆڤەیەکی لۆژیکی و لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست.

دووەمیان ئەوەیە ئێمە نەخشەی تێك ئاڵۆسکاوی هونەری مافوور ڕۆشن بکەینەوە، هەر نەتەوەیە ناو و ناوبانگی شایستە بە خۆی لە دنیای ئەم هونەرەدا پێ بدرێت، نەك ئەوەی تەنیا دوو نەتەوەی لە ڕووی سیاسییەوە سەردەست بەسەر سەرزەمینێکی فراوانەوە، بکەین بە میراتگری تێکڕای ئەم هونەرە.

## سەلما حایک:

# هۆڵیۆد لایەنی جوان و قێزەوەنی هەیە

سەلما حایکی (تەمەن ٥٥ساڵ) بە هۆی جوانی و سەرنجڕاکێشی و توانای هونەرییەوە توانیی سەرنجی بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرانی جیهانی بۆ لای خۆی رابکێشێت، سەرەڕای سەرکەوتن و ناوبانگی لە هۆڵیۆد، ئەو ژیانە خۆشەی تێیدا دەژیی بێ ئاستەنگ و گرفت نەبووە، ئەمەش وای کردووە کە بە راشکاوی بڵێت: هۆڵیۆد و کاری نواندن چۆن جوان و چێژبەخشە، بە هەمان شێوەش



لایەنی قێزەونی هەیە.

سەلما سامی حایك لە ٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٦ لە خێزانێکی زۆر دەوڵەمەند لەدایکبووە، باوکی بازرگانێکی مەکسیکیی بەرەچەڵەك لوبنانییە، دایکیشی بەناوی دیانا خیمینێزە گۆرانیبێژی ئۆپێرایە.

سەلما کە تەمەنی ١٢ ساڵ بوو، بۆ خوێندن گەشتی کرد بۆ ویلایەتی لویزیانای ئەمریکا، دوای چەند ساڵێك گەڕایەوە مەکسیك بۆ خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئیبیرۆ ئەمریکانا.

لە ساڵی ١٩٨٨ جارێکی دیکە گەڕایەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی کالیفۆرنیا، بۆ خوێندنی نواندن لە پەیمانگەی (ستێلا ئادلێر) و لەم قۆناغەدا دەستی کرد بە پلاندانان و، بڕیاری دا ببێتە ئەکتەرێکی پیشەیی و ئەم بڕیارەش هانی دا بۆ سەرکەوتن لە زنجیرەی مەکسیکی تێرێزا.


سەلما حایك دوو نەشتەرگەریی جوانکاریی ئەنجام داوە، یەکەمیان بۆ لووتی، دووەمیشیان بۆ گەورەکردنی سنگی، سامانەکەی بە ٩٠ ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت.

حایك بە ڕۆڵی ئەکتەرییەوە نەوەستا، بەڵکو کۆمپانیایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی هونەریی دامەزراند، کە تایبەت بوو بە پێشکەشکردنی فیلمە لاتینییەکان، هەروەها لە ساڵی ٢٠١١ براندی تایبەتی خۆی لە بەرهەمەکانی جوانکاری و چاودێریی پێست و چاودێریی قژ خستە بازاڕەوە بە ناوی Nuance، لە ساڵی ٢٠١٧دا سەلما حایك بەرهەمهێنەری بەناوبانگی هۆلیوود، هارڤی واینشتاینی تۆمەتبار کرد بە هەراسانکردن و دەستدرێژی سێکسی.

لەم ڕووە لە ساڵی ٢٠١٧ بە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ڕاپگەیاندبوو کە واینشتاین «دڕندەیەك» بووە، کە بەهۆی توڕەییەوە دەجووڵێت، هەروەها تۆمەتباری کردووە بە دەستدرێژیی سێکسی و هەڕەشەی کوشتن.

سەرچاوە : العین





# بریتنی سپێرز: سێزدە ساڵ منیان کوشت

ئەستێرەی پۆپ بریتنی سپێرز لە پەیامێکی دەنگیی درێژدا ڕایگەیاند کە ئەو سەرپەرشتییەی کە بۆ ماوەی ١٣ ساڵ بەهۆی کێشە دەروونییەکانییەوە کە لەلایەن باوکییەوە بەسەریدا سەپێندرابوو، کۆتایی پێهات و ئێستا ئازادە.

جەیمی سپێرز باوکی ئەو گۆرانیبێژە، سەرپەرشتیاری سەرەکیی ئەو سەرپەرشتیکردنە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٨ بەسەر کچەکەیدا سەپێندرا و، بە بڕیارێکی دەسەڵاتی دادوەری لە لۆس ئەنجلۆس لە ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ هەڵوەشایەوە.

ئەو ئەستێرە تەمەن ٤٠ ساڵییە لەو کاتەوەی کە ئەم سەرپەرشتییە هەڵگیراوە، تەنیا لێدوانی کورتی لەبارەی ئەم سەرپەرشتییە دەرکردووە و بە «ئارەزوومەندانە» وەسفی کردووە، ئەمەش بە تایبەتی لە ڕاگەیاندنی ئەودا دەرکەوتووە کە باوکی ڕێگریی کردووە کە منداڵی هەبێت، هەرچەندە خۆی زۆر ئارەزووی بووە منداڵی زیاتری هەبێت.

سپێرز دوای هەڵوەشاندنەوەی سەرپەرشتیاری، هاوسەرگیری دووبارەی کردەوە و هاوسەرەکەی (سام ئەسگار)ی تەمەن ٢٨ ساڵ ڕایگەیاند کە کۆرپەکەی لەبار چووە.

لە پەیامێکی دەنگیی ٢٢ خولەکیدا کە لە یوتیوب بڵاو کرایەوە و، بۆ یەکەمجار گۆڤاری ڤاریتی ئاشکرای کرد، بریتنی سپێرز بە دەنگێکی خەمناك و هەندێکجاریش زەق، ئاشکرای کرد کە ١٣ ساڵی ژیانی لەژێر «کۆنترۆڵی» باوکیدا زۆر بە سەختی بەسەر بردووە و، دایکیشی بەو سەرپەرشتییە ڕازی بووە، هەروەها دایکی و براکەی و هاوڕێکانی شایەتحاڵ بوون لەسەر ئەوەی کە بەسەریدا هات لەو ماوەیەدا.

لە تۆمارە دەنگییەکەدا دەڵێت: «چیم کرد کە شایەنی ئەمە بێت»، هەروەها خێزانەکەی و کەسانی نزیك لە خۆی تۆمەتبار دەکات بە کوشتنی «بە هەموو مانای وشەکە».

ئەو هونەرمەندە پێی وابوو کە جەیمی سپێرزی باوکی لە ماوەی سێزدە ساڵی ڕابردوودا سزای داوە، بەو پێیەی ڕێگریی کردووە لەوەی (کەس نەبینێت، یان هیچ نەڵێت) هەروەها ناچار بووە کار بکات و، ڕێگریی لێ کراوە ئۆتۆمبێلی خۆی لێبخوڕێت، تەنانەت جەختی لەوە کردوە کە مۆبایلەکەی لەژێر چاودێریدا بووە.

## تاڤان نەسرەدین
### ڕاهێنەر و یاریزانی ئەسپسواری:

# خەریکی خۆئامادەکردنم بۆ پاڵەوانێتی عێراق

*** بۆچی یاریی ئەسپسواریت هەڵبژارد؟**

- هەر لە منداڵییەوە باوکم بە رەحمەت بێت، ئاشنای کردووم بەم یارییە، لەو کاتەوە لەم بوارە کار دەکەم.

*** لە کوردستان ئاستی یاریی ئەسپسواری لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- بێگومان ئەم یارییە لە هەموو جیهاندا گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، لە ئێستادا و لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەوڵی تاکە کەسی دراوە بۆ بەرەوپێشچوونی و لە ساڵانی پێشوو باشترە، بەڵام هێشتا بەپێی پێویست نییە، ئەو هەوڵانەی دراوە لە پێناو وەرزشەکەدا نییە و زیاتر بزنسی پێوە دەکرێت.

*** بۆچی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بەم یارییە جیهانییە نادرێت؟**

- هۆکار زۆرن، لەوانە من هەمیشە گوتومە و ئێستاش دووبارە دەیڵێم (کەسی شیاو لە شوێنی شیاو)، بەداخەوە نەبوونی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکەدا، یەکێکە لە هۆکارەکان، هەروەها نەبوونی بودجەی پێویست، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە و کەسانی بەرپرس بە شێوەیەکی سەرەتایی ئەم وەرزشە دەناسن و وردەکارییەکانی شارەزا نین، ئەمە گرنگترین و دیارترین هۆکارە بۆ پشتگوێخستنی ئەم وەرزشە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی تازەوە؟**

-چەند هەنگاوێك هەیە دەبێت بنرێت بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە، لەوانە دەبێ کەسی پسپۆڕ لە وەرزشیی سوارچاکی دابنرێت، نەك کەسانێك تەنیا ئیشیان بەخێوکردنی ئەسپ بووە و تەنیا لە بەخێوکردن شارەزان و دەزانن تاوی ئەسپ و مایین بدەن و هیچی تر، دەبێت گۆڕەپانی گونجاو دروست بکرێت کە تایبەت بێت بە یارییەکانی ئەم وەرزشە و لە خزمەتی هەموو یاریزاناندا بێت، نەك لە خزمەتی چینێکی تایبەت بێت، هێنان یان دروستکردنی ناوبژیوانی شارەزا لە بوارەکەدا، ئەمەش بە کردنەوەی خول دەکرێت لەلایەن کەسانی پسپۆڕ، دابینکردنی بودجەی پێویست لەلایەن حکومەت، یان کەرتی تایبەت و سپۆنسەرکردنی پاڵەوانێتییەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کردنەوەی خول و پاڵەوانێتی ساڵانە چەند جارێك.

***ساڵانە کردنەوەی یەك دوو پاڵەوانێتی بە بەشداریی ژمارەیەك یاریزانی کەم، دەبێتە هۆکاری پێشکەوتنی ئەم یارییە؟**

- بەڵێ، بێگومان بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکاندا دەبێتە پاڵنەرێك بۆ یاریزانان و بۆ فێرخوازانی خولەکانیش کە بەردەوام بن و کۆڵ نەدەن، بەمەش هەنگاوێك ئەم وەرزشە دەباتە پێشەوە، ئەگەر چی کەم و کووڕییەکانیش زۆربن، بەڵام بوونی پاڵەوانێتییەکان خۆی لە خۆیدا بوونی وەرزشەکە دەسەلمێنێت.

***کێشەو ئاریشەکانتان چین لەم وەرزشە؟**

-هەمووی پەیوەندی بە گرنگیدان بەم وەرزشەوە هەیە، ئاوڕی جددی لەم وەرزشە نەدراوەتەوە، تا ئێستا هەوڵەکان تاکە کەسین و بەهۆی حەز و خۆشەویستی کەسانی ناو بوارەکەوەیە و وەکو پێویست نییە، گرنگترین گرفت کەسانێك تێکەڵ





**هەر چەندە یاریی ئەسپسواری یارییەکی جیهانییە و ساڵانە چەندین پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوە دەچێت، بەڵام لە کوردستان و بگرە لە عێراقیش وەکو پێویست ئاوڕ لەم یارییە نەدراوەتەوە، زیاتر هەوڵەکان تاکە کەسین بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە، یانەی سوارچاکیی کۆڕاز لە پارێزگای سلێمانی ماوەیەکی زۆرە گرنگی بە یارییەکانی ئەسپسواری دەدەن و چەندین یاریزان و ڕاهێنەری بە ئەزموون لەم یانەیە کار دەکەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەم یانەیە بکەنە نموونەیەکی بەرزی ئەسپسواری لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عێراقیش، یەکێك لە یاریزانە بەتوانا و دێرینەکانی یانەکەش کچە یاریزان و ڕاهێنەر (تاژان نەسرەدین)ـە، کە یاریزانی یانەی جەیش و ڕاهێنەری ئەسپسواریی یانەی کۆڕازە، تاژان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سلێمانییە و خاوەنی بڕوانامەی بە کالۆریۆسە لە کارگێڕیی کار، لە نزیکەوە چەند پرسیاریکمان لێ کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

بەوم وەرزشە بوون کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم وەرزشەوە نییە و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ نین.

*** بۆ حەز و خولیا، یان بۆ وەرزش ئەم یارییە ئەنجام دەدەیت؟**

- بێگومان هەرکارێك بکرێت دەبێت سەرەتا حەزت لێی بێت و خۆشت بوویێت، بەم شێوەیە سەرکەوتوو دەبیت، منیش بە خۆشەویستیەوە وەرزشەکە دەکەم.

*** لە ئەسپسواری هیچ کات دووچاری کێشەو گرفت بوویتەوە؟**

- بێگومان کۆمەڵگە و کولتوور منی بێبەش نەکردووە لە کێشەو گرفت، بەڵام پاڵپشتیکردنی خێزانەکەم ڕێیان لەو گرفتانە گرت و چیتر نەبوون بە بەربەست، بە تایبەتی پاڵپشتی باوکم (شێخ نەسرەدین) بە ڕحمەت بێت، هەمیشە لە پشتم بووە، ڕێگەی نەداوە گرفت دوچارم بێت.

*** هیواو و ئاواتت وەکو کچە ئەسپسوارێك؟**

-بەگشتی هیوام وایە کە کێشە و گرفتەکانی ئەم وەرزشە بە کۆتا بێت و ئاوڕێکی جددی لەم وەرزشە بدرێتەوە، لەسەر ئاستی تاکەکەسیش بتوانم ئاواتی باوکم بهێنمە دی و وەکو پاڵەوانێکی نێودەوڵەتی خۆم ببینمەوە.

*** بەرنامەی داهاتوو چییە بۆ ئەم وەرزشە؟**

-بەرنامەم زۆرە، بەڵام لە ئێستادا خۆم ئامادە دەکەم بۆ پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی عێراق، بە پشتیوانی خودای گەورە ئەنجامی باش بەدەست دەهێنم.

*** وەکو ڕاهێنەرێك بە نیازی چییت بۆ ئەسپسواری؟**

-لە داهاتوو دا دەمەوێ گرووپێك لە یاریزانی کچ دروست بکەم و ئەرکی ڕاهێنانیان لە ئەستۆ دەگرم و، ئامادەیان دەکەم بۆ پاڵەوانێتییەکان، هەروەها لە ئێستادا لە یانەی سوارچاکیی کۆڕاز وەکو ڕاهێنەر و مامۆستا کار دەکەم بۆ دروستکردنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری سوارچاکیدا.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو ماندوو بوونە، هیوادارم نموونەتان زۆر بێت، چونکە کەم کەس هەیە گرنگی بەم باسە بدات.

# پۆگبا نەشتەرگەری ئەنجامدا

یانەی یۆڤانتوس دووپاتیکردەوە، کە نەشتەرگەریەکی تەواو سەرکەوتوو بۆ پۆڵ پۆگبای ئەستێرە فەرەنسییەکەی کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دیارنییە ئەو یاریزانە فەرەنسییە تا کەی لە یاریگاکان دووردەکەوێتەوە.

پۆگبا دوای دوو رۆژ گەڕانەوە بۆ مەشقەکان، بڕیاریدا رازی بێت نەشتەرگەری بۆ بکرێت، چونکە ئەنجامی چارەسەرییەکەی جێگەی رەزامەندی نەبوو، یاریزانە فەرەنسییەکە تووشی پێکان بووەوە.

یۆڤانتوس رایگەیاند ئەو نەشتەرگەرییەی، کە پرۆفیسۆر رۆبێرتۆ رۆسی بە ئامادەبوونی لوکا ستیفانینی پزیشکی تایبەتی یانەی یۆڤانتوس ئەنجامدراوە، بە تەواوی سەرکەوتوو بووە.

تاوەکو ئێستا دیارنییە پۆگبا تا کەی لە یاریگاکان دووردەکەوێتەوە، کە بەپێی هەواڵێکی سکای سپۆرت ئیتاڵیا، دەتوانێت دوای ٦ هەفتە بگەڕێتەوە، بۆیە لەوانەیە لە کاتی خۆیدا بۆ مۆندیالی قەتەر بگەڕێتەوە.



پۆل پۆگبا، مانگی رابردوو بڕیاریدا نەشتەرگەری بۆ نەکرێت بۆ ئەوەی رووبەڕووی مەترسی لە دەستدانی مۆندیال نەبێتەوە.

ماسیمیلیانۆ ئالێگری لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: نازانم پۆگبا لە مۆندیال یاری دەکات یان نا، بەڵام ئەمە کێشەی من نییە، دەزانم لە مانگی یەکدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆڤانتوس.

پۆگبا لە هاوینی ئەمساڵدا بۆ دووەمجار گەڕایەوە ریزەکانی یانەی یۆڤانتوس دوای ئەوەی ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ مانچستەر یۆنایتد تەواوبوو، کە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٦ یاری بۆ یۆڤانتوس دەکات.



# حکوومەتی فەرەنسا رەخنە لە ئیمپاپێ دەگرێت

حکوومەتـی فەرەنسـا رەخنـەی تونـد لـە کریسـتۆف گاڵتیـێ و کیلیـان ئیمپاپـێ دەگرێـت و هەڵسـوکەوتەکانیان بـە بێرێزیکـردن هەژمـار دەکات. لـە کۆنگـرەی رۆژنامەوانـی پێـش یـاری بەرامبـەر یۆڤانتـۆس لـە خولـی یانـە پاڵەوانەکانـی ئەورووپـا کریسـتۆف گاڵتیـێ و کیلیـان ئیمپاپـێ بـەو پێشـنیازە پێکەنیـن، کـە یەکێـک لـە رۆژامەنووسـەکان لێیپرسـین بۆچی لە یاری بەرامبـەر نانت بە فڕۆکە گەشتیان کـرد لـە کاتێکـدا بەکارهێنانـی سـووتەمەنی فڕۆکـە دەبێتە هـۆی پیسـبوونی ژینگـە و گـۆڕانی کەشـوهەوا. برونـۆ لۆمیـر وەزیـری دارایـی و ئابـووری فەرەنسـا رەخنـەی تونـدی لـە پێکەنینەکـەی گاڵتیـێ و ئیمپاپـێ گرت و داوای لێکردن، کە بابەتی گۆڕانی کەشـوهەوا بـە جـددی وەربگـرن و لـە لێدوانێکـی بـۆ میدیاکانـی فەرەنسـا گوتـی: پێموایـە ئـەم بابەتـە پێکەنینـی ناوێـت.

یەکێـک لـە کۆمپانیاکانـی هێڵـی ئاسـنینی گەشـتی دوور و درێـژ داوای لـە پاریـس سـانت جێرمـان کردبـوو گەشـتەکانیان بـۆ یارییـەکان بـە شـەمەندەفەر ئەنجام بدەن لە جیاتـی ئـەوەی فڕۆکـە بەکار بهێنـن، گاڵتیـێ لـە وەڵامـی ئـەو پێشـنیارە گوتـی: ئێمـە لـە رێـگای ئـەو کۆمپانیایـەی گەشـتەکانمان رێکدەخـات داوامـان کـردووە بـە یەخـت گەشـتەکانمان بکەیـن.

لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان رەخنـەی تونـدی لـە لێـدوان و پێکەنینەکانـی ئیمپاپـێ گیـرا لـە کاتێکـدا ئێسـتادا چەندیـن رێکخـراو لـە جیهانـدا کار بـۆ ئـەوە دەکـەن کەمتریـن سـووتەمەنی بـۆ پێدوایسـتییەکانی ژیـان بەکاربێـت، چونکـە ئـەو گاز و سـووتەمەنیانە لـە هـەوادا مـاددەی ژەهـراوی دروسـت دەکـەن.

# یاریزانێکی شەیتانە سوورەکان میسی بەباشترین یاریزان دەستنیشان دەکات لەجیاتی رۆناڵدۆ

ئەنتۆنـی سـانتۆس یاریزانـی نـوێ بەرازیلـی یانـەی مانچسـتەر یۆنایتـد لـە چاوپێکەوتنێکـدا لـە جیاتـی کریسـتیانۆ، بـۆ پێکهاتـەی خەونەکانـی مێسـی هەڵبدەبژێرێـت.

ئەنتۆنی ٢٢ ساڵ، هەفتـەی رابـردوو بە فەرمـی لە یانـەی ئەیاکسـی هۆڵەنـدی بـە بەهـای ٩٥ ملیـۆن یـۆرۆ پەیوەنـدی بـە یانـەی مانچسـتەر یۆنایتـد کـرد، لـە یەکەمیـن یـاری بـە درێسـی مانچسـتەر یۆنایتـد لـە خولـی نایابـی ئینگلیـزی گۆڵـی لـە دژی ئەرسـێناڵ کـرد، دوای یارییەکـەش وێنەیەکـی خۆی لەگـەڵ کریسـتیانۆ لـە ئینسـتاگرام بڵاوکردەوە و نووسـیویەتی: کریسـتیانۆ ئایدڵـی مـن، بـەڵام لێدوانێکـی پێشـووی دەریدەخـات ئـەو هێرشـبەرە لاوەی مانچسـتەر یۆنایتـد زیاتـر بـە میسـی سەرسـامە نـەوەك کریسـتیانۆ.

ئەنتۆنـی ئـەو کاتـەی لـە یانـەی ئەیاکـس یاریکـردووە پرسـیاری لـێ دەکـەن لـە نێـوان مێسـی و کریسـتیانۆ یەکێکیـان هەڵبژێرێـت، بەبـێ دوو دڵـی میسـی هەڵگـری ٧ خەڵاتـی باڵـۆن دۆر هەڵدەبژێرێـت، دەشـڵێت: مێسـی گەورەتریـن پاڵنـەرم بـووە لـە تۆپـی پـێ ئـەو یاریزانێکـە، کـە زۆرم خۆشـدەوێت و سـەرچاوەی بەخشـینی هێـز و وزەیـە بـۆ مـن ئەمـەش لـە کاتێکدایـە ئێسـتا ئەنتۆنـی هاوشـانی کریسـتیانۆ لـە یـەك تیـپ یـاری دەکـەن.





# پێشمەرگەی هەولێر خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر لە ئێستادا سەرگەرمی ئامادەکارین بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ ئەم وەرزە دەستەی کارگێڕیی یانەی پێشمەرگە دەیەوێت لە وەرزی ڕابردوو جیاوازتر دەربکەوێت، هەر بۆیە گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزان و پیشەگەرێك مۆرکردووە و، چاوی لەوەیە ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەران قسەمان کردووە، هەرچی پێویست بێت بۆ ئەوان جێبەجێی دەکەین، هەرچەندە هەندێك شت هەیە لە ئاست تموحی ئێمەدا نییە، بەتایبەتی مۆڵەتی دەستبەرداربوون کە رەنگە کێشەت بۆ دروست بکات، بە تایبەت لە یاریزانانی ناوەخۆ بۆ یاریزانی دەرەوەش بە هەمان شێوە، ڕەنگە ئیمکانییەت بەشێك بێت لە بەربەست بۆ ئەم کارە، جگە لەوەش ژمارەی یاریزان و فیزاش ئەوانە هەمووی گرفتە، پشتیوان بە خوای گەورە هەموو کارێك دەکەین بۆ سەرختنی یانەکەمان بۆ ئاستێکی باشتر، نیهاد عادل گوتیشی: «ئێمە تیپێکی باش دروست دەکەین و لەساڵی ڕابردوو باشتر دەبین و دەگەڕێنەوە ناو کێبرکێیەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە.



# هەندرێن تیپێکی تۆکمە دروست دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێنی خاوەنی پلەی دووەمی ریزبەندی یانەکانی خولی نایابی کوردستان لە وەرزی ڕابردوو، بۆ وەرزی نوێی خولەکەش لە ئێستاوە خۆی کۆکردووەتەوە و چەندین یاریزانی سەرخستووە، بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز دروست بکەن، ئیدارەی یانەکەش پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەم مەبەستە، تا بتوانن تیپێکی بەهێز دروست بکەن و ئەنجامەکانیان لە وەرزی ڕابردوو باشتر بێت، لەم بارەشەوە دڵشاد مەعروف ڕاهێنەری یانەی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستمان بە ئامادەکارییەکانمان کردووە بە ئامانجی دەستپێکێکی نوێی لە وەرزی تازەی خولی نایابی کوردستان، ژمارەیەك یاریزانمان ڕۆیشتوون و چوار یاریزانی تازەشمان هێناوەتە ریزی یانەکەمان، جگە لەوەش ئەمساڵ پشتمان بە یاریزانانی لاوی تیپەکەمان بەستووە و، زیاتر لە حەوت یاریزانی تیپی لاوانمان سەرخستووە»، لەبارەی گرفتەکانیش دڵشاد مەعروف گوتیشی» هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و ئامانجی ئێمە بۆ وەرزی تازە بەردەوام بوونە بۆ ڕکابەریکردن لە سەر ئەنجامی شایستە و ململانێکردن لەگەڵ سەرجەم یانەکانی خولەکە، بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئەنجامی شایستە لەم وەرزەدا، ئیدارەی یانەکەشمان پشتگیریی تەواوی تیپەکە دەکەن، بۆ ئەوەی تیپێکی بەهێز دروست بکەین و لە وەرزی ڕابردوو بەهێزتر بێت».



# دلێر حاتەم چەندین یانەی عێراقی ڕەت کردووە



هەر چەندە یانەکانی خولی نایابی عێراقی و کوردستان لە هەوڵی ڕازیکردنی دلێر حاتەمی گۆڵپارێزی پێشووی یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر بوون، بە ئامانجی یاریکردن لە ریزی یانەکانیان، بەڵام بەهۆی خانەوادەکەیەوە دلێر خولی پلە یەکی کوردستانی هەڵبژارد و سەرجەم گرێبەستەکانی دیکەی ڕەت کردەوە، لەم بارەشەوە دلێر حاتەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەوەی ڕاستی بێت گرێبەستم بۆ هاتبوو لە چەندین یانەیەکی خولی نایابی یانەکانی عێراقی و نایابی یانەکانی کوردستانیش، بەڵام بە هۆکاری خێزانییەوە نەمتوانی گرێبەست لەگەڵ ئەو یانانە مۆر بکەم و، ڕووم کردە ریزی یانەی برادۆست و بۆ خولی پلەیەکی کوردستان بەرگری لە تۆڕی ئەو یانەیە دەکەم»، دلێر گوتیشی: «دەمەوێت ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی برادۆست ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و یانەی برادۆست سەربخەین بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، لەگەڵ یانەکەش زۆر ئاسودەم، بۆیە گرێبەستم لەگەڵیان کردووە، یانەی برادۆستیش یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی شاری کەرکوك، هەموو هەوڵێك لەگەڵ ئەو یانەیە دەدەم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شایستە تۆڕی گۆڵی یانەکە بپارێزم و خزمەتی ئەو یانەیە بکەم، ئەمساڵیش یانەکە چەندین گرێبەستی گرنگی ئەنجام داوە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکەدا».



# خورشت پاش خۆشووشتن


خورشت پاش خۆشووشتن، یان پاش وەرگرتنی دووشی گەرم حاڵەتێکی باوە، هۆکارە هاندەرەکانی بریتین لە: وشکبوونی پێست کە باوترین هۆکارە لە پاڵ گرفتەکە، زیادشووشتنی پێست بە ئاوی گەرم و سابون، کە چەورییە سرووشتییەکانی پێست رادەماڵێت و دەبێتە ئەگەری وشکبوونی پێست و خورشت، لەوانەشە کە ببێتە هۆی قڵیشانی پێست و خوێنبەربوون، بەکارهێنانی لیفکەی دڕ و زیاد خۆشووشتن، ئەکزیما، کە خودی خۆی هۆکارە بۆ وشکبوون و خورشتی پێست، هەروەها زیانی لابەلای بەکارهێنانی ئاوێتەی پاککردنەوە، لەوکاتەی کە گەلێك کەس لەکاتی وەرگرتنی دووشدا پاککەرەوەی بۆندار و ئاوێتەی تایبەتی قژ و سابونی بەهێز بەکاردێنن، کە لەوانەیە ببنە ئەگەری خورشتی پێست و نیشانەی دیکە، بەم حاڵەتەش دەگوترێت هەستەوەری، یان هەوکردنی بەرکەوتن Contact dermatitis.

خۆپاراستن و چارەسەر: وەرگرتنی دووشی سارد و ماوەکورت، واباشترە کە رۆژانە تەنیا یەك جار دووش وەربگیرێت، مامەڵەی نەرم لەگەڵ پێستدا وماڵینی بە شێنەیی، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئیسفەنج، یان لیفکەی دڕ، بەکارهێنانی سابون و پاککەرەوەی سووك کە بۆن و رەنگ لەخۆ ناگرن، وشککردنەوەی پێست بە شێنەیی و بە خاولیی نەرم، ئینجا بەکارهێنانی مەرهەم، یان ئاوێتەیەکی شێدارکەرەوە کە بۆن و بۆیە لەخۆ نەگرێت، بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوەی هەوای ژوور Humidifier لە وەرزی زستاندا، چونکە شێداریی هەوا کەم دەبێتەوە و هاندەرە بۆ وشکبوونی پێست.

# کەمخەوی هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە!



نووستنی شەوانە بۆ ماوەی ٧-٩ کاتژمێر هەرگیز مانای تەمەڵی ناگەیەنێت، بەڵکو دابینکردنی پێویستییەکی گرنگیی رۆژانەی لەشە، پێویستە کە ئاستی گرنگیدان بە خەو هیچی لە گرنگیی خۆراك کەمتر نەبێت. ئایا دەزانی کە کەم نووستن Sleep deprivation ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات؟ ئەمە زانراوە کە کەمخەوی پەیوەندی بە گرفتی تەندروستیی دیکەیشەوە هەیە وەکو: کەمبوونەوەی تەرکیز، هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج، لەگەڵ چەند گرفتێکی دیکە، بەڵام لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا هاتووە کە کەمخەوی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە بەرزدەکاتەوە، بۆنموونە خەوزڕان، کوالێتیی خراپی خەو، یان هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا هەموویان پەیوەندییان بە زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی شەکرە هەیە. کەمخەوی یان نووستن بۆ ماوەی کەمتر لە شەش کاتژمێر شەوانە، دەبێتە ئەگەری گۆڕان لە میتابۆلیزمی لەشدا بە شێوەی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و پەیدابوونی بەرگری دژ بە هۆرمۆنی ئینسولین، کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات. کەمخەوی هۆکارە بۆ شەکەتیی مێشك زیاتر لە هیلاکیی جەستەیی، ئەمەش هاندەرێکی ترە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی شەکرە، کە لەگەڵ تێکچوونی زیاتری خەو دەبێتە ئەڵقەیەکی نەپچڕاو، تا ئەو کاتەی کە خەوێکی دروست دێتە ئاراوە.



# ڤاکسینی ئەنفلوەنزا ئەگەری نۆرەی دڵ کەم دەکاتەوە



ئەوە روونە کە وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا Flu shot هەموو نیشانەکان و ئاڵۆزییەکان سووك دەکات لەکاتی تووشبوون بە ئەنفلوەنزای وەرزی. تووشبوون بە ئەنفلوەنزا ئەگەری مردن بە نۆرەی دڵ تا دوو هێندە زیاد دەکات، بەتایبەتی لەو کەسانەی کە نەخۆشییان لە کۆئەندامی دڵ و سووڕاندا هەیە، ئەنفلوەنزا فشار دەخاتە سەر دڵ و سیستمی بۆڕییەکانی خوێن لە رێگەی بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن Inflammation وەکو کاردانەوەی لەش بەرانبەر بە ڤایرۆسی ئەنفلوەنزا، هەروەها ئەگەری ئاڵۆزی وەکو هەوکردنی شانەی سییەکان و پەککەوتنی کۆئەندامی هەناسە زیاد دەکات، کە نیشانەکانی هەر نەخۆشییەکی دڵ سەختتر دەکەن، بۆنموونە پەککەوتنی دڵ و نارێکیی لێدانەکانی دڵ. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلوەنزا لە کەسانی ئاساییدا ئەگەری تووشبوون بە گرفتەکانی کۆئەندامی دڵ وسووڕان تا رێژەی ٥٪ کەم دەکاتەوە لەکاتی تووشبوونیان بە ئەنفلوەنزای وەرزی، هەروەها ئەگەری تووشبوون و مردن بە نۆرەی دڵ تا رێژەی ٥٠٪ کەم دەکاتەوە لەو کەسانەی کە نەخۆشیی دڵیان هەیە و دوچاری ئەنفلوەنزای وەرزی دەبن. ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەگەری ئاڵۆزییەکان لە نەخۆشانی دڵ پاش یەك هەفتە لە تووشبوون بە ئەنفلوەنزای وەرزی، بەتایبەتی نۆرەی دڵ و مردن تا شەش هێندە زیاد دەبێت.



# سوود و زیانەکانی باڵۆنی گەدە بۆ دابەزاندنی کێش

جێگیرکردنی باڵۆن لە گەدەدا Intragastric balloon هەنگاوێکە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، هەندێکیان بە ڕێگەی پێنۆڕی گەدە و هەندێکیشیان بە ڕێگەی قووتدان، ئینجا پڕکردنیان بە گیراوەی خوێ لە ناو گەدەدا جێگیر دەکرێن. باڵۆنەکە لە ماددەی سیلۆکۆنی نەرم و لووس دروستکراوە و قەبارەیەك لە ناو گەدەدا داگیردەکات بۆ ئەوەی کە بڕێکی کەمتری خۆراك بگرێت، دەرەنجام دەبێتە هۆی زوو هەستکردن بە پڕبوونی گەدە، واتە زوو تێربوون، ئینجا بە تێپەڕبوونی کات کێشی لەش بە خێرایی دادەبەزێت. بێگومان دانانی باڵۆنی گەدە تەنیا بۆ هەندێك حاڵەتی قەڵەوی گونجاوە، وەکو: قەڵەوی کە تێکڕای بارستایی لەش BMI لە نیوان ٣٠-٤٠ کگم/ م٢ بێت و هیچ نەشتەرگەرییەك بۆ سوورێنچك، یان بۆ گەدە ئەنجام نەدرابێت، هەروەها کەسێکی قەڵەو کە سوودی لە بەرنامەیەکی دروستی ڕیجیم و مەشقی وەرزشی وەرنەگرتبێت.

زیان و مەترسییەکانی باڵۆنی گەدە وەك: ئازاری سك و ڕشانەوە، کە بۆ چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت، کشانی گەدە، برینداربوونی ناوپۆشی گەدە، پووکانەوە، یان بەتاڵبوونەوەی باڵۆن و دەرچوون لە گەدە بەرەو ڕیخۆڵە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی گیرانی دەرچەی گەدە، یان گیرانی ڕیخۆڵە، کولبوونی گەدە، کونبوونی گەدە، هەوکردنی پەنکریاس، هەوکردنی سوورێنچك، هەوکردنی کیسی زەرداو، کۆبوونەوەی چەوریی زیاد لە جگەردا Steatohepatitis، هەروەها کەمبوونەوەی پۆتاسیۆم لە خوێندا.

# راستیی چەورییە تێرەکان

چەورییە تێرەکان Saturated fats لە لایەنی کیمیاییەوە، ترشە چەوری تاك بۆندن، ناتەندروستن چونکە مامەڵەی جگەر لەگەڵ کۆلیستیرۆلدا دەگۆڕن بە ئاراستەی بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلستیرۆلی خراپ LDL لە خوێندا، ئەمەش ئەگەری نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان و جەلتەی مێشك بە توندی بەرزدەکاتەوە. خۆراکە دەوڵەمەندەکان بەچەورییە تێرەکان: کەرە، کرێم و زەیتی گوێزی هیندی، زەیتی خورما، کێك و بسکویتەکان، گۆشتی سوور، سۆوسەج، شیر وپەنیر، هەویرکارییەکان، بێرگەر، کەباب. لێکۆڵینەوە نوێیەکان جەخت دەکەنەوە کە زیاد خواردنی چەورییە تێرەکان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ تا ریژەی ١٨٪ بەرزدەکاتەوە. کۆمەڵەی ئەمەریکیی نەخۆشییەکانی دڵ AHA ڕێنمایی دەکات بە سنووردارکردنی چەند خۆراکێك کە چەند ترشە چەورییەکی تێر لەخۆدەگرن کە مەترسییان لە جۆرەکانی تری ترشە چەورییە تێرەکان زیاترە، بۆنموونە: کەرە، پەنیر، گۆشتی سوور و خۆراکی تری ئاژەڵی، لەگەڵ زەیتی گوێزی هیندی کە چەورییە تێرەکان بە ڕێژەی ٩٢٪ لەخۆدەگرێت، زەیتی خورما کە چەورییە تێرەکان بە ڕێژەی ٥٠٪ لەخۆدەگرێت، هەروەها زەیتی ناوکی خورما Palm kernel oil کە چەورییە تێرەکان بە ڕێژەی ٨٢٪ لەخۆدەگرێت. بە مانایەکی تر، سنووردارکردنی بڕی چەورییە تێرەکان لە خۆراکی ڕۆژانەدا بۆ کەمتر لە ٦٪ یان تەنیا ١١-١٣ گرام.



# هۆکارەکانی هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج

هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج Mood swings بریتییە لە گۆڕانی کتوپڕی باری دەروونی، بۆنموونە گۆڕان لە هەستکردن بە دڵخۆشی بۆ حاڵەتی بێزاری، یان نارەحەتی و تووڕەبوون، هۆکارەکان بریتین لە: گرفتیی دەروونی دووجەمسەرە Bipo-lar disorder کە زیاتر دەبێتە ئەگەری دابەزینی مەزاج لەگەڵ کەمخەوی، کە هۆکارە بۆ هەستکردن بە نائارامی و خەمۆکی، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، کە زیاتر لە نەخۆشانی شەکرە و لە ئەنجامی برسیبووندا روو دەدات، هۆکارە بۆ شێوان و تووڕەبوون و هەستکردن بە نارەحەتی، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، بەتایبەتی ستیرۆیدەکان Steroids و هۆرمۆنەکان، دووگیانی کە هۆکارە بۆ گۆڕانی ڕۆژانەی مەزاج، بەتایبەتی خەمۆکی، گرژیی پێش سووڕی مانگانە PMS، وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانە Menopause، گرفتی زیادبوونی چالاکی و کەمبوونەوەی سەرنج ADHD کە هاوکاتە لەگەڵ زوو تووڕەبوون و خەمۆکی، گرفتەکانی گلاندی دەرەقی لە زیاد دەردان، یان کەم دەردانی هۆرمۆنەکانی، ماددەی کافائین کە لە قاوە و شوکۆلاتە و شلەمەنییە وزەبەخشەکاندا هەیە، زیاد خواردنی شەکر و شیرینی، خەمۆکی، هەروەها سترێسی درێژخایەن.





# پێشانگای ســ

**هەموو ساڵێك لە مانگی ٩دا پێشانگای ساڵانەی تەكنەلۆژیای سەردەم لە ئەڵمانیا كە بە IFA ناسراوە دەكرێتەوە. ئەمساڵیش لە رۆژی هەینی ٢ی سێپتەمبەردا كرایەوە و هەتا ٦ی سپتەمبەر بەردەوام بوو.**
**مێژووی پێشانگاكە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٤ لەو ساڵەوە هەتا ١٩٣٩ هەموو ساڵێك جارێك دەكرایەوە، بەڵام دواتر بەهۆی شەڕی یەكەمی جیهانی گرفتی تێكەوت. لە ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێكردەوە ئەمجارەیان**



## تەبلێتێكی پتەو و بەهێز لە سامسۆنگەوە

لە پێشانگای ساڵانەی IFA دا كۆمپانیای سامسۆنگ جگە لە ناساندن و خستنەڕووی مۆبایلی جۆری A04s، تەبلێتێكی بەهێزیشی بەناوی (Galaxy Tab Active4 Pro) خستەڕوو. كە باترییەكی ٧٦٠٠ میلی ئەمپێری لەسەرە و دەشگۆدرێت.

تەبلێتی ناوبراو بۆ ئەو كەسانە بەرهەم هاتووە كە لە هەلومەرجی دژواردا كار دەكەن، وەك ئەندازیارانی رێگاوبان و بیناسازی، یا ئەوانەی لەكاروباری سەربازیدان. چونكە تەبلێتەكە زۆر بەهێز دروستكراوە و بەرگەی هەموو جۆرە كەش و هەوا و بەربوونەوە و بەركەوتنێك دەگرێت. بەكەوتنە ناو ئاویش كێشەیەكی بۆ نایەتە پێش. كێشی تەبلێتەكە ٨٣٣ گرامە. هەروەها بەشێكی هەستیاری تێدایە بۆ ئەوانەی نایانەوێ دەستەوانەكانیان لەكاتی كاركردن بە تەبلێتەكە دەربێنن. سپیكەرەكانی دەنگیان زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی ئەوانەی بەكاری دێنن و لە شوێنی قەرەباڵغیدان كێشەیان نەبیستنیان نەبێت. سیستەمی ئەندرۆیدی ١٢یە.

## ڤێرژنی نوێی كاتژمێری زیرەكی گارمێن

كۆمپانیای گارمین یەكێكە لە كۆمپانیا ناسراوەكانی بواری تەكنەلۆژیای سەردەم بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی كاتژمێری هۆشمەندا لە ریزی یەكەمەكان دێت.

گارمێن لە پێشانگای ساڵانەی IFAدا نەوەی نوێی كاتژمێرەكەی خۆی خستەڕوو كە بە كاتژمێری جۆری Venu Sq 2 ناسراوە. كاتژمێرەكە بە بەراورد بە نەوەی پێش خۆی جیاوازییەكی زۆری هەیە، شاشەكەی لە جۆری OLEDیە تۆزێك گەورترە و قەوارەكەی ١,٤ ئینجە. لەتایبەتمەندی جۆری Health Snapshot سوود وەردگرێ، تایبەتمەندییەكە وا دەكات لە هەر دوو خولەكدا، لێدانی دڵ، گۆڕانگاری لە لێدانی دڵ، رێژەی ئۆكسجین، هەناسەدان و سترێس و دڵەراوكێ تۆمار بكات.

گرنگترین بەشی گۆڕانكاری لە باترییەكەی دایە، لە مۆدێلی پێشووتر دا بە هەر شەش رۆژ جارێك دەبا شەحن كرابایەوە، بەڵام لە مۆدێلە نوێیەكەدا نزیك دوو بەرابەر بووە واتە بە هەر ١١ رۆژ جارێك شەحن دەكرێتەوە. ٢٥ ئەپی تایبەت بە دۆزینەوەی شوێن، پرۆگرامەكانی وەرزشی، راهێنانی دڵ، یۆگا و پیلاتسی لەسەر داندراوە. بەكارهێنەر دەتوانێت راهێنانەكانی خۆی لە نێوان ١٦٠٠ نموونەی ئامادەكراو هەڵبژێرێت.



# ساڵانەی IFA

سالانە دوو جار دەكرايەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٥. لەو ڕێكەوتە جارێكی دیكە وەك پێشووی لێهاتووە و بووە بە ساڵانە یەكجار.

لە ساڵی ١٩٣٠دا زانا و بلیمەتی جیهانی ئەلبێرت ئەنیشتەین لەو پێشانگایەدا بەشداری كرد. لە IT ئەمجارەدا چەند بژاردەیەكی تەكنەلۆژیای سەردەم كە لە پێشانگادا نمایش كران دەخەینەڕوو.



## گۆڕانكارییەكی نوێ لە تەلەڤزیۆندا

لە ماوەی ساڵانەی دوو هەزارەوە تاكو ئێستا تەلەڤزیۆن گۆڕانكاریی زۆری بەخۆوە دیوە، لە پلاسما و LCD و LED و OLED و بگرە تا دەگاتە تەلەڤزیۆنی سێ ڕەهەندی 3D و تەلەڤزیۆنی چەماوە و نووشتاوە و لەیزەری و داتاشۆیی و...تاد.

تەلەڤزیۆنە چەماوەكان گرنگی زۆریان پێدرا و شوێنی تەلەڤزیۆنە ئاساییەكانیان گرتەوە، چونكە یەكەم گۆڕانكاری بوو لە دیزاینی تەلەڤزیۆندا.
كۆمپانیای LG لە پێشانگای ساڵانەی IFAدا تەلەڤزیۆنی جۆری OLED Flex بەرهەم هێناوە كە بەكارهێنەر بە ویستی خۆی دەیچەمێنێتەوە، دەكرێت وەك تەلەڤزیۆنێكی ئاسایی تەخت بێت و دەكرێت بەویستی خۆت بیچەمێنیەوە. شایانی ئاماژە پێدانە جگە لەو تەلەڤزیۆنە مۆنیتۆرێكی تایبەتیش بەناوی Xeneon flex لەلایەن LG بەرهەمهاتووە كە ئەویش دەچەمێتەوە. چەماندوەكە بە ریمۆت كۆنترۆڵ دەكرێت.

تیڤیەكە 4Kیە و خێرایە. دەكرێت سایزەكەی لە ٤٢ ئینجیەوە بگۆڕی بۆ ٢٧ و ٣٢ ئینجی. ئاپی تایبەت بەگەیمی ناوخۆی تێدایە، دەكرێت لەیەك كاتدا بكرێت بە دوو شاشەی جیاواز و لە هەر شاشەیەك دیمەنێكی جیاواز نیشان بدا.




## لینۆڤۆ لاپتۆپە چەماوەكەی خستەڕوو

لە پێشانگای ساڵانەی IFAدا لینۆڤۆ نەوەی دووەمی لاپتۆپی چەماوەی خۆی واتە ThinkPad X1 Fold 2022 خستەڕوو. لاپتۆپێك كە گۆڕانكارییەك نوێی لە جیهانی تەكنەلۆژیادا كردووە.

بەشێك لە تایبەتمەندییەكانی لاپتۆپەكە ئەمانەن: شاشەكەی ١٦,٣ ئینجە. دەچەمێتەوە. لە جۆری OLEDیە و ڕووناكی و بریقەدارییەكەی ٢٥٦٠ لە ٢٠٢٤ پیكسلدایە. لە سیستەمی dolby vision پشتیوانی دەكا. نەوەی یەكەمی لاپتۆپەكە شاشەكە ١٣ ئینج بوو، بۆیە لە هەموو بوارێكدا لەگەڵ نەوەی پێشووی جیاوازییەكی زۆری هەیە.

لاپتۆپەكە بە سێ شێوە سوودی لێوەدەگیرێ. وەك مۆنیتۆرێكی كراوە واتە دەبێتە كۆمپیوتەری دیسكتۆپ كە خۆی ستاندێكی تایبەتی لەگەڵدایە و ماوس و كیبۆردی بۆ دادەنرێ. وەك لاپتۆپێكی ئاسایی و ١٢ ئینجی ئەوكات بەشێكی دەچەمێتەوە و دەبێتە كیبۆرد. هەروەها دەكرێت وەك تەبلێتێكی گەورەش سوودی لێوەربگیردرێت. سیستەمی Core i5 و core i7 ی لەسەرە. سیستەمی گرافیكی لەناوخۆیدایە و رامەكەی ٣٢ گیگابایتە و میمۆری و داتاگەی یەك ترابایتە. كێشی لاپتۆپەكە كیلۆیەك و ٢٨ گرامە.




# ئامێری کەمکردنەوەی ئازاری پێوەدان

لە وەرزە گەرمەکانی ساڵدا بوونەوەرە مێرووەکان وەك «مێش، مێشوولە، هەنگ، زەرگەتە...تاد» زۆر دەبن. هەندێکیان ژەهریان هەیە و پێوەدەدەن و هەندێکیان تەنیا دەگەزن، هەموویان ئازاریان هەیەو شوێنی گەستن و پێوەدانیان سوور هەڵدەگەڕێ، کرێم و دەرمانی تایبەت هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئازار. بەڵام ئامێری BR 10 Insect Bite Healer گرنگیی تایبەتی هەیە، چونکە هیچ پێکهاتەیەکی کیمیایی نییە و تەنیا بەهۆی تیشکەوە ئازارەکە کەم دەکاتەوە و پاشماوەکەی ناهێڵێت. بەهۆی تیشکی و گەرمییە وا دەکات کە پرۆتئینی دەوروبەری پێوەدانەکە لەلای یەك کۆبێتەوە. ئەمەش وەرەم و ئازار و خوران کەم دەکاتەوە. ئامێرێکە بچووکە لە ماوەی کەمتر لە شەش چرکەدا ئازارەکە کەم دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێك دەكات كە پرسیاری زۆر خوێنەری دیكەشە. پرسیارەكە ئاوایە، چۆن دەكرێت لەسەر مۆبایلەكەم كە دوو سیمكارتی لەسەرە دوو مەسنجەر، دوو فەیسبوك و دوو واتساپ دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز لە مۆبایلە نوێیەکاندا واتە لەوانەی (ئەندرۆید بەسەرەوەی لەسەرە، بە ئاسانی دەکرێ، لە بەشی ڕێکخستن (sitting) دا بە دوای وشەی dual app بگەڕێ، دوای ئەوە، ئەو ئاپانەی دەردەکەون کە دەبن بە دوو ئاپ. جگە لەوەش هەر گوگل پلەیدا بنووسە dual app ئەو پرۆگرامە دابەزێنە هەر ئاپ یا هەر شتێکی دیکە نیازت هەیە ببن بە دوو ئاپ بەو پرۆگرامە بە ئاسانی دەکرێت.

# پرۆگرامێک بۆ نەخشەسازیی بۆکس و کەڤەر

بۆ دروستکردن و دیزاینی بۆکس و کەڤەر پێویستی بە پرۆگرامێکی تایبەتی هەیە، هەرچەند بە پرۆگرامە گرافیکیەکانیش ئەم کارە ئەنجام دەدرێ، بەڵام پرۆگرامی تایبەت جیاوازییەکی زۆری هەیە.




گەلێك پرۆگرام هەن لەو بوارەدا، یەكێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Insofta Cover Commanderیە. پرۆگرامێك تەنیا بە داگرتنی چەند كلیكێكی سادە دیزاینی بۆكس و كەڤەری زۆر سەرنج ڕاكێش دەكا. زۆربەی شوێنە بازرگانییەكان پێویستیان بە پرۆگرامی هاوشێوەی Insofta Cover Commanderیە. بەبێ ئەوەی زانیارییەكی ئەوتۆت لە بواری دیزایندا دەبێ، دەكرێت بۆكسی زۆر سەرنج ڕاكێش بەرهەم دروست بكەی. زیاتر لە ١٥ دیزاینی جۆراوجۆر لە بۆكسی تێدایە، پرۆگرامەكە بزنس كارتیش دیزاین دەكات.



# چاویلکەیەکی زیرەک دەبێتە شاشەی کۆمپیوتەر

گەر حەزدەکەی بە ڕێگادا بڕۆی و یان لەگەشت و گەران بی و سەرێك لە ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێت بدەی و چاوێك بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا بخشێنی! ئەوە چاویلکەی زیرەکی لینۆڤۆ واتە Lenovo Glasses T1 کە لە پێشانگای ساڵانەی IFAدا خرایەڕوو، بەکار بێنە. چاویلکەیەك كە دەبێتە شاشە بۆ كۆمپیوتەر و مۆبایل و هەر ئامێرێك كە پۆرتی USBی لەسەر بێت.

شێوازی چاویلکەکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو چاویلکانەی بۆ پاراستنی چاو لە تیشکی خۆر سوودیان لێوەردەگیردرێت. شاشەی چاویلکەکە لە جۆری OLEDیە. سیستەمێکی تێدایە کە ئەگەر زۆریش لە چاوت نزیك بێت کێشەی تەندروستی بۆ چاوت نەهێنێتە پێش.



## ماڵپەڕێک بۆ فێربوونی پیانۆ

گەلێك ماڵپەڕ هەن بۆ فێرکردنی ئامێرەكانی مۆسیقا، بەتایبەتی پیانۆ. ماڵپەڕی pianolessons.com بە یەكێك لە ماڵپەڕە سەركەوتووەكانی ئەو بوارە دادەنرێت. كە لەلایەن مامۆستایانی بەرزی فێركاری پیانۆوە سەرپەرشتی دەكرێت.

ماڵپەڕەكە پێكهاتووە لە چەندین وتاری تایبەت بە فێركاری ئامێری پیانۆ و هەروەها ئەو ڤیدیۆیانەی لە یوتیوب تایبەت بەم بوارە داندراون، بە خوێندنەوەی وتار ڕێنماییەكانی تایبەت بە فێربوونی پیانۆ وگوێگرتن و چاولێكردن لە ڤیدیۆكان فێرخواز دەتوانێ سوودی زۆری لێببینێ. لەو ماڵپەڕەدا بنەما سەرەكییەكانی فێربوونی پیانۆ بە باشی شی دەكرێتەوە و تەنانەت فێركاری لایڤی بێ بەرامبەریشی تێدایە.

## پشیلە ڕۆبۆتەکە گوێ لە خاوەنەکەی دەگرێت

زۆر كەس حەزیان لە ڕاگرتنی گیانداری ماڵییە وەك سەگ و پشیلە، بەڵام بەهۆی هەستیاریان بە تووكی ئەو گیاندارانە یان بە هەر هۆیەكی دیكە ناتوانن گیاندارەكە ڕابگرن، بۆیە تەكنەلۆژیای سەردەم چارەسەری ئەوەشی كردووە. پشیلەی ڕۆبۆتی جۆری Maicat كە لە پێشانگای ساڵانەی IFAدا خرایەڕوو. پشیلەكە وەك پشیلەیەكی جوانی ماڵی دەچێت، زیت و وریا، نیشاندانی هەموو جۆرە هەست و سۆزێك بۆ خاوەنەكەی. كامێرا و مایكی تێدایە و بەهۆی هەستەوەرە جۆراوجۆرەكان بە باشی لەگەڵ شوێنە نوێیەكەی ڕادێ و شوێنەكان پێ دەزانێتەوە. ناسینەوەی ڕووخسارەكان و وەڵامدانەوەی بەكارهێنەرەكەی. وەك كامێرای چاودێری، ئەگەر شتێكی نامۆی هەست پێكرد خاوەنەكەی ئاگادار دەكاتەوە. لەكاتی خۆیدا خۆی شەحن دەكاتەوە. لەكاتی پێویستیشدا پشوو دەدات.



## وادەی پۆشینی خشڵی سەرەکی و یەدەگە





خشڵەکانی جوانکاری بە گشتی بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلین دەکرێن، یەکەمیان: ئێکسسواری سەرەکییە، کە بە پێی پێویستییە، واتە ئەوانەی کە پێویستە لەگەڵ جلوبەرگ و ماکیاژ یەك بخرێن و شیك دەکرێن، ئەو جۆرە ئێکسسوارە بە سەرەکی دادەنرێن و پێویستە لەبەرت بێت، ئەگەر خۆت لەو جۆرە ئێکسسوارە بێبەش بکەیت، جوانیت دەشێوێت و نەقسێك لە شێوە و مۆدەکەتدا بەدی دەکرێت، وەك: گوارە، ملوانکە، بازن، ئەڵقە. جۆری دووەم: ئێکسسواری لاوەکی، واتە تەنیا بۆ گونجاندنە، کە تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و جوانیی زیاتر دەپۆشرێت، واتە ئەگەر لەبەریشیان نەکەیت، کاریگەری لەسەر جوانیت نابێت، وەك: دەسبەند، خشڵی بچووك بە گوارە، ئەنگوستیلە، پاوانە، ئێکسسوارە لاوەکاییەکان بۆ بۆنە و دەرچوون و گەشت دەپۆشرێن، لەرۆژانی ئاساییدا تەنیا ئێکسسوارە سەرەکییەکان بپۆشە. هەندێ لە ئێکسسوارەکان خۆیان لە نێوان هەردوو جۆردا دەدۆزنەوە، بۆ نموونە: گوارەی بازنەیی، ملوانکەی کورت، بازنی کوندار.

## مۆدەکانی جلی قوتابخانە و زانکۆ



دەوامی قوتابخانە و زانکۆکان هاتەوە، خانمانی قوتابی مامۆستا پێویستە بە جوانترین مۆدەوە خۆیان ئامادە بکەن، تا لە دەستپێکی دەوامەوە وەك شۆخێك دەربکەون، بە تایبەت ئەوانەی بەرچاون و وانە دەڵێنەوە، یان قوتابیی زانکۆ و پەیمانگەکانن، ئافرەتانی مامۆستا و وانە بێژ هەردەم لەبەرچاوانن و چاویان لەسەرە، بۆیە دەبێ شیکپۆش بن. وەك خانمێك بۆ کاتی دەوامیش کە زۆر هاتووچۆ دەکەیت و دەتەوێت جلەکەت بێزارکەر نەبێت، واچاکە جلی کراوە هەڵبژێریت و دوور بکەویتەوە لە جلی تەسك، گەر دەتەوێت جلەکەت کراوە بێت و خۆشت خولیای جلی تەسکی، دەتوانیت تاخمێك جلی Agnesی ڕەش بپۆشیت، کە جلێکی فراوانە و، بەڵام ڕەنگەکەی وا نیشان دەدات کە تەسك و بەدییە، جلەکە پێکهاتووە لە پانتۆڵی قوماش و درێژ لە ڕەنگی ڕەش، لەگەڵ بەدییەکی کورت لە ڕەنگی سپی شێوەی ملی V بێت. مۆدی جلی ئەلیساندرۆ ئەنریکیز، بریتییە لە بەدلەی درێژ و کراوە، کە هاوشێوەی عەزی وایە، تاوەکو سەر پێی، یان ژێر ئەژنۆ دەبێت، مۆدێکی ناسك و سەرنجڕاکێشە. مۆدی شی لۆڤس، she loves بریتییە لە پانتۆڵی قوماش لە ڕەنگەکانی شین و سپی درێژ، لەگەڵ قەمیسی درێژ و پانتۆڵی قاوەیی و جانتایەکی گەورە.




# کراسی بووکێنیی تەنک و ناسکی شاهانە هەڵبژێرە


لـە وەرزی گەرمـادا، جلـەکان تەنـك و ناسـکتر دەبـن، بەهـۆی گەرمـاوە زۆربـەی بەشـەکانی جەسـتە بـە دەرەوە دەبـن، وەك مـۆدی جلی کاتـی گەرمـا و هەروەهـا خۆپاراسـتن لـە ئارەقەکـردن و بێـزار بـوون بـە گەرمـا، جلـی بووکیـش هەمـان ڕێچکـەی بـۆ دادەنرێـت، بەهـۆی ئـەوەی لە ڕۆژی ئاهەنگ و زەماوەند و گواستنەوەدا، بووکە خان دوچاری نیگەرانی و ماندووبـوون دەبێتـەوە، بـەم چەشـنە پێویسـتی بـە جلێکـی کـراوە و ناسـك هەیـە، کـە سەرنجڕاکێشـی و ناسـکیی پێـوە دیـارە. مارکـەی ئیسـپۆزا Esposa مـۆدی مارچیسـای کراسی بووکـی لـە ڕەنگـی سـپی ئامـادە کـردووە، کـە بـە کریسـتاڵ و بـەرد و خشـڵە وردەکانـی سوراسۆفسـکی ڕازاوەتـەوە، گرنگـە بزانیـت چ کراسـێکی بووکێنـی نـاوازە هەڵبژێریـت، وەك: ئەگـەر شـانەکانت پانـە، پێویسـتە کراسـی قـۆڵ تەسـك لەبـەر بکەیـت، نکۆڵـی لـەوە ناکرێـت کـە کراسـی بـووك پێویسـتە درێـژ بێـت، لـە بەشـی دواوەی ئـەوەی پـێ دەگوترێـت پاشـوو، نابـێ لـە مەترێـك کەمتـر بێـت، کـە بەشـی دواوەی لەسەر زەوی بخشێت، ئەوکات وەك شازادەیەك دەردەکەویت، مارکەی Anne barge مۆدەکانـی جلـی بووکـی لـە شـێوەی جلـی شـاهانە ئامـادە کـردووە، کراسـێکی کـراوەی تـارا درێـژ هەڵبـژاردووە، کـە خانمێکـی شـاهانە دەردەکەویـت، بـە نەخشێکی ناسك و وردی زۆر لە بەشی پێشەوەی و کێشێکی کەم، کـە هەسـت ناکەیـت جلـت لەبـەرە، کـە ئـەوەش یەکێکـە لـە جلەکانـی ئیلـی سـەعبی لوبنانـی.



# لە ماسیی فرۆشتنەوە بۆ پەرلەمان

عەبدولستار لە دایکبووی ١٩٨٦ـە، لە سۆشیال میدیا و لە ناو خەڵك بە شێخی بادینان ناسراوە، دانیشتووی قەزای خەباتی سەر بە شاری هەولێرە، کەسێکی قسەخۆش و خوداناسە و، کەسێکی سۆشیالە و لەگەڵ زۆربەی خەڵك سەلام و کەلامی هەیە، ماوەیەك لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ناودار بوو و







## داپیرەی نمایشکاری جلوبەرگ

ئەو ئافرەتە ئەمریکییەیە، کە جگە لەوەی مامۆستای زانکۆیە، هەروەها ئێستا کاری نمایشکاری جلوبەرگیش دەکات، ئەو مامۆستایە ناوی (لین سلاتەر)ە، تەمەنی (٦٣) ساڵە و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی فۆردهام وەرگرتووە و هەر لەوێش وانە دەڵێتەوە، لەو تەمەنەوە حەزی بە کاری نمایشی جلوبەرگە، هەر بۆیە دەستی بەو کارە کردووە و ڕۆژانە دەیان وێنەی جۆراوجۆر بە جلی تازەوە دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە، ئەو خانمە وێڕای ئەوەی کەسانی دەوروبەری دژی ئەو کارەی بوون، کەچی بەردەوامە لە نمایشەکانی، ئێستا بووەتە نمایشکارێکی جلوبەرگ، وەك خۆی دەڵێت: «جگە لە کاری زانکۆم، ماوەیەکم بۆ ئەو کارەم داناوە، چونکە بە دڵمە و بوارێکی زیندووە، ئەگەرچی داپیرەشم، بەڵام لام ئاساییە ئەو کارە بکەم.

لەلای زۆربەی خەڵك بە قسە خۆشەكانی ناسرا، شوێنی ماسیبرژاندن و سووركردنەوەی هەیە، لە هەر ڤیدیۆیەكیدا بە ناوی پەروەردگاری عالەم ناسراوە، دەگوترێت هەمیشە پاڵپشتی هەژارانە و دەیەوێ یارمەتیی كەسانی كەمدەرامەت بدات، نرخی خواردن لای ئەو لە هەموو شوێنەكانی دیكە هەرزانترە تاوەكو كەسانی كەمدەرامەتیش بتوانن ماسی نۆش بكەن، وەك خۆی دەڵێت: «من تاكە كەس بووم كە ماسیم هەرزان كرد و بەهۆی ئەوەی پێگەیەكی جەماوەریم هەیە و خۆشم بە گەورە نازانم، خەڵك هەبووە نەبوون بووە و یارمەتیم داوە، خەڵك بە گشتی حەزی بە شتی هەرزانە، لە داهاتوودا پرۆژەم هەیە و دەمەوێ شتی باش بكەم، خۆشم هەڵدەبژێرم و هیوادارم بە دەنگی خەڵكیش بتوانین زیاتر خزمەت بكەین، لە شارە گەورەكانی كوردستان داوایان لێ كردووم كە چێشتخانەی تایبەت بە ماسی بكەمەوە بە نرخێكی گرانتر، بەڵام من ئەوە قبووڵ ناكەم و دەمەوێ یارمەتیی خەڵك بدەم.







# تەنوورەی پیاوان

ماوەیەكە لەلایەن خەڵكی بیانی و ناودارانەوە تەنوورە بە شێوەیەكی گشتی دەپۆشرێت، تەنانەت لە شوێنی گشتی و بۆنە و یادەكانیشدا بە ڕوونی و بە ئاشكرا دەیپۆشن، یەكێك لەوانەش براد پیتی ئەكتەری ئەمریكی و یاریزانی تۆپی سەبەتەی ئەمریكی ڕاسل وستبرۆك، كە لە نمایشی تۆم براوندا تەنوورەی لەبەر كردبوو، كە لە نمایشەكانی نیۆیۆك بەڕێوە چوو، تەنانەت لە ئەمریكا قاوەخانەیەك هەیە بە ناوی The skirt cafe لەلایەن كارل فریند سەرپەرشتی دەكرێت، ئەو قاوەخانەیە تەنیا بۆ ئەوانەیە كە تەنوورە دەپۆشن، چ ژن، یان پیاو، بۆیان هەیە بە تەنوورەوە بچنە نێو قاوەخانەكە، لە هەندێ وڵات وەك سكۆتلەندا و ئیرلەندا، تەنوورەپۆشین لە پێشوودا وەك مۆدێكی باوی پیاوان بوو، لەم چەند ساڵەی دواییەشدا لە بۆنە و مەراسیمە نەتەوەكانیاندا وەك ئافرەت تەنوورە دەپۆشن، لە وڵاتی ئەلبانیاش وەك جلێكی نیشتمانی دادەنرێت. گرووپی پیاوانی سارۆنگ ئەوانیش بەردەوام لە ئاهەنگ و گەشتە تایبەتەكانیان تەنوورەی سووری هێلدار دەپۆشن و شانازیشی پێوە دەكەن.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە گرانی و نەهامەتیی ژیانی خەڵك دەکات، کە ڕۆژانە گیانی مرۆڤ دەکێشێت و، لەلایەکی دیش دنیای مەجازی و تەکنۆلۆجیا چۆن ڕاوی ڕۆحی مرۆڤەکان دەکات.

## قەڵەوترین منداڵ



کێشی منداڵی ئاسایی نێوان (٢,٥ تا ٤) کیلۆکرام دەبێت، بەڵام ئەو دایکە کۆلۆمبییەی کاتێك منداڵەکەی خۆی بینی، هێندەی نەمابوو لە هۆش خۆی بچێت، جگە لەوەی لە ماوەی سکپڕیدا ئەوەندەی (١٠) ئافرەتی سکپڕ ئازاری چێشتبوو، ئەو منداڵە کچە، ناوی (گوانتێلا ڤاڵنتینا هێرناندێز)ـە، کێشی ئەو منداڵە کاتی لەدایکبوونی ١١ کیلۆگرام بوو، تەنانەت دوای (١٥) ڕۆژ لە دایکبوون و خواردنی بڕێکی زۆری شیر، کێشی گەیشتە (١٣) کیلۆگرام، بەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی لە قورسترین و قەڵەوترین منداڵی جیهاندا تۆمار کرد، ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە، تا ئێستا کێشی ئەو منداڵە لە زیادبووندایە و پزیشکانیش هیچ نەخۆشییەك لە جەستەیدا نادۆزنەوە.




## میوزیک

**خۆت بهەژێنە - Shake It**

یەکێکە لە تراکە بەناوبانگ و بەهێزەکانی مانگی ٨ی ئەمساڵ، کە لە لایەن سێ هونەرمەندەوە گوتراوە، کە (کاردی بی، داوگی بی، کای فلۆك)ـە، ئەو تراکە لە درێژەی گۆرانییەکانی شەیك ئیتی گشتییە، لە ئەلبوومی شەیك ئیت بڵاوکراوەتەوە و لە جۆری هیپ هۆپ ڕاپە.

## فیلم

## خۆشەویستی پێگەشتووان - Loving Adults



باس لە ژیانی دوو کەس دەکات، کە خۆشەویستن و دەیانەوێت ژیانێکی خۆش بژین، بەڵام دوای ئەوەی کوڕەکەیان تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێت، ئەوانیش بە چارەسەرکردنی منداڵەکەیانەوە خەریك دەبن و ژیانی خۆیان بیر دەچێت، فیلمەکە لە دانیمارك تۆمارکراوە و لە مانگی ٨ی ئەمساڵ کاری تەواو بووە، لە دەرهێنانی باربارا تۆپسی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥١ خولەکە، لە نووسینی لارس بجۆن هانسین، نواندنی (سوی ویکنیز، دار سەلیم، سۆنجا ریچتەر، کارۆلن هام، میکایل بریکجەر، لاس رانسی و میلۆ کامپانلی)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

خێزانەکەت زۆر پشتگیریی بڕیارەکانت دەکەن لە ڕووی پیشەییەوە، ئەمەش هۆکاردەبێت بۆئەوەی زیاتر پەیوەندییەکەتان لە یەکتر نزیك ببێتەوە، چانسی ئەوەت دەبێت خۆشەویست، یان هاوڕێی نوێ بناسیت و شێوازی ژیانت بگۆڕێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسانێك لە دەوروبەرتن کە بە ڕاستی دڵسۆز و خەمخۆری تۆن، هەوڵ بدە ئەو کەسانە لەدەست نەدەیت کە بەو شێوەیەن و گرنگیت پێ دەدەن، لە ڕووی سۆزدارییەوە شەرم مەکە لەوەی هەستەکانت دەرببڕیت، ڕەنگە بەرامبەرەکەشت هەمان هەستی هەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

زانیاری بە هاوپیشەکانت بدە و یارمەتییان بدە لە ئەرکەکانیاندا، ڕۆژێك دێت تۆش پێویستت بە یارمەتی ئەوان دەبێت، ئەو کاتە هیچ شتێکت لەدەست نادەیت جگە لە بەدەستهێنانی متمانە، لە ڕووی سۆزدارییەوە متمانەت بە خۆشەویستەکەت هەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

چانسێکی زۆر هەیە بۆئەوەی خەونەکانت بەدی بێن لە ڕوی پیشەییەوە، متمانەت بە خۆت هەبێت، هیچ دەرفەتێك لە ئێستا باشتر نابێت، وزە و توانایەکی زۆرت هەیە، سوپاسگوزار بە بۆ هەر شتێك کە بەدەستی دەهێنیت لە ژیانتدا و، هیچ کات بێمنەت مەبە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە بۆئەوەی پێداچوونەوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتدا بکەیت و، ئەو کەسانە لە خۆت دوور بخەیتەوە کە هەست دەکەیت کاریگەری نەرێنیان لەسەر ژیانت هەیە، لە ڕووی پیشەییەوە هەنگاو پەلە مەنێ، دەنا چانسی بەرەوپێش چوونت کەم دەبێتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، ئەوا لەگەڵ گرووپ کاربکە و هاوکاریی کەسانی دیکە بکە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەندێك کێشەی خێزانیت هەیە، بەڵام هەوڵ بدە کێشەکانت بەلاوە بنێیت و زیاتر سەرنجت لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی ژیانت بێت.

بۆ زانیاریت

## ئایا فڕۆکەوان دەخەوێت؟




وەڵامەکە بەڵێ، لە چوارچێوەی مەرج و ڕێساکاندا، فڕۆکەوانەکە ڕێگەی پێ دەدرێت بخەوێت ئەگەر گەشتەکە لە نۆ کاتژمێر زیاتر بێت، لە سەرەتاوە دەبێت لە یاسای سەلامەتیی کەشوهەوا تێبگەین، کە بریتییە لە دابەشکردنی ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە نێوان تیمی فڕۆکەکەدا دوای ١٠ خولەك دوای هەڵفڕین، یان دوای تێپەڕاندنی بەرزی ١٠ هەزار پێ، و کاتژمێرێك پێش نیشتنەوە کۆتایی دێت، ئەرکێك لە هەر فڕۆکەوانێکەوە دوای پشووەکە، دەبێت بۆ ماوەی دە خولەك بمێنێتەوە بۆ ئەوەی دوایین پێشهاتەکانی گەشتەکە ڕوون بکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر گەشتێك لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداوە بۆ فڕۆکەخانەی نیویۆرك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبێت، ئەوا گەشتەکە نزیکەی ١٢ کاتژمێری دەوێت، بۆیە تیمێك هەیە کە لانیکەم سێ فڕۆکەوان بێت، ئەرکی فڕۆکەوانی یەکەم تەنیا تایبەتە بە هەڵفڕین و نیشتنەوە، وە ناوی (PF)ە کە کورتکراوەی وشەکە فڕینی فڕۆکەوان هەندێك جار فڕۆکەوان کەمترین کاتژمێر ئەزموونی هەیە.



## پەند و وتە

سێ ویلیام ئۆسلەر یەکەم بارۆن لە شاری برادفۆرد لە ساڵی ١٨٤٩ لەکەنەدا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩١٩ کۆچی دوایی کرد، دەربارەی هونەری تێبینیکردن دەڵێت: «هیچ زیرەکی و بلیمەتییەك نییە، هێندەی هونەری تێبینیکردن قورستر بێت، بۆیە لەو بوارەدا هونەری تێبینی گرنگە.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا مرۆڤێك هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا بیدۆزیتەوە و شوێنەکەی دیاری بکەیت، بە وردی سەیری بەشی خوارەوەی وێنەکە بکە.

## یاسا



### بەرگری شەرعی

حاڵەتێك هەیە لە یاسادا ئەگەر کەسێك ئەو کارە بکات تاوان نییەو سزا نادرێت، واتە بەرپرسیار نابێت، ئەویش ناوی بەرگریی ڕەوایە (دفاع شرعیە)، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك هات و هێرشی کردە سەرت، دەتوانیت پارێزگاری لە خۆت بکەیت بەقەت ئەو هێرشەی کراوەتە سەرت، واتا: ئەگەر هاتوو بە چەقۆیەك هێرش کرایە سەرت، بۆت نییە بە چەکەوە بەرپەرچی هێرشەکە بدەیتەوە، ئەگەر ویسترا لێت بدرێت بەبێ بەکارهێنانی هیچ ئامرازێك، تۆ بۆت نییە چەقۆ بەکار بهێنیت، ئەگەر نا لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیار دەبێت، بەمانایەکی دی، ئەگەر بەپێی مەرجە یاساییەکان پارێزگاریت لە خۆت کرد بەرپرسیار نابیت، لە هەموو حاڵەتێکیشدا سەرەتا پێویستە هەوڵ بدەیت لایەنی تایبەت ئاگادار بکەیتەوە، ئەگەر نەت توانی، ئەوکاتە دەبێت پەنا ببەیتە بەر (دیفاع شەرعی )، وەك لە ناوەکەی دیارە دیفاع لە خۆت دەکەیت لە سنووری خۆیدا و یەکێکە لەو بارودۆخانەی کە دەبێتە هۆی نەمانی بەرپرسیارێتی سزایی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ژیانی سۆزداریتدا هەست بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەکەیت، هەوڵ مەدە بە ڕەفتارەکانت خۆشەویستەکەت لە خۆت نیگەران بکەیت، لە لایەنی پیشەییەوە پێویستت بەوەیە ئارام بگریت و هێمن بیت، هەڵچون کاریگەریی نەرێنی لەسەر پیشەکەت هەیە و ڕێگری دەکات لە بەرەوپێشچونت.




### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گوێ لە دڵت بگرە، هەمیشە زۆر لە خۆت مەکە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بیت کە کەسانی چواردەورت دەیانەوێت، ئاساییە ئەگەر بە ویستی خۆت بژیت، لە ژیانی تایبەتیتدا پاڵپشتی خێزانەکەت لەدەست مەدە، چونکە لە کاتە سەختەکان لەگەڵت دەمێننەوە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی سۆزدارییەوە بۆت دەردەکەوێت کە هەمو کات شتەکان بەو پلانە ناڕوات بەڕێوە کە خۆت داتناوە، ئەو کێشانەی ئەم ماوەیە تێی دەکەویت، کەمێك چارەسەرکردنیان قورس دیارە، بەڵام هەوڵ بدە چارەسەریان بکە، لە ڕووی پیشەییەوە یارمەتی کەسانی دیکە قبوڵ بکە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسێکی نەرمیت و خۆت لەگەڵ بارودۆخەکاندا دەگونجێنیت، هەروەها گۆڕانکارییەکان قبوڵ دەکەیت، ئەمەش سوود بە ژیانت دەگەیەنێت، لە ڕووی پیشەییەوە ئەرکی زۆر مەخەرە سەر شانت، دەنا توانای کۆنترۆڵکردنی کارەکانت لەدەست دەدەیت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەروی پیشەییەوە بەشێکی زۆر لە کار و پرۆژەکانت بە باشی دەڕۆن بەڕێوە، خۆت تووشی دڵەڕاوکێ مەکە ئەگەر خۆشەویستەکەت لێت توڕە و نیگەران بوو، باشترین هەوڵی خۆت بدە بۆئەوەی دڵی بەدەست بهێنیتەوە، هەندێك جاریش پێویستە قوربانی بدەیت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە ئەگەر هەست دەکەیت کارەکانت بە باشی ناڕۆن بەڕێوە، باشترین هەوڵی خۆت بخەرە گەڕ، ئەم ماوەیە زیاتر پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت تۆکمە بکەرەوە، چونکە پاڵپشتییەکانی ئەو وادەکات زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
September 12, 2022 Issue,No.1332

